RÛDAW
رووداو
ژمارە (567) دووشەممە 2019/8/26 - 4ی گەلاوێژ 2719 (750) دینار



# دوو بەرپرسی پۆلیس لە هەولێر لە گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن

**رووداو- هەولێر**

لە هەولێر دوو بەرپرسی پۆلیس لە چەند دۆسیەیەکی گەندەڵی وەک وەرگرتنی بەرتیل و راییکردنی مامەڵە بە نایاسایی، تێوەدەگلێن. وەزارەتی ناوخۆش لیژنەیەکی لەسەر پێکهێناون.

هەریەک لە رائید (س.ک. ئەحمەد)، بەڕێوەبەری پۆلیسی یەکێک لە قەزاکانی هەولێر و رائید (ش.س) بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی یەکێک لە ناحیەکانی هەولێر لە کارەکانیان دوورخرانەوە. بەپێی زانیارییەکان دوو بەرپرسەکەی پۆلیس بەهۆی گەندەڵی، لەوانەش وەرگرتنی بەرتیل و راییکردنی مامەڵەی نایاسایی بۆ خەڵکی سنووری کارکردنیان لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە و گواستراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی بەرگری شارستانی هەولێر.

بەگوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ لە دۆسیەکە ئاگادار دەکرێنەوە، فەرمانێک دەردەچێت و هەردوو بەرپرسەکەی پۆلیس دەستگیر دەکرێن. پاشان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکدەهێنرێ.

ئەو دوو بەرپرسە شایەتی نهێنییان لەسەر هەبووە و گەندەڵی و کارە نایاساییەکانیان رووبەڕوو کراوەتەوە.

لیوا بەختیار بابان، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە نووسینگەی وەزیری ناوخۆوە زانیاریمان بەدەستگەیشت کە ئەو بەرپرسانەی پۆلیس هەندێک کاری نایاساییان کردووە و بەرتیلیان وەرگرتووە". گوتیشی: "لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو دوو بەرپرسەی پۆلیس. وتەکانیان وەرگرتوون، دۆسیەکەشیان بۆ دەستەی دەستپاکی ناردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن".

4»



بکوژانی ئەحمەدی هەشت ساڵان:
که دڵنیابووینەوە مردووە، دەستدرێژیمان کردە سەری
13

تەیب جەبار بۆ (رووداو):
بە نابەدڵی پۆستی پارێزگاری کەرکووکم قبوڵ کرد
4

مەجید نیزامەدین گلی:
بۆچی رقیان لێمانە؟
19



# سێ شێواز بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی دەبرێتە نێو کۆنگرە

**رووداو- سلێمانی**

بەپێی قسەی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئەم هەفتەیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ جێگیرکردنی وادەی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی کۆدەبێتەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش دەڵێت سێ شێواز بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی دەبرێتە کۆنگرە.

دەبوو لە مانگی ئاداری 2013، یەکێتی چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، بەڵام لەبری کۆنگرە رۆژی 2013/10/10 پلینیۆمی بەست و دواتر رۆژی 2018/3/7 ی بۆ کۆنگرە دیاری کرد، بەڵام بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی، کۆنگرە نەکرا. ئەنجومەنی باڵای مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی، لە ماوەی رابردوو پێشنیازی کرد رۆژی 11/21ی ئەمساڵ کە بە رۆژی شەهیدانی یەکێتی ناسراوە، یەکێتی چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێت.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دڵنیایە لەوەی پێش کۆتایی 2019 کۆنگرە دەبەستن "ئەگەر لەسەر ئەمساڵیش پێکنەهاتین، بێگومان سەرەتای بەهاری 2020 کۆنگرە دەبەستین".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە دەڵێت: "سێ شێواز بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی زۆرترین قسەی لەبارەوە دەکرێت. بۆچوونێکیان لەگەڵ ئەوەیە فۆرمی سەرکردایەتی وەک ئێستا بمێنێتەوە و دوو جێگر و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندی بمێننەوە. بۆچوونێکی دیکە وای بە گونجاو دەزانێ سەرۆکێک بۆ یەکێتی دابنرێ و چەند جێگرێکی هەبێت و پێکەوە بڕیارە گرنگەکانی یەکێتی بدەن، بەڵام بۆچوونی سێیەم لەگەڵ ئەوەیە سەرۆک و دەستەی بەڕێوەبردن هەبێت، نەک جێگر، لەگەڵ دەستکاریکردنی شێوازی پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لە رووی ناو و ژمارەی ئەندامانەوە".

ئێستا یەکێتی بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە، بەرەیەک کە بەرەی کۆسرەت رەسوڵە داوا دەکات کە پێش کۆنگرە تەوافوق بکرێ، بەڵام بەرەی دووەم (ماڵباتی تاڵەبانی) دژی تەوافوقن.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، داوا دەکات کۆنگرەیەک ببەستن، دڵی دەنگدەر و ئەندامان و لایەنگران و کەسوکاری شەهیدانی حیزبەکەیان و خەڵکی کوردستان بە گشتی خۆشبکات. سەبارەت بە تەوافوقی پێش کۆنگرەش گوتی "کۆنگرەی تەوافوق و رێککەوتنی پێشوەختە خراپە و نابێت بەو شێوەیە بێت. ئەوانەش کە حەزیان لەو جۆرە کۆنگرەیەیە رەنگە لە داهاتووی خۆیان بترسن ".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی یەکێتی دەستیکەوتوون. هەردوو ئەگەرەکەی کۆنگرەی تەوافوق و بێ تەوافوق لەبەرچاوگیراون لە نێوان هەردوو باڵە سەرەکییەکەی کۆسرەت رەسوڵ و بافڵ تاڵەبانی.

3»

# لە هەولێر بۆڕیی نەوتی کوردستان کون دەکرێ

**رووداو — هەولێر**

لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆڕییەکی نەوت لەلایەن چەند کەسێکەوە کون دەکرێت. بە بۆڕی نەوتی خاوی نێو بۆڕییەکە دەگوازنەوە بۆ نێو بەنزینخانەیەک. ئاسایش چوار کەسی لەسەر ئەوە دەستگیر کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ئاشکرا بکرێت، بە (رووداو)ی راگەیاند: "بۆڕییەکی گواستنەوەی نەوت دەکەوێتە نزیک گوندی پیرداودی سەر بە ناحیەی شەمامک، بەنزینخانەیەکیش لە نزیک بۆڕیيە نەوتەکەیە. لە سەرەتای ئەم مانگە بۆڕییە نەوتەکەیان کون کردووە، بە بۆڕییەکی دیکە نەوتی خاوی نێو بۆڕییەکەیان گواستووەتەوە بۆ نێو بەنزینخانەکە و دواتر فرۆشتوویانە".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە "ئەو باندە ماوەی 10 بۆ 15 رۆژ ئەو کارەیان کردووە، بەڵام دواتر هەر لەلایەن ئەندامانی باندەکەوە زانیاری لەبارەی کونکردن و دزینی نەوتەکەی بە هێزە ئەمنییەکان دراوە. نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەریش ئاسایش دەستی بەسەر بەنزینخانەکەدا گرتووە، چوار کەسی نێو باندەکەی دەستگیرکردوون، 5 کەسی دیکەش بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون".

(رووداو) پەیوەندی بە ئاسایشی گشتییەوە کرد، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون هیچ زانیارییەک لەبارەی دۆسیەکە و دەستگیرکردنی ئەو باندە ئاشکرا بکەن. سەرچاوەیەک لەنێو ئاسایشی گشتی تەنیا ئەوەندەی گوت کە ئەو کەسانە بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون.

2»

# قەرزەکەی کوردستان خاڵی ناکۆکیی نێوان هەولێر و بەغدایە

**رووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت خاڵی ناکۆک لە نێوان رێککەوتنی هەولێر و بەغدا، قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستانن و دەڵێت رەنگە بەغدا رازی ببێ نیوەی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان بداتەوە.

جوتیار عادل، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "لیژنەکانمان لە کاری خۆیان بەردەوامن و بەپێی ئەو رەشنووسەی ئامادە دەکرێ، گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەکرێت. ئێمە ئامادەین بۆ سەردانی بەغدا و چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانین".

(رووداو) لە بەرپرسە ئاگادارەکانەوە زانیویەتی، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت گەرەنتی لە بەغداوە دەستبکەوێت لە بارەی چەند داواکارییەکەوە کە تایبەتن بە پرسی هەناردەکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت بۆ کۆمپانیای سۆمۆ، هێشتا بەغدا قسەیەکی دڵنیاکەرەوەی نییە لەوبارەیەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەرێمی کوردستان لاری نییە لە رادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوتەکە، بەڵام دەبێت بەغدا قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت کە لە ساڵانی قەیرانی دارایی بەهۆی بڕینی بودجەکەی هاتووەتە سەر شانی، چونکە تاوەکو ئێستا بەغدا بەڵێنی بژاردنی ئەو قەرزانەی نەداوە".

مانگی رابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت سەردانی بەغدایان کرد و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەری کێشەکان دەستپێکرد. شاندێکی بەغداش سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ ئەوەی ئێمە لە لیژنەکەمان لەگەڵ حکومەت قسەمان لەبارەیەوە کردووە و تێگەیشتووین، حکومەتی هەرێمی کوردستان "تاوەکو 20 رۆژی دیکە 250 هەزار بەرمیلەکە رادەستی بەغدا دەکات، بەڵام دەبێت رێککەوتنی نووسراو لە نێوان هەردوولا هەبێت بۆ ئەوەی پەرلەمانتارانی بەغدا لەکاتی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی 2020 ، کێشە و گرفت بۆ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دروستنەکەن".

سەرکۆ ئازاد، هەروەها دەڵێ حکومەتی عێراق داوای داتایەکی گشتی قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستانی کردووە "بەڵام تاوەکو ئێستا رازی نەبووە بە دانەوەی قەرزەکان، گوتووشیانە ئەوە قابیلی ئەوەیە لە گفتوگۆدا بمێنێتەوە، لەوانەیە لە کۆتاییدا بەغدا رازی ببێ نیوەی قەرزەکان بداتەوە و نیوەکەی دیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو نەوتە بیداتەوە کە بەدەستییەوە دەمێنێتەوە بۆ فرۆشتن".

3»

# پارێزگاری دهۆک و پێنج قائیمقام دەگۆڕدرێن

**رووداو- دهۆک**

وا بڕیارە ژمارەیەک گۆڕانکاری لە پۆستی پارێزگاری دهۆک و پێنج قایمقامی پارێزگاکە و زۆربەی بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا بکرێ.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانە بە (رووداو)ی گوت: "گۆڕانکاری لە پۆستی پارێزگاری دهۆک، پێنج قائیمقام و زۆربەی بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەشێک لە بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا دەکرێ. زۆربەی ئەو پۆستانەش یەکلایی کراونەتەوە کە گۆڕانکارییان تێدا دەکرێ".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، زانیاری زیاتری ئاشکرا کرد و گوتی: "لە کۆی حەوت قائیمقام تەنیا دوویان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە، لە کۆی 22 بەڕێوەبەری ناحیەش تەنیا دوویان لە پۆستەکانیان دەمێننەوە. بەشێک لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانیش دەگۆڕدرێن".

سەبارەت بە بەربژێری پۆستەکانیش، ئەو سەرچاوەیە گوتی: "هەر یەک لە حەمید عەلی، سەربەست لەزگین و عەلی تەتەر کاندیدن بۆ پۆستی پارێزگار، بەڵام ناوی قائیمقامەکان هێشتا دیار نییە".

ئیدریس هەرکی، ئەندامی لێژنەی ئەمنی لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک سەبارەت بەو گۆڕانکارییانە بە (رووداو)ی راگەیاند: "بڕیارە گۆڕانکاری گەورە لە پۆستەکانی سنووری پارێزگای دهۆک بکرێ، زۆربەی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەشێک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەگۆڕدرێن".

2»

تاراوگە 11

لە بەریتانیا چیرۆکی کوشتنی بەناز دەکرێتە دراما



راپۆرت 14

تەندروستیی هەولێر:
لە سلێمانی بەدەر لە رێنمایی گورچیلە بۆ ئوردنی و کوێتی دەچێنن

ئابووری 8

لە دوو ساڵی رابردوودا
بەرهەمی برنجی خۆماڵی 55% زیاد بووە



ژنان 12

ئافرەتێکی غانایی لە هەولێر ئەشکەنجە دەدرێ





## ئەوقاف سنوور بۆ بانگدان دادەنێت

**ڕووداو- سلێمانی**

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان، سنوور بۆ دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان دادەنێت، هاووڵاتیان ئاگاداردەکاتەوە لەوەی هەر مزگەوتێک بڵندگۆکەی بووە هۆی بێزارکردن، ئاگاداریان بکاتەوە. نەبەز ئیسماعیل، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئاستی دەنگی بڵندگۆی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان بە سیستەم ڕێکخراوە و دیاریکراوە، گشتاندنی پێکراوە بۆ هەموو مزگەوتەکان، دەبێت پابەندبن پێوەی و نابێت ببنە هۆی بێزارکردنی هاووڵاتیان و دەنگی بڵندگۆکان لەو ئاستە بەرزتر بێت کە دیاریکراوە". گوتیشی: "هەر هاووڵاتییەک بەرزی دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان بێزاری بکات، دەتوانێت ئاگادارمان بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بگرینەبەر".

### چوار کەس دەستگیرکراون

# لە هەولێر بۆڕیی نەوتی کوردستان کون دەکرێ

**ڕووداو — هەولێر**

لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆڕییەکی نەوت لەلایەن چەند کەسێکەوە کون دەکرێت. بە بۆڕی نەوتی خاوی نێو بۆڕییەکە دەگوازنەوە بۆ نێو بەنزینخانەیەک. ئاسایش چوار کەسی لەسەر ئەوە دەستگیر کردووە و چەند کەسێکی دیکەش هەڵاتوون و هێزە ئەمنییەکان بەدوایاندا دەگەڕێن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ئاشکرا بکرێت، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بۆڕییەکی گواستنەوەی نەوت دەکەوێتە نزیک گوندی پیرداودی سەر بە ناحیەی شەمامک، بەنزینخانەیەکیش لە نزیک بۆڕییە نەوتەکەیە. لە سەرەتای ئەم مانگە بۆڕییە نەوتەکەیان کون کردووە، بە بۆڕییەکی دیکە نەوتی خاوی نێو بۆڕییەکەیان گواستووەتەوە بۆ نێو بەنزینخانەکە و دواتر فرۆشتوویانە".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە "ئەو باندە ماوەی 10 بۆ 15 ڕۆژ ئەو کارەیان کردووە، بەڵام دواتر هەر لەلایەن ئەندامانی باندەکەوە زانیاری لەبارەی کونکردن و دزینی نەوتەکەی بە هێزە ئەمنییەکان دراوە. نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەریش ئاسایش دەستی بەسەر بەنزینخانەکەدا گرتووە، چوار کەسی نێو باندەکەی دەستگیرکردوون، 5 کەسی دیکەش بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون و هێشتا دەستگیر نەکراون".

هێشتا ڕوون نەبووەتەوە کە بۆڕییەکە تەنیا لەلایەن خاوەن و کارمەندانی بەنزینخانەکەوە کونکراوە، یان کەسی دیکەشیان لەگەڵ بووە. ئاسایش تەنیا چوار کەسی دەستگیرکردووە کە دەستیان لە کونکردنی بۆرییەکەدا هەبووە، بەڵام خەڵکی دیکەش ماون بگیرێن کە دەستیان لە کارەکەدا هەبووە.

لەبارەی دەستگیرکردنی ئەو باندە، (ڕووداو) پەیوەندی بە بەڕێوەبەری ناحیەی شەمامک و پۆلیسی ناحیەکەوە کرد، بەڵام ئەوان گوتیان ئاگاداری دۆسیەکە نین.

ئەوە جاری یەکەم نییە لەو سنوورە بۆریی نەوتی کوردستان کون دەکرێ. حاجی باوەڕ، بەڕێوەبەری ناحیەی شەمامک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ساڵی ڕابردوو لە مەفرەقی دیبەگە کە سەر بە ناحیەی دیبەگەیە، بۆڕییەکی نەوت کون کرا، نەوتەکە دەگوازرایەوە بۆ نێو بەنزینخانەیەک بەناوی (ریان)، دواتر ئەو کەسانەی دزییەکەیان کردبوو ئاشکرا بوون و لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکران و ڕووبەڕووی یاسا کرانەوە".

(ڕووداو) پەیوەندی بە ئاسایشی گشتییەوە کرد، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون هیچ زانیارییەک لەبارەی دۆسیەکە و دەستگیرکردنی ئەو باندە ئاشکرا بکەن. سەرچاوەیەک لەنێو ئاسایشی گشتی تەنیا ئەوەندەی گوت کە ئەو کەسانە بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون.

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردووش ژمارەیەک ئەفسەری ئاسایش لەسەر کونکردنی بۆڕی نەوتی کوردستان دەستگیرکران. سەفین دزەیی کە ئەوکات گوتەبێژی حکومەت بوو، هەواڵەکەی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پشتڕاست کردەوە و ڕایگەیاند "بەهۆی هەندێک ڕاپۆرت لەسەر ژمارەیەک بەرپرسی ئەمنی، دەست بە لێکۆڵینەوە کراوە".

### دوای هەفتەیەک لە هەڵاتنی

# تۆمەتبارێک لە سووریاوە دەگەڕێنرێتەوە هەولێر

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**


فەهد حەیدەر

دوای هەفتەیەک لە کوشتنی کەسێک و هەڵاتنی بۆ سووریا، پۆلیسی هەولێر توانییان تۆمەتبارێک ناچار بکەن خۆی بەدەستەوە بدات و لە سووریاوە بیگەڕێننەوە بۆ هەولێر. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێ ئێستا بەپێی ماددەی 24 لە یاساکانی هاتوچۆ تۆمەتبارەکە دەستگیرکراوە.

درەنگانی شەوی 2019/8/18 لە نزیک بەنزینخانەی ئاکار لەسەر شەقامی سەت مەتری لە شاری هەولێر، ئۆتۆمبێلێک لە کارمەندێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق بەناوی فەهد حەیدەر دەدات و دەیکوژێت، بەڵام شوفێرەکە قوربانییەکە بەجێدەهێڵێت و هەڵدێت.

مولازم ئەیاد ئەکرەم، کارمەندی پۆلیسی فریاکەوتن کە فەهد کوڕی خاڵیەتی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "شەوی 2019/8/18 ئۆتۆمبێلێکی جۆری BMW لە فەهدی دا، دواتریش بەجێیهێشتووە، کوڕە خاڵەکەم هەر لەوێ مێشکی تەقیبوو، دوای ڕووداوەکە بەدواداچوونمان کرد و لەڕێگەی کامێراوە زانیمان کە ئۆتۆمبێلی بووکگواستنەوە بووە، چووینە هۆڵەکانی ئاهەنگگێڕان و لە یەکێک لە هۆڵەکان ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە و ژمارە مۆبایلی باوکی زاواکەمان دەستکەوت کە خەڵکی حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان بوون".

دەزگا ئەمنییەکان لەڕێگەی باوکی زاوا ئۆتۆمبێلەکە دەدۆزنەوە، ئەیاد ئەکرەم گوتی: "ژمارەکەمان دایە بەشی پەنابەرانی سووری لە ئاسایش، باوکی زاوامان بانگ کرد و هەر هەمان ڕۆژ زاواکە بەناوی هوبار حەسەن دەستگیرکرا. ئەویش دانی بەوەدا نا کە شوفێرەکە برای بووکەکە بووە. دەستمان بەسەر ئۆتۆمبێلەکەشدا گرت کە بەهۆی ڕووداوەکەوە لایتێکی شکابوو، بەڵام شوفێرەکە هەڵاتبوو".

ئەیاد ئەکرەم گوتیشی: "دوای بەدواداچوون زانیمان هەر دوای ڕووداوەکە شوفێری ئۆتۆمبێلەکە بەناوی خالید حوسێن لەڕێگەی کەفیلێکەوە بەرەو سووریا هەڵاتووە، لەڕێگەی پۆلیسی هەولێر و پۆلیسی فریاکەوتن توانیمان گوشار بخەینە سەر بنەماڵەکەی و تۆمەتبارەکە لە سووریا بگەڕێنینەوە دەروازەی سنووری خابوور و لەوێشەوە هێنرایەوە هەولێر و ڕۆژی 2019/8/24 ڕادەستی بنکەی پۆلیسی ئیسکان کرا".

فەهد تاقانەی چوار خوشک بووە و دایک و باوکی نەماوە. فەرمانبەری وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق و قوتابی ماستەر بوو لە بەشی کارگێڕیی کار.

لەبارەی هەڵوێستی بنەماڵەکەشیان، جیهانگیر نامیق کە ئامۆزا و زاوای فەهدە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە ئامۆزاکەم بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەستداوە، بەڵام دوای ڕووداوەکە شوفێرەکە بەجێیهێشتووە. لەوەش خراپتر هەڵاتووە بۆ وڵاتێکی دیکە، کەسوکارەکەشی دەیانویست دەربازی بکەن، ماڵی زاواکەش تاوەکو کوڕەکەیان دەستگیر نەکرا، هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، بەڵام پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی هەولێر و ئاسایش زۆر بەجددی کاریان بۆ گەڕاندنەوە و دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکە کرد، بۆیە ئێستا دەمانەوێت یاسا سەروەر بێت و تۆمەتبارەکە بە سزای خۆی بگات".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی کەسوکاری فەهد سکاڵایان لەدژی تۆمەتبارەکە تۆمار کرد، سەرەتا زاواکەمان دەستگیر کرد، دواتر بە هاوکاری لەگەڵ پۆلیسی فریاکەوتن و دەزگا ئەمنییەکان توانیمان لەڕێگەی خابوورەوە تۆمەتبارەکە بگەڕێنینەوە هەرێمی کوردستان و دەستگیری بکەین، ئێستا بەپێی ماددەی 24 لە یاسای هاتوچۆ و بە بڕیاری دادوەر بەندکراوە".

لەبارەی زاواکەش، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی: "دوای دەستگیرکردنی، تۆمەتباری سەرەکی دانی بەوەدا نا کە بە ئۆتۆمبێل لە فەهدی داوە، دوای ڕووداوەکەش ترساوە بۆیە هەڵاتووە بۆ سووریا. دوای دەستگیرکردنی خالید حوسێن، زاواکەمان ئازاد کرد".

### زیاتر لە 10 کەس سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە

# پۆلیسێک لەسەر پۆستی فەیسبووک دەستگیر دەکرێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

زیاتر لە دوو مانگە کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی زاخۆ دەستگیر کراوە. پۆلیسی دهۆک دەڵێت لەسەر خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەستگیرکراوە. پارێزەری پۆلیسەکەش دەڵێت سەرجەم ئەو کەسانەی سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە کارمەندی ئاسایشن.

هارون ڕەشید کە کۆمیسەری پۆلیسە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی زاخۆ، لە ڕۆژی 2019/6/21 لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە. تاوەکو ئێستا چەند جارێک هەوڵدراوە بە کەفالەت ئازاد بکرێ، بەڵام تا ئێستا ئازاد نەکراوە.

خەتاب عومەر کە پارێزەری خۆبەخشی پۆلیسەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت کە هارون پۆلیسێکی زۆر چالاک بووە و هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەس نەبووە. ئێوارەی ڕۆژی 21ی حوزەیرانی 2019 لە کاتی دەوامی فەرمی لە زاخۆ دەستگیرکراوە، دوای بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەی، پۆلیسی زاخۆ پێیڕاگەیاندین کە لەسەر خراپ بەکارهێنانی سۆشیاڵمیدیا دەستگیرکراوە.

بە گوتەی خەتاب عومەر، تۆمەتەکەی هارون ئەوەیە کە لە پەیجێک بەناوی (زاخۆ دلێ منە) چەند پۆستێکی کردووە، لەوێ ڕەخنەی لە حکومەت گرتووە، لەسەر ئەوە چەند کارمەندێکی ئاسایشی زاخۆ سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە. گوتیشی "تاوەکو ئێستا چەند جارێک هەوڵمانداوە ئازادی بکەین، بەڵام بە کەفالەتیش ئازادی ناکەن".

خەتاب تا ئێستا چەند جارێک موەکیلەکەی لە زیندان بینیوە، موەکیلەکەی هەموو ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردووەتەوە کە دراونەتە پاڵی. خەتاب دەڵێت: "ئەو پۆلیسێکی زۆر دڵسۆز و خەمخۆر بووە، بۆیە لەبارەی گرتنەکەی یاداشتمان داوەتە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بۆ ئەوەی بێنە سەر خەت".

ئەمە یەکەمجار نییە خەڵک و چالاکڤانان بەهۆی ڕەخنەگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە سنووری پارێزگای دهۆک دەستگیر دەکرێن، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئازادکراون.

تاوەکو ئێستا دوو جار دانیشتنی دادگا لەبارەی دۆسیەکەی هارون بەڕێوەچووە. پارێزەرەکەی دەڵێت ئەو لەسەر سکاڵای 10 کارمەندی ئاسایش دەستگیرکراوە، گوایە لە فەیسبووک پۆستی لە دژی ئەوان کردووە، بەڵام هارون ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی ڕەتدەکاتەوە.

> ئەوانەی سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە کارمەندی ئاسایشن
>
> پارێزەرەکەی


هارون ڕەشید

خەتاب لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە داوا لە چالاکڤانان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات بێنە سەرخەت، چونکە پێیوایە ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی، هێندە گەورە نییە کە تەنانەت بە کەفالەتیش ئازاد نەکرێ.

هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو پۆلیسە بە (ڕووداو)ی گوت: "هارون لەسەر خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی لەسەر سکاڵای 10 کەس دەستگیرکراوە".

گوتیشی: "ڕاستە ئەو پۆلیسە، بەڵام هەر کەسێک هەڵە بکات، دەبێ بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ".

هەر سەبارەت بەو دۆسیە، سەرچاوەیەک لە ئاسایشی دهۆک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "ئەو پۆلیسە بەشێوەیەکی یاسایی لەسەر سکاڵای چەند کەسێک دەستگیرکراوە. دۆسیەکەشی کە لەلای پۆلیسی دهۆکە، بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ".

# پارێزگاری دهۆک و پێنج قائیمقام دەگۆڕدرێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

وا بڕیارە ژمارەیەک گۆڕانکاری لە پۆستی پارێزگاری دهۆک و پێنج قایمقامی پارێزگاکە و زۆربەی بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سنووری پارێزگای دهۆکدا بکرێ. دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاری لە پۆستە ئیدارییەکانی سنووری پارێزگای دهۆک، یەکێک لە مژارە گەرمەکانە.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانە بە (ڕووداو)ی گوت: "گۆڕانکاری لە پۆستی پارێزگاری دهۆک، پێنج قائیمقام و زۆربەی بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەشێک لە بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا دەکرێ. زۆربەی ئەو پۆستانەش یەکلایی کراونەتەوە کە گۆڕانکارییان تێدا دەکرێ".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، زانیاری زیاتری ئاشکرا کرد و گوتی: "لە کۆی حەوت قائیمقام تەنیا دوویان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە، لە کۆی 22 بەڕێوەبەری ناحیەش تەنیا دوویان لە پۆستەکانیان دەمێننەوە. بەشێک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش دەگۆڕدرێن".

سەبارەت بە بەربژێری پۆستەکانیش، ئەو سەرچاوەیە گوتی: "هەر یەک لە حەمید عەلی، سەربەست لەزگین و عەلی تەتەر کاندیدن بۆ پۆستی پارێزگار، بەڵام ناوی قائیمقامەکان هێشتا دیار نییە".

ئیدریس هەرکی، ئەندامی لێژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک سەبارەت بەو گۆڕانکارییانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێستا وەکو بەشی پارتی سەرجەم ئامادەکارییەکان تەواو بوون و سیڤییەکان وەرگیراون. بڕیارە گۆڕانکاری گەورە لە پۆستەکانی سنووری پارێزگای دهۆک بکرێ، زۆربەی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەشێک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەگۆڕدرێن".

سەبارەت بە پۆستی پارێزگاریش، ئیدریس هەرکی دەڵێت: "لە ماوەی ڕابردوودا یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەموار کرایەوە، بەشێکی پەیوەندی بە گۆڕینی پارێزگارەکانەوە بوو، تاوەکو بتوانرێ کەسێک لە دەرەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا بکرێ بە پارێزگار. بۆیە گۆڕانکاری لە هەر سێ پۆستەکانی پارێزگاری دهۆک، هەولێر و سلێمانیدا دەکرێت".

لە کابینەی ڕابردوودا بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کرابوو، 25 پۆست لە سنووری پارێزگای دهۆک دران بە یەکگرتووی ئیسلامی.

سەبارەت بە گۆڕانکاری لە پۆستەکانی یەکگرتوو لە دهۆک، ئیدریس هەرکی گوتی: "پارتی هیچ بڕیارێکی بۆ گۆڕانکاری یان وەرگرتنەوەی ئەو پۆستانە لە یەکگرتوو نییە، بەڵام ڕەنگە یەکگرتووش خۆیان گۆڕانکاری لەو پۆستانەدا بکەن".

## دوای کۆنگرەش کەس نابێتە سکرتێری یەکێتی

# سێ شێواز بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی دەبرێتە نێو کۆنگرە

> دیموکراسی و کۆنگرەی تەوافوق کوجا مەرحەبا
>
> وەستا رەسوڵ

> نابێ کۆنگرە بۆ ملشکاندنی یەکدی بێ
>
> مستەفا چاوڕەش




کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە تەلاری هونەر لە سلێمانی، 2010/6/1 (فۆتۆ: رووداو)

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێی قسەی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئەم هەفتەیە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ جێگیرکردنی وادەی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی کۆدەبێتەوە، بەڵام سەختبوونی ئەو بڕیارە ئەوەندەی گرێدراوە بە کێشەی بەڕێوەبردنی حزبەکە لە چوار ساڵی ئایندە، هێندە وابەستە نییە بە رەتکردنەوەی کۆنگرە لەلایەن هەندێک لە سەرکردەکانیەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ کێشە لە ئامادەکاری نییە و بە کەمتر لە مانگێکیش دەکرێت "بەڵکو دەمانەوێ کۆنگرەیەک بێت یەکێتی بەهێزتر بکات نەک لاوازی بکات، هەربۆیە بەردەوام دواکەوتووە".

کۆنگرەی حیزبەکان لە کوردستان بووەتە چیرۆکی هەزار و یەک شەوە. بەڵام ئێستا بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، هیچ پاساوێک بۆ نەبەستنی نەماوە و ناچارن ئەمساڵ کۆنگرەی چوارەم ببەستن. ئەو گوشارەشی کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دروستیکردووە لەسەر ئەو حیزبانەی وادەی بەستنی کۆنگرەیان بەسەرچووە و شەرعییەتی سەرکردایەتییەکەیان کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە، یەکێتی هێندەی دیکە هانداوە بۆ بەستنی کۆنگرە لە 2019دا. چونکە بەپێی ئەو هۆشدارییەی کۆمیسیۆن بێ، ئەو حیزبانەی وادەی بەستنی کۆنگرەیان بەسەرچووە، ناتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بکەن کە بڕیارە لە نیسانی 2020 بەڕێوەبچێ.

وەستا رەسوڵ، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت حیزبەکەی زۆر لە وادەی یاسایی کۆنگرە دوورکەوتووەتەوە. بەڵام شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و شپرزەبوونی دۆخی سایسی و سەقامگیریی ناوچەکە بە هۆکار دەزانێ و توخنی ململانێ نێوخۆییەکانی حیزبەکەی ناکەوێت. ئەو دەڵێ "بۆ نوێکردنەوەی بەرنامە و ستراتیژ و بەخشینی روخسارێکی دیکەی سیاسی بە یەکێتی کۆنگرە دەبەستین. ئامانەوێ بێ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە لە کۆنگرەی چوارەم بێینە دەرەوە".

دەبوو لە مانگی ئاداری 2013، یەکێتی چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، بەڵام لەبری کۆنگرە رۆژی 2013/10/10 پلینیۆمی بەست و دواتر رۆژی 2018/3/7 ی بۆ کۆنگرە دیاری کرد، بەڵام بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی، کۆنگرە نەکرا. گوشار و رەخنەکان هەروا زۆرتر دەبوون و سەرکردایەتی ئەو حیزبە بەردەوام دووچاری سەرزەنشت دەبووەوە لەلایەن کادر و ئەندامانیەوە. ئەنجوومەنی باڵای مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی، لە ماوەی رابردوو پێشنیازی کرد رۆژی 11/21ی ئەمساڵ کە بە رۆژی شەهیدانی یەکێتی ناسراوە، یەکێتی چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێت "ئەوەش وەک وەفایەک بۆ خوێنی شەهیدان" کە لە راگەیێندراوی کۆبوونەوەکەدا هاتبوو.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دڵنیایە لەوەی پێش کۆتایی 2019 کۆنگرە دەبەستن "ئەگەر لەسەر ئەمساڵیش پێکنەهاتین، بێگومان سەرەتای بەهاری 2020 کۆنگرە دەبەستین"، بەڵام ئەوەی بووەتە مایەی مشتومڕ و بابەتی گەرمی وتوێژ، ئەو وردەکارییانەن کە ئایندەی بەڕێوەبردنی حیزبەکەی پێ دروستدەکرێتەوە. هەر بۆیە ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەرباری ئەو جیاوازییانەی لە بۆچوونەکاندا هەیە گەشبینە "سێ شێواز بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی زۆرترین قسەی لەبارەوە دەکرێت. بۆچوونێکیان لەگەڵ ئەوەیە فۆرمی سەرکردایەتی وەک ئێستا بمێنێتەوە و دوو جێگر و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی ناوەندی بمێننەوە. بۆچوونێکی دیکە وای بە گونجاو دەزانێ سەرۆکێک بۆ یەکێتی دابنرێ و چەند جێگرێکی هەبێت و پێکەوە بڕیارە گرنگەکانی یەکێتی بدەن، بەڵام بۆچوونی سێیەم لەگەڵ ئەوەیە سەرۆک و دەستەی بەڕێوەبردن هەبێت، نەک جێگر، لەگەڵ دەستکاریکردنی شێوازی پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لە رووی ناو و ژمارەی ئەندامانەوە".

ئەوەی کە تاوەکو ئێستا یەکلایی بووەتەوە، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خۆی بەربژێر ناکاتەوە. کۆسرەت رەسوڵ عەلیش، ئامادەیە خۆی بەربژێر نەکات ئەگەر لەسەر میکانیزمی کۆنگرەیەکی تەوافوقی رێکبکەون و یەکێک لە کوڕەکانی بکرێتە یەکێک لە بڕیاردەرانی نێو یەکێتی. بەڵام پێداگری ماڵی تاڵەبانی لەسەر ئەوەی کۆنگرەیەکی بێ تەوافوق بکەن، وایکردووە لە کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەی سێ رۆژ لەمەوبەردا، کۆسرەت رەسوڵ ئەو دوودڵییەی خۆی نەشارێتەوە و بڵێ "لەوبارەوە بڕیار دەدەم".

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، داوا دەکات کۆنگرەیەک ببەستن، دڵی دەنگدەر و ئەندامان و لایەنگران و کەسوکاری شەهیدانی حیزبەکەیان و خەڵکی کوردستان بە گشتی خۆشبکات و بە رووسووری لە کۆنگرەکە بێنە دەرەوە نەک بە کێشە و لێکترازان و دڵشکانەوە "نابێت کۆنگرە بۆ ملشکاندن بێت. ئەوانەی دێنە نێو هۆڵی کۆنگرە، دەبێت بەوەفابن بۆ حیزبەکە و دەستیان لەسەر دڵیان بێت و تەنیا بیر لە بەرژەوەندی یەکێتی بکەنەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەروەها دەڵێ: "کۆنگرەی تەوافوق و رێککەوتنی پێشوەختە خراپە و نابێت بەو شێوەیە بێت. ئەوانەش کە حەزیان لەو جۆرە کۆنگرەیەیە رەنگە لە داهاتووی خۆیان بترسن. من لەناو ئەندام و لایەنگری یەکێتیم و دەزانم ئەوان کۆنگرەیەکیان دەوێت ئەندامانی کۆنگرە بە دڵێکی ئاسوودە بڕیار بدەن و قسەی تێدا بکەن".

حاکم قادر حەمەجان، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند، یەکێتی بە کۆنگرەیەکی سەرکەوتووانە دەگاتە دڵنیایی و کەناری ئارامی "دەمانەوێت کۆنگرەیەک بێت لەپێناو پاراستنی یەکێتی، هەروەها کاریکات بۆ بوژاندنەوە و گەڕانەوە بۆ سەرەتا و پرەنسیپەکانی یەکێتی، کۆنگرەکەش هەڤاڵانە و دوور لە شکاندن و وەلانانی هەڤاڵە دڵسۆزەکان بێت".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی یەکێتی دەستیکەوتوون. هەردوو ئەگەرەکەی کۆنگرەی تەوافوق و بێ تەوافوق لەبەرچاوگیراون لە نێوان هەردوو باڵە سەرەکییەکەی کۆسرەت رەسوڵ و بافڵ تاڵەبانی. هەر بۆیە هەر یەکێکیان پرۆژەکەی ئەوی دیکە بە دیواری بەردەم ئامانجە دوور و نزیکەکانی خۆی دەزانێ. وەک کادر و بەرپرسانی یەکێتی باسی دەکەن، نیوەی دیمەنەکە هەر لەئێستاوە روونە کە هەریەکە لە بافڵ تاڵەبانی، لاهور شێخ جەنگی، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دەچنە نێو ئۆرگانە باڵاکانی یەکێتی و ئەوەش بەمانای ئەوە دێت جلوبەرگی داهاتووی یەکێتی بەو شێوەیە دەبێت کە ماڵی تاڵەبانی حەزدەکەن بە دروونی بدەن. بەتایبەتی کە لەم ماوەیە لەنێو بەشێک لە جەماوەری ئەو حیزبەدا وەک کاپتن و ئەندازیاری هەستاندنەوەی حیزبەکە سەیری کوڕە گەورەی تاڵەبانی دەکرێت، بەڵام لە ئەگەری دووەمدا کە کۆنگرەی بە تەوافوقە، پشکی باڵ و جەمسەرەکان دیاریکراو دەبێت وەک ئەو پشکەی حکومەت کە بە رێککەوتن بەربژێریان بۆ دیاریکردن.

وەستا رەسوڵ، یەکێکە لەو ئەندامانەی سەرکردایەتی یەکێتی کە کۆنگرەی بە تەوافوق رەتدەکاتەوە و پێیوایە لەگەڵ ئەو پرۆژە و خەونانە یەکناگرێتەوە کە ئەوان بۆ پێشخستنی حیزبەکە هەیانە "کۆنگرەی تەوافوق و دیموکراسی کوجا مەرحەبا". ئەو گوتیشی: "لە هەموو حاڵەتێکدا لەم کۆنگرەیەدا وشەی سکرتێری گشتی لەناو یەکێتی کۆتایی دێت و ئەوە ناوێک بوو وەک یادەوەریی مام جەلال دەمێنێتەوە. کەسی یەکەمی یەکێتی ناوی سکرتێر نابێت و هەرچۆن بێت، گرنگ ئەوەیە کاری خۆی بکات".

## کورد گەرەنتی دەوێت و بەغداش هێشتا قسەی دڵنیاکەرەوەی پێ نییە

# قەرزەکەی کوردستان خاڵی ناکۆکیی نێوان هەولێر و بەغدایە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا پێداگریی دەکەن لەسەر ئەوەی بە رێککەوتنێکی نوێ بگەن لەبارەی ئابووری و نەوت و کێشەی سنوور و ناوچە کوردستانییەکان و پێ بنێنە قۆناغێکی نوێوە لە پەیوەندی، بەڵام وردەکارییەکانی رادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بە کۆمپانیای سۆمۆ، چوونی شاندی هەرێمی کوردستانی بۆ بەغدا دواخستووە.

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەتیدەکاتەوە گفتوگۆی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان لەبارەی دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ رێککەوتن راوەستابێ و دەڵێ "لیژنەکانمان لە کاری خۆیان بەردەوامن و بەپێی ئەو رەشنووسەی ئامادە دەکرێ، گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەکرێت. ئێمە ئامادەین بۆ سەردانی بەغدا و چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانین".

هەرچەندە بەرپرسانی هەردوو حکومەتەکە بەشێوەیەک قسە دەکەن کە خەڵک بە ئومێدەوە سەیری پەیوەندییەکان بکەن و وەک ئەگەرێکی نزیک چاوەڕوانی رێککەوتن بکەن، بەڵام (رووداو) لە بەرپرسە ئاگادارەکانەوە زانیویەتی، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت گەرەنتی لە بەغداوە دەستبکەوێت لە بارەی چەند داواکارییەکەوە کە تایبەتن بە پرسی هەناردەکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت بۆ کۆمپانیای سۆمۆ، هێشتا بەغدا قسەیەکی دڵنیاکەرەوەی نییە لەوبارەیەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەرێمی کوردستان لاری نییە لە رادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوتەکە، بەڵام دەبێت بەغدا قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت کە لە ساڵانی قەیرانی دارایی بەهۆی بڕینی بودجەکەی هاتووەتە سەر شانی، چونکە تاوەکو ئێستا بەغدا بەڵێنی بژاردنی ئەو قەرزانەی نەداوە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "حکومەتی هەرێمی کوردستان، لاریی نییە لە رادەستکردنی ئەو نەوتە، ئەگەر بەغدا مووچەی تەواوەتی فەرمانبەران و بەشێک لە بودجەی وەبەرهێنان و پرۆژەکان بنێرێت، لە بەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان گرفتی ئەوتۆی نابێت لە دابینکردنی خەرجیی کۆمپانیاکانی نەوت لەو بڕە نەوتەی بەدەستییەوە دەمێنێتەوە".

مانگی رابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت سەردانی بەغدایان کرد و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەری کێشەکان دەستپێکرد. شاندێکی بەغداش سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. لە دوایین کۆبوونەوەی هەولێر و بەغدا کە 2019/7/25 لە هەولێر بەڕێوەچوو، شاندی باڵای هاوبەشی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریاندا چەند لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی نەوت و دارایی پێکبهێنن.

ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ ئەوەی ئێمە لە لیژنەکەمان لەگەڵ حکومەت قسەمان لەبارەیەوە کردووە و تێگەیشتووین، حکومەتی هەرێمی کوردستان "تاوەکو 20 رۆژی دیکە 250 هەزار بەرمیلەکە رادەستی بەغدا دەکات، بەڵام دەبێت رێککەوتنی نووسراو لە نێوان هەردوولا هەبێت بۆ ئەوەی پەرلەمانتارانی بەغدا لەکاتی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی 2020 ، کێشە و گرفت بۆ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دروستنەکەن".

سەرکۆ ئازاد، گوتیشی: "ئێستا رەوشی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و پێشبینی دەکرێت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بۆ 475 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز ببێتەوە. ئەو پێشکەوتنەش وادەکات ئەگەر ناچاری و گوشارە زۆرەکانی سەر عادل عەبدولمەهدی نەبێت، هەرێمی کوردستان ئێستا حەزی بە رادەستکردنی نەوتەکەی نییە، بەڵام گرفتەکەی ئەوەیە کاتی ئامادەکردنی بودجەی عێراقە بۆ ساڵی داهاتوو".

سامر غەزبان، وەزیری نەوتی عێراق پێشتر لە لێدوانێکدا سەبارەت بە نەوتی هەرێم و کاریگەری لەسەر رێککەوتنەکەی ئۆپێک بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بە (رووداو)ی راگەیاندبوو: "رادەستکردنی نەوتی کوردستان بە سۆمۆ کاریگەری هەیە، نەک بە تەنیا 250 هەزار، بەڵکو هەموو بەرهەمهێنانەکە و هەروەها ئاستی هەناردەکردنەکە لە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە پشکی عێراق، بۆیە ئەمە دوو جار کاریگەری نەرێنی لەسەر عێراق هەیە، چونکە ئێمە دەبێت پابەندی رێککەوتنەکەی (ئۆپێک) بین کە بەرهەمهێنانی چوار ملیۆن و 500 هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا، بەڵام ئێستا زیاتر لە 500 هەزار بەرمیل نەوت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بەرهەمدێت لە رۆژێکدا، کەچی ئێمە یەک دۆلاریشمان پێناگات، دەبێت ئاستی بەرهەمهێنانی خۆمان کەمبکەینەوە تاوەکو پابەندبین بە رێککەوتنەکەی ئۆپێک".

> **ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان:**
>
> رەنگە بەغدا رازی ببێ نیوەی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان بداتەوە
>
> تا 20 رۆژی دیکە هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوتەکە رادەستی بەغدا دەکات

قسەکانی غەزبان، ئاماژەن بۆ کێشەیەکی دیکەی هونەری لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان لە ئەگەری رێککەوتن لەسەر وەرگرتنی 250 هەزار بەرمیلەکە، بەو پێیەی ئۆپیک رێژەی هەناردەکردنی نەوتی بۆ ئەندامانی خۆی دیاری کردووە و عێراقیش بە وەرگرتنی نەوتی کوردستان، هەناردەی نەوتەکەی زۆرتر دەبێت.

بەڵام ئەندامێکی دیکەی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێت کورد ترسی ئەوەی هەیە رەوشی ئێستای عێراق بگۆڕێ. ئێستا گەمارۆدان و فشارخستنە سەر عادل عەبدولمەهدی چڕتر و زۆرتر بووە "ئەوەش شێوازییەکی دروستکردووە لە تێگەیشتنی هەردوولا بۆ رێککەوتنی نێوانیان". گوتیشی "کورد گەرەنتی نووسراوی دەوێ" گەرەنتییەکەش بۆ ئەوەیە " نەوەک دوای رێککەوتنەکە، فراکسیۆنە شیعەکانی بەغدا عادل عەبدولمەهدی، ناچاری دەستلەکارکێشانەوە بکەن و دواتر گرفت بۆ رێککەوتنەکە دروستبکرێت".

حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە 880 ملیار دینار دەداتە مووچەی فەرمانبەرانی، ئەمە جگە لەو بودجەیەی پێویستە دابینی بکات بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت و فەرمانگەکانی و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، بەڵام ئەو پارەیەی بەغدا رەوانەی دەکات، نیوەی مووچەی مووچەخۆرانە کە بڕی 450 ملیار دینارە.

سەرکۆ ئازاد، دەڵێ حکومەتی عێراق داوای داتایەکی گشتی قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستانی کردووە "بەڵام تاوەکو ئێستا رازی نەبووە بە دانەوەی قەرزەکان، گوتووشیانە ئەوە قابیلی ئەوەیە لە گفتوگۆدا بمێنێتەوە، لەوانەیە لە کۆتاییدا بەغدا رازی ببێ نیوەی قەرزەکان بداتەوە و نیوەکەی دیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو نەوتە بیداتەوە کە بەدەستییەوە دەمێنێتەوە بۆ فرۆشتن".

سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەڵێ: "چەند لیژنەیەک بەردەوام سەرقاڵی دارشتنەوەی بابەتەکانی گفتوگۆی نێوان هەردوولان، مەسەلەکە تەنیا نەوت نییە و هەموو پرسە ناکۆکەکانی نێوان هەردوولا دەکرێتە رەشنووسی دانوستاندن، بەڵام چاوەڕێین بەغدا ئامادەیی خۆی بۆ سەردانەکەی ئێمە دەرببڕێ".

# یاسای وەبەرهێنان هەموار دەکرێ

## "دەبێ یاساکە رێ لە خێرا دەوڵەمەندبوونی وەبەرهێنەران بگرێ"

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان هاوڕان لەسەر هەمواركردنی یاسای وەبەرهێنان و دەڵێن دەبێ یاساكە زۆرتر لە بەرژەوەندی وەبەرهێنەری خۆماڵی بێ نەک بیانی. پەرلەمانتارێکیش دەڵێت "دەبێ یاساکە رێگە لە خێرا دەوڵەمەندبوونی وەبەرهێنەران بگرێ".

هاوڕێ مەلا ستار، سەرۆکی لیژنەی وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە هەندێک خاڵ و برگەی نێو یاساکە "وەک ئەوە وایە وەبەرهێن نووسیبێتی". هەر بۆیە گۆڕین و هەموارکردنەوەی بووەتە بابەتێکی حەتمی لای هەندێک لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی خولی پێنجەمەوە، پرۆژە یاسایان بۆ هەموارکردنەوەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە.

رزگار محەممەد، ئەندامی لیژنەکە دەڵێ لەگەڵ شارەوانییەکان و خودی وەبەرهێنان قسەیان کردووە و تێبینی هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو یاسایە وەکو یەکە "خەڵک و لایەنە پێوەندیدارەکان، زۆرتر لە رووی نیشتەجێکردنەوە رەخنەیان لە یاساکە هەیە، چونکە چەندین پرۆژەی نیشتەجێکردن بەناوی چین و توێژە جیاوازەکانەوە دروستکراون، بەڵام نرخەکانیان ئەوەندە زۆرە بەو چین و توێژانە ناکڕدرێن".

چواری تەمووزی ساڵی 2006 پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە چواری وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستان دەرکرد. بەبڕوای شارەزایان یاساکە پتر لە قازانجی وەبەرهێنەرانی بیانییە، چونکە بۆ ماوەی 10 ساڵ لە باج دەبەخشرێن و رێگەشیان پێدەدات لەگەڵ خۆیان کرێکاری بیانی بهێنن و قازانج و سەرمایەکەشیان بگوازنەوە وڵاتی خۆیان. ئەوە جگە لەو زەوییە زۆرەی لە بەرامبەر نرخێکی زۆر کەم پێیان دەدرا و دواتریش دەبوونە خاوەنی زەوییەکە. هەروەها ئازادیان دەکات لەوەی هاوبەشی نێوخۆیی (نیشتیمانی) بۆ کارەکانیان وەربگرن یان رەتیبکەنەوە.

بەرپرسێکی دەستەی وەبەرهێنان ئاشکرای دەکات لە کابینەی پێشووش، حکومەت گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە یاساکە پێویستی بە هەموارکردنە "هەر بۆیە پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی راگرت، چونکە دەیزانی دەرفەتی هەموارکردنەوەی یاساکە نییە. ئینجا وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی گلەیی و گازاندەی زۆریان هەبوو، بۆیە هەموارکردنەوەی یاساکە پێویستی و گرنگە".

رزگار محەممەد، دڵنیایە لەوەی یاسای نوێی وەبەرهێنان "زیاتر بە دڵی وەبەرهێنەرانی نێوخۆیی دەبێت". هەروەها گومانیشی نییە لەوەی بەشێوەیەک دادەڕێژرێتەوە "لە پرۆژەکانی نیشتەجێکردندا، رێگا لە دەوڵەمەندبوونی خێرا بگرێت یان خاوی بکاتەوە، ئەوەش بەمانای ئەوە دێت کە سەردەمێکی دیکەی وەبەرهێنان دەستپێبکات".

رزگار کە پێش ئەوەی ببێتە پەرلەمانتار ساڵانێک بەڵێندەر بووە، دەڵێت: "لەو چەند ساڵەدا رووبەرێکی زۆر زەوی لە هەرێمی کوردستان لە دەست حکومەت چووە بەبێ ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکات".

### ئەندامێکی لیژنەی وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان:
### یاسا نوێیەکە زیاتر بە دڵی وەبەرهێنەرانی نێوخۆیی دەبێت

لە ماوەی 8 ساڵی رابردوودا بەو یاسایەی ئێستا بە بەهای 42 ملیار دۆلار مۆڵەت بە 820 پرۆژەی وەبەرهێنان دراوە. پرۆژەکانیش لەسەر رووبەری 60 هەزار و 787 دۆنم دروستکراون. لەو رووبەرەش 24 هەزار دۆنمیان لە باشترین و گرنگترین زەوییەکانی نێو شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون کە هاوکات زەوی کشتوکاڵی بوون و لە شوێنیان یەکە و باڵەخانەی نیشتەجێبوون دروستکران.

سەرچنار ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی وەبەرهێنان، خاڵی هاوبەشی نێو زۆربەی پرۆژە یاساکان کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان پێشکەشکراون، لەوەدا کورت دەکاتەوە کە "ئەفزەڵییەت بداتە وەبەرهێنەری ناوخۆیی. بەخشینی بیانییەکان لە باجدان لە 10 ساڵەوە کەم بکاتەوە بۆ ساڵێک یان دووان. هەروەها بەشێکی تایبەت بکرێتەوە بۆ چاودێریکردنی کۆمپانیاکان و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون".


(فۆتۆ: رووداو)

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێ، کاتێک لەوبارەیەوە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان قسەیان کردووە، پێشوازی لە داواکارییەکە کراوە، بەڵام "پێیانگوتین حکومەتیش دەیەوێت لای خۆیەوە پرۆژەیەک ئامادە بکات بۆ هەموارکردنەکە، هەر بۆیە پرۆژەی هەموو فراکسیۆنەکان و ئەوەی حکومەت تێکەڵ دەکرێت و دەکرێنە یەک پرۆژەی پوخت و دەوڵەمەند".

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلولی 2014 بە بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان کۆمپانیاکانی ئاگادار کردەوە لە راگرتنی مۆڵەت بە یەکەی نیشتەجێبوون. ئەوەش دوای ئەوەی ژمارەیەک کۆمپانیای بیانی و نێوخۆیی خستە لیستی رەشەوە کە پرۆژەکانیان بە نیوەچڵی جێهێشت، یان زۆر دوایانخست. رۆژی 12ی کانوونی دووەمی ساڵی 2015 بە واژۆی 15 ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیەک بۆ هەمواری یاسای وەبەرهێنان رادەستی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، بەڵام ئەوکات پەرلەمان بە کێشەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و ناکۆکییە سیاسییەکانەوە سەرقاڵ کرابوو، هەربۆیە پرۆژە یاساکە نە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا و نە خرایە بەرنامەی کارەوە.

سەرچنار ئەحمەد دەڵێ، لە سەرەتای مانگی ئەیلولەوە کار لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یاسای وەبەرهێنان دەکەن و هەوڵدەدەن پرۆژەکەیان لەگەڵ ئەو پرۆژەیە تێکەڵ بکرێت کە حکومەت دەینێرێ.

## تەیب جەبار، کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک بۆ (رووداو):

# بە نابەدڵی پۆستی پارێزگاری کەرکووکم قبوڵ کرد


تەیب جەبار
(فۆتۆ: رووداو)

**کاوە ئەمین**
**رووداو– سلێمانی**

بەردەوام بە كڵاوەوە دەردەکەوێ، رەنگە زۆر کەس پێیوابێ، ئەمە شتێکی تەقلیدیی نێو نووسەران و شاعیرانی کوردە کە ئەو جۆرە کڵاوە دەکەنە سەریان، بەڵام ئەو دەڵێت ماوەی سێ چوار ساڵە تووشی حاڵەتێک بووە ئەگەر کڵاوەکەی دابنێ، سەری هەست بە سەرما دەکات و دوای نیو سەعاتێک تووشی ژانەسەر دەبێ.

تەیب جەبار، کاندیدی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکوک، لە گوندی تەپەلوو لەدایکبووە و لە ساڵی 1963 جێیهێشتووە. گوندەکەی ئێستا چۆڵە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی چەند لایەنێکی ژیانی خۆی دەکات.

ئەو دوای ئەوەی چووەتە کەرکووک، ئەو کاتانەی لە قوتابخانە نەبووە، لە چایخانەی دوو برا گەورەکەی (تاهیر و زاهیر) کاری کردووە. تەیب جەبار لەبیریەتی کە دووکاندارەکانی دەروبەری چایخانەکە کورد و تورکمان و ئاسووری بوون، تەنیا یەک دووکانداری عەرەبی لێبووە، ئەویش خەڵکی کەرکووک نەبووە.

دوای بەیاننامەی 11ی ئاداری 1970 دەبێتە ئەندامی یەکێتی قوتابیان، بەڵام نەبووەتە ئەندامی پارتی. دواتریش تێکەڵ بە حەڵقە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بووە. دواتر بووەتە ئەندامی کۆمەڵە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، لەبەر هەندێک هۆکاری فیکری و ململانێ، لە کۆتایی 1979 وازی لە کۆمەڵەش هێنا و دەڵێت "لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا وازم لە حیزبایەتی هێناوە".

> 19 ساڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی ئەندازیاری بووم

بەڵام نایشارێتەوە کە یەکێتییە و دەڵێت "پەیوەندیم لەگەڵ یەکێتی هەیە، بەڵام ئیشی حیزبی ناکەم، هاتوچۆم دەکەن، هاتوچۆیان دەکەم و راوێژم پێدەکەن. چونکە من پێنج ساڵ لە پشکی یەکێتی بریکاری وەزیر بووم. مرۆڤ ناکرێ بێوەفا بێ. هەروەها من 19 ساڵ کۆمپانیایەکی ئەندازیاریی سکرتاریەتی مام جەلالم بەڕێوەبردووە".

تەیب جەبار کە ئەندازیارە، دەڵێت تاوەکو ئێستا چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی کردووە لەسەر مەسەلەی شار، ئەندازیاری و پرۆژە. کتێبی لەو بوارەشدا هەیە، یەکێکیشە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و دوو ساڵ سەرۆکی یەکێتییەکە بووە. هەر ئەمەش کردوویەتییە ناوێکی دیار و ناسراو.

دوای دانوستاندنێکی زۆری پارتی و یەکێتی و رەتکردنەوەی چەندین ناو کە یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک پێشکەشی پارتی کردبوون، دواجار پارتی بە کاندیدکردنی تەیب جەبار بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک رازی بوو.

تەیب جەبار دەڵێت پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی هەیە، ئەوان پێشتر چەند جارێک داوایان لێکردووە کە ببێ بە سەرۆکی شارەوانیی کەرکووک، بەڵام قبوڵی نەکردووە. سەبارەت بە کاندیدکردنی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووکیش دەڵێت: "برادەران گوشارێکی زۆریان لێکردم. تەکلیفەکە لەلایەن حیزبەوە بوو، پاساوی زۆریان هێنایەوە، گوتیان بارودۆخەکە ناسکە، تۆ کوردیت و خەڵکی کەرکووکی. پێویستمان پێتە. من ئیحراج بووم، ئەگینا حەزم لێ نییە، تاوەکو کاتی هەڵبژاردن وەعدم داوە". ئەو دەڵێت "بە نابەدڵی ئەو داواکارییەم قبوڵ کرد".

یەکێک لەو کارانەی جێی پەنجەی تەیب جەباری پێوە دیارە، شەقامی بازنەیی مەلیک مەحموودە لە سلێمانی کە لە ساڵی 1979 دروستکراوە. ئەو دەڵێت رژێم مەبەستی لەو شەقامە دروستکردنی تەوقێکی ئەمنی بوو بە دەوری شارەکەدا. لە دروستکردنی زۆربەی رێگا سەرەکییەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی و کەرکووکیش کاری کردووە. تەیب جەبار دەڵێت "چەند لە شیعر شارەزام، هێندەش لە ئەندازیاری شارەزام".

لەدوای راپەڕینیش بەشداری لە چەند پرۆژەیەکدا هەبووە و دەڵێت: "سکرتاریەتی مام جەلال کۆمپانیایەکی ئەندازیاری هەبوو، کۆمپانیایەکە بە ناوی منەوە بوو، 19 ساڵ کارم لەو کۆمپانیایەدا کرد. زۆر پرۆژەمان هەبوو. وەکو دروستکردنی خانوو بۆ دێهاتەکان، بارەگا حیزبییەکان، میوانخانەکانی مام جەلال لە دەباشان، دووکان، قەڵاچوالان، باڵەخانەی کوردسات". ئەو دەڵێت بەهۆی ئەوەی مام جەلال زۆر مەشغوڵ بوو بە سیاسەتەوە، بۆ پرۆژەکان زۆرتر پەیوەندی بە هیرۆخانەوە هەبووە.

> لەبەر ژانەسەر کڵاوەکەم دانانێم

***بینەری هەڤپەیڤینێکی ئەندازیار تەیب جەبار بن، کە شەوی چوارشەممە 2019/8/28 لە شاشەی کەناڵی رووداو بڵاودەکرێتەوە.**

> لە ساڵی 1979وە وازم لە حیزبایەتی هێناوە

## وەزارەتی ناوخۆ لیژنەی لەسەر پێکهێناون

# دوو بەرپرسی پۆلیس لە هەولێر لە گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن

**رووداو– هەولێر**

لە هەولێر دوو بەرپرسی پۆلیس لە چەند دۆسیەیەکی گەندەڵی وەک وەرگرتنی بەرتیل و راییکردنی مامەڵە بە نایاسایی، تێوەدەگلێن. وەزارەتی ناوخۆش لیژنەیەکی لەسەر پێکهێناون. بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "ئەو دوو بەڕێوەبەرە لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە و وەزارەتی ناوخۆش دۆسیەکەی ناردوون بۆ دەستەی دەستپاکی".

هەریەک لە رائید (س.ک. ئەحمەد)، بەڕێوەبەری پۆلیسی یەکێک لە قەزاکانی هەولێر و رائید (ش.س) بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی یەکێک لە ناحیەکانی هەولێر لە کارەکانیان دوورخرانەوە. بەپێی زانیارییەکان دوو بەرپرسەکەی پۆلیس بەهۆی گەندەڵی، لەوانەش وەرگرتنی بەرتیل و راییکردنی مامەڵەی نایاسایی بۆ خەڵکی سنووری کارکردنیان لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە و گواستراونەتەوە بۆ شوێنی دیکە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی دوورخستنەوەی بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاکە بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی لە گوندێکی نزیک قەزاکە کەسێک هۆڵێکی بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی لەسەر زەوییەک دروستکردووە، لیژنەی نەهێشتنی زێدەڕۆیی و قایمقامیەتی هەولێر دەیانەوێت هۆڵەکە بڕووخێنن، بەڵام خاوەنەکەی پێشیان پێدەگرێت و دەڵێت من شەش هەزار دۆلارم داوە بۆ ئەوەی رێگەم پێبدرێت هۆڵەکە دروست بکەم".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ خاوەنی هۆڵەکە کرا، گوتوویەتی پارەی داوە بە کەسێک بەناوی (هـ) و ئەویش پارەکەی داوە بە رائید (س). (ە) بەبێ ئاگاداری خۆی دەنگی تۆمار دەکرێت کە باس لەوە دەکات رائید (س) لە چەندین شوێن کاری نایاسایی کردووە و بەرتیلی وەرگرتووە، دواتر ئەو دەنگە لە پەیجێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە، بەڵام هەر زوو لادەبرێت و پەیجەکە دادەخرێت".

بەپێی قسەی ئەو سەرچاوەیە، دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ لە دۆسیەکە ئاگادار دەکرێنەوە، فەرمانێک دەردەچێت و هەردوو بەرپرسەکەی پۆلیس دەستگیر دەکرێن. پاشان بە سەرۆکایەتی د.سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکدەهێنرێ. ئەو دوو بەرپرسە شایەتی نهێنییان لەسەر هەبووە و گەندەڵی و کارە نایاساییەکانیان رووبەڕوو کراوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا دانیان بە تاوانەکەدا نەناوە، بۆیە بەکەفالەت ئازادکراون و دۆسیەکەشیان رەوانەی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە.

لەبارەی سەروەت و سامانی ئەو دوو بەرپرسەی پۆلیسیش، ئەو سەرچاوەیە دەڵێ: "هەموو سەروەت و سامانەکەیان ئاشکرا کراوە، لەگەڵ ئەو مووچەیەی وەریدەگرن یەکناگرێتەوە، بەتایبەت رائید (س) بەمدواییە خانووێکی بە بڕی 350 هەزار دۆلار لە گەڕەکێکی نێو شاری هەولێر کڕیوە، بێجگە لەوەش مەزرەعە، کارگە، دووکان، ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز و زێڕێکی زۆریشی هەیە کە بە بەراورد بەو مووچەیەی وەریدەگرێ زۆر زۆرە".

لیوا بەختیار بابان، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیەی پشتڕاستکردەوە و بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە نووسینگەی وەزیری ناوخۆوە زانیاریمان بەدەستگەیشت کە ئەو بەرپرسانەی پۆلیس هەندێک کاری نایاساییان کردووە و بەرتیلیان وەرگرتووە".

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێم گوتیشی: "لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو دوو بەرپرسەی پۆلیس. وتەکانیان وەرگرتوون، دۆسیەکەشیان بۆ دەستەی دەستپاکی ناردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن".

هێشتا دۆسیەی ئەو دوو بەڕێوەبەرەی پۆلیس یەکلایی نەکراوەتەوە. لیوا بەختیار بابان دەڵێ: "تەنیا ناوی ئەو دوو کەسە لە دۆسیەکەدا هاتووە. ئەوان هێشتا تۆمەتبارن نەک تاوانبار، چاوەڕێی دەستەی دەستپاکین بۆ ئەوەی بزانین چ بڕیارێکیان لەبارەوە دەدەن".

ئێستا ئەو دوو بەرپرسەی پۆلیس گواستراونەوە بۆ فەرمانگەیەکی دیکە و لەوێ دەوام دەکەن. بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان دەڵێ: "ئەو دوو کەسە لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە و تاوەکو یەکلابوونەوەی دۆسیەکان لەو شوێنە دەوامی خۆیان دەکەن. ئەگەر دەرکەوت تاوانبارن و پۆستەکەی خۆیان بۆ کاری نایاسایی بەکارهێناوە سزا دەدرێن. ئەگەر تۆمەتەکەشیان بەسەردا ساغ نەبووەوە دەگەڕێندرێنەوە شوێنی خۆیان".

د.ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە دۆسیەی ئەو دوو بەرپرسە لە دەستەکەیانە و بە (رووداو)ی راگەیاند: "وەزارەتی ناوخۆ دۆسیەکەی بۆ ئێمە ناردووە و ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەین". گوتیشی: "دۆسیەکە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەڵکو دوای ئەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە بەڵگەی هەبوو کە ئەو دوو کەسە گەندەڵییان کردووە، دۆسیەکەیان دەنێرێت بۆ دادگا، بەڵام ئەگەر هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نەبێت دادوەری لێکۆڵینەوە بۆی هەیە دۆسیەکە دابخات".

(رووداو) چەند جارێک پەیوەندی بەو دوو بەرپرسەی پۆلیسەوە کرد، بەڵام مۆبایلەکانیان داخرابوو.

**برایان هووک، نێردەی ئەمریکا بۆ کاروباری ئێران:**

# توانیومانە 50 ملیار دۆلار لە داهاتی ساڵانەی ئێران کەمبکەینەوە



(فۆتۆ: ڕووداو)

**نامۆ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- واشنتن**

نێردەی ئەمریکا بۆ کاروباری ئێران دەڵێت لە ڕێگەی ئەو سزایانەی بەسەر کەرتی نەوتی ئێراندا سەپاندوویانە، توانیویانە 50 ملیار دۆلار لە داهاتی ساڵانەی کەم بکەنەوە. ئەم سزایانە وای لە ئێران کردووە سەرقاڵی نێوخۆ بێت، نەک هێرشکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، تەنگی بە تانکەری نەوتیی ئێران (ئەدریان دەریا وەن) هەڵچنیوە. کەشتییەکە چەند ڕۆژێکە بە دەریای ناوەڕاستدا دەسووڕێتەوە و هیچ وڵاتێک لە ترسی سزادانی لەلایەن ئەمریکاوە ناوێری خۆی لێ بدات، ئامانجی ئێرانیش ئەوەیە کەشتییە نەوتییەکە بگاتە سووریا.

برایان هووک کە نێردەی ئەمریکایە بۆ کاروباری ئێران، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت: "ئێمە هەموو شتێک دەکەین کە لە توانامانداببێت تاوەکو ئەو کەشتییە نەوت نەباتە سووریا. چونکە ئێران داهاتی ئەو نەوتە دەبات و لە ئۆپەراسیۆنەکانی لە سووریا خەرجی دەکات. ئێمە پێمانوایە کەشتییەکە بە کرێدراوە بە سوپای پاسدارانی ئێران".

هووک دەڵێت لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لە پەیوەندیدان تاوەکو بۆیان ڕوون بکەنەوە کە ئەو نەوتە لە بنچینەدا "نەوتی تیرۆریستییە".

> ئێران ئێستا سەرقاڵی سزاکانە نەک هێرشکردن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

ئێستا ئەمریکا سیاسەتی زۆرترین گوشار لەسەر ئێران پەیڕەو دەکات کە بە گوتەی بەرپرسانی ئەمریکا ئامانجی سیاسەتەکە گۆڕینی ڕژێمی ئێران نییە، بەڵکو گۆڕینی هەڵسوکەوتی ڕژێمەکەیە.

برایان هووک پێیوایە سیاسەتەکەیان کاریگەری زۆری لەسەر داهاتی ئێران هەبووە و دەڵێت: "یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر گۆڕینی ڕەفتارەکان، بریتییە لە ڕێگری لە گەیشتنی ئەو پارەیە کە ئەوان پێویستیان پێیەتی بۆ ئەنجامدانی ئەو بازرگانییەی پێشتر دەیانکرد. ئێمە تەنیا لە ڕێگەی سزاکانی سەر کەرتی نەوتی ئێران توانیومانە داهاتی ساڵانەی بە بڕی زیاتر لە 50 ملیار دۆلار کەمتر بکەینەوە".

هەروەها دەڵێت: "ئێمە بووینە هۆی ئەوەی وەبەرهێنانی ئەورووپا لە ئێران نەمێنێ و دەبینین ئابووریی ئێران چۆن تووشی لاوازی بووە. ئێران ئێستا سەری بە سزاکانییەوە سەرقاڵە و ئەو توانایەی نەماوە وەک جاران هێرشی هێزە هاوتەریبەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڕێوەببات. بە بەراورد لەگەڵ دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر ئێران زۆر لاوازترە، هێزە هاوتەریبەکانیشی لاواز بوون، بۆیە تەنانەت ئەگەر ئێران خۆیشی ڕەفتارەکانی نەگۆڕێت، ئەوا ئێمە ناچاری دەکەین بیگۆڕێت، چونکە پارەی نییە".

یەکێک لە دراوسێیەکانی ئێران کە بەهۆی گەمارۆکانی ئێرانەوە زۆر زیانی بەرکەوتووە عێراقە، چونکە جگە لە کاڵا، وزەش لە ئێران هاوردە دەکات.

برایان هووک، سەبارەت بە ئاستی پابەندبوونی عێراق بە سزاکان لەسەر ئێران دەڵێت: "پێموایە هەموو کەسێک دەزانێ کە ڕژێمی ئێران، شاری بەغدا وەک تارانی ڕۆژئاوا تەماشا دەکات و، دەیەوێ عێراق بکاتە پاشکۆی خۆی. ڕوانگەی ئێران بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بریتییە لە سەپاندنی باڵادەستیی خۆی بەسەر ناوچەکەدا، ئەوان کە بە سوودی گەلەکەی خۆیان کار ناکەن، بۆچی دەبێ ئێمە چاوەڕێی ئەوە بکەین کە کار بۆ سوودی گەلی عێراق بکەن".

> ئێرانییەکان لەهەموو شوێنێک گەشە دەکەن جگە لە ئێران

سەبارەت بە قسەکردن لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، لەوانەش هێزە کوردییەکان. برایان هووک دەڵێت "من لەسەرانسەری جیهاندا چاوم بە ئێرانییەکانی تاراوگە کەوتووەو، یەک شت هەیە کە جێگەی سەرنجی منە، ئەویش ئەوەیە ئێرانییەکان لەڕووی ئابوورییەوە جگە لەنێو وڵاتەکەی خۆیاندا، لەهەموو وڵاتانی دیکەی جیهاندا گەشە دەکەن. بۆیە ئەوەی ئێمە کردوومانە بریتییە لە هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنی کۆمەڵگەی ئێرانی و ئێرانییەکانی تاراوگە بە ئایندەی وڵاتەکەیان هەرچەندە ناکۆکی زۆریان لەنێواندایە، بەڵام سەرئەنجام ئەوان هەموویان هاوڕان کە ئەم ڕژێمە خزمەتگوزارییەکی زۆر خراپی پێشکێشی گەلی ئێران کردووە".

# عێراق دەبێتە گۆڕەپانی جەنگی ئیسرائیل و ئێران؟

**ڕووداو- هەولێر**

لە ساڵانی هەشتاکاندا ئێران و ئیسرائیل وەک سەرچاوەی هەڕەشە لە عێراقیان دەڕوانی، هەر ئەوەش پاڵنەری هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران بوو لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەدا. هێرشەکانی چەند هەفتەی ڕابردوو بۆ سەر بنکە و جبەخانەکانی حەشدی شەعبی کە ئەمریکییەکان بە کاری ئیسرائیلی دەزانن، دەریدەخات عێراق خەریکە جارێکی دیکە ئێران و ئیسرائیل بە یەک دەگەیەنێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەک دوو دوژمنی ستراتیژی.

## فراوانبوونەوەی بەرەکانی جەنگ بۆ عێراق

لە ڕۆژی 19ی ئایاری ئەمساڵ، بەرپرسانی هەرەباڵای سیاسی و سەربازیی عێراق ڕوویان لە کۆشکی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق کرد، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)، ئامانج لە کۆبوونەوەکە یەک شت بوو: "دوورخستنەوەی ململانێی ئێران و ئەمریکا لە خاکی عێراق".

د.بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق، لەبارەی ئەگەری ڕوودانی ململانێیەکی ناوچەیی لە عێراق بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "ئێمە نە هێزی ئەوەمان بە بەرەوە ماوە، نە وزە و سەرچاوەی ئەوەمان هەیە و نە دەشمانەوێ ببینە قوربانیی شەڕێکی بە وەکالەتی دیکە، بەشی خۆمان شەڕمان بینیوە".

هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوە و دارایی پێشووی عێراقیش پێیوایە "هەندێکجار جەنگ بە ئەنقەست ڕوونادات، بەڵکو بە هۆی هەڵەیەکەوە هەڵدەگیرسێ". بەڵام ڕووداوەکانی یەک مانگی ڕابردوو دەریدەخەن دۆخەکە ئاڵۆزترە لەوەی بە "هەڵە" ناوببرێ.

بەرپرسێکی باڵای هەواڵگریی وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە کە تەقینەوەکەی 19ی مانگ لە بنکەیەکی نزیک ئامرلی بەهۆی هێرشی ئیسرائیلەوە بووە. دوو بەرپرسی باڵای ئەمریکیش دەڵێن لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئیسرائیل چەندین هێرشی بۆ سەر جبەخانەی چەک و تەقەمەنی "میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق" ئەنجامداوە. بەرپرسانی ئەمریکی ئەو زانیارییەیان بۆ ئاژانسی (ئەسۆشێتید پرێس)ی ئەمریکیش پشتڕاست کردووەتەوە.

هەفتەی ڕابردوو، بنیامین نەتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، لە هەڤپەیڤینێکی تەلەڤزیۆنیدا ڕایگەیاند: "ئێمە لە زۆر بواردا لە دژی حکومەتێک کاردەکەین کە دەیەوێ بمانسڕێتەوە. بێگومان من دەستی هێزە ئەمنییەکانم واڵا کردووە و ڕێنماییم پێداون کە ئەوەی پێویست بێ بیکەن بۆ ئەوەی پلانەکانی ئێران پووچەڵ بکەنەوە". نەتانیاهو ئاماژەی بە عێراق نەدا وەک یەکێک لەو ناوچانەی کە ئیسرائیل تێیدا بەرەنگاری ئێران دەبێتەوە.

> هێز و وزەی شەڕێکی دیکەی بە وەکالەتمان نەماوە
> د.بەرهەم ساڵح

نەتانیاهو جەختی لەوەش کردەوە کە "من لە هیچ شوێنێک پارێزبەندی بە ئێران نادەم". لە کاتێکدا ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە هەموو شوێنێک لەدژی ئیسرائیل بنکەیان دروستکردووە، لەوانەش: "لە سووریا، لوبنان، یەمەن و عێراق".

کاربەدەستە هەواڵگرییەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "هێرشەکەی 19ی تەمووز بۆ سەر بنکەیەک بووە کە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆ گواستنەوەی چەک بۆ سووریا بەکاریهێناوە و هێرشەکە لەناو خاکی عێراقەوە بۆ سەر کۆگایەکی مووشەک کراوە کە مووشەکەکانی ناوی توانای پێکانی ئامانجیان لە دووریی 125 میل هەبوو".

هێرشەکەی تەمووز، یەکەم هێرش بوو لە 40 ساڵی ڕابردوودا کە لەلایەن ئیسرائیلەوە لەناو خاکی عێراقدا بکرێ. ئیسرائیل لە ساڵی 1981 دامەزراوەیەکی ئەتۆمیی عێراقی لە نزیک بەغدا تێکدا. ئەوکات حکومەتی ئیسرائیل جەختی لەوە دەکردەوە کە سەدام حوسێن، سەرۆکی ئەوکاتی عێراق، بەنیازی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بووە.

هەر ئەو ساڵە ئیسرائیل بە بڕی 75 ملیۆن دۆلار چەک و کەرەستەی سەربازی بە ئێران فرۆشتبوو. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئیسرائیل لە نێوان ساڵانی1981 بۆ 1983 بە بەهای 500 ملیۆن دۆلار بە نهێنی چەکی بە ئێران فرۆشتووە کە ئێران لە جەنگی دژی عێراقدا بەکاریهێناون. لەو ساڵانەدا ئیسرائیلییەکان عێراقیان وەک هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەوڵەتی جوو دەزانی.

ئیسرائیلییەکان چەند ساڵێکە بنکە و جبەخانە و دامەزراوە سەربازییەکانی ئێران لە سووریا دەکەنە ئامانج. گادی ئایزینکۆت، فەرماندەی گشتیی پێشووی هێزەکانی ئیسرائیل، پێش وازهێنانی لە پۆستەکەی لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ ڕایگەیاند، ئیسرائیل "هەزاران جار" ئامانجی ئێرانی و هێزە وەکیلەکانی لە سووریا و لوبنان کوتاوە "بێ ئەوەی بەرپرسیارێتییەکەی بگرێتە ئەستۆ".

هەرچەند هەتا ئێستا ئیسرائیل بە فەرمی بەرپرسیارێتی هیچکام لە ڕووداوەکانی نەگرتووەتە ئەستۆ، بەڵام تەقینەوەی بنکە سەربازییەکان و جبەخانەکان لە چوار ناوچەی عێراق لە یەک مانگی ڕابردوودا ئاماژەن بۆ ئەوەی ئیسرائیل دەیەوێ بەرەیەکی نوێی بەرەنگاربوونەوەی ئێران بکاتەوە کە لە سنوورەکانی خۆی دوور بێ و ڕێگە لە قووڵبوونەوەی زیاتری دەسەڵاتی سەربازی ئێران لە عێراق و ناوچەکە بگرێ.

کێشەکە لە ئابی ساڵی ڕابردوودا تەقییەوە، کاتێک ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی لە زاری سەرچاوەی ئێرانی، عێراقی و ڕۆژئاوایی ئاشکرای کرد ئێران مووشەکی باڵستیکی داوە بە میلیشیا شیعەکانی عێراق و خەریکە دامەزراوەی دروستکردن و پەرەپێدانی ئەو چەکانەش لە عێراق دادەنێ. حکومەتی ئێران هەر زوو ڕاپۆرتەکەی ڕەتکردەوە، بەڵام سەرچاوەیەکی ڕۆژئاوایی بە ئاژانسە بەریتانییەکەی ڕاگەیاند "لەوە دەچێ ئێران بیەوێ عێراق بکاتە بنکەی مووشەکیی پێشەنگ بۆ خۆی".

## عێراق بەرمیلی باڕووت

جگە لە ڕووداوەکەی تەمووز، سێ حاڵەتی تەقینەوەی گوماناوی بنکە و جبەخانەی سەربازیی دیکەش لە عێراق ڕوویانداوە، کە یەکێکیان لە ڕۆژی 28ی تەمووز لە کەمپی ئەشرەف لە نزیک سنووری ئێران بووە کە بنکەی حەشدی شەعبییە. لە ڕۆژی 12ی ئاب جبەخانەیەکی چەک لە بنکەی سەربازیی ئەلسەقر لە نزیک بەغدا تەقییەوە کە جبەخانەی



هێرشەکانی ئیسرائیل تەنیا جبەخانەی ئەو میلیشیا شیعە عێراقیانەی کردووەتە ئامانج کە لە ئێرانەوە نزیکن

> دەستی هێزەکانم بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی ئێران واڵا کردووە
> سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل

چەکی کەتیبەی سەیدولشوهەدای لێبووە. دوایین حاڵەتیش لە نزیک بنکەی ئاسمانیی بەلەد لە باکووری بەغدا بووە.

ئەو گرووپانەی حەشدی شەعبی کە جبەخانەکانیان کراونەتە ئامانج، هیچیان سەر بە مەرجەعییەتی نەجەف نین، بەڵکو ئەو گروپانەن کە لە ئێرانەوە نزیکن و لە ژێر ناونیشانی گشتیی "میحوەری موقاوەمە"دا کاردەکەن، لەوانەش سەیدولشوهەدا، حیزبوڵڵا، کەتائیبی جوندولئیمام.

بەڵام ئەگەر ئیسرائیل بەڕاستی بەنیاز بێ چالاکییەکانی خۆی لەدژی ئێران بۆ عێراق فراوانبکاتەوە، کاریگەری گەورە لەسەر عێراق، ئەمریکا و ئیسرائیل دادەنێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی (ستراتفۆر) "لە سیناریۆیەکی ئاوادا گروپە جیاجیاکانی عێراق یەکدەگرن و گوشار بۆ عادل عەبدولمەهدی دەهێنن ڕێگە لە پێشێلکردنی سەروەری وڵاتەکەیان بگرێ".

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە "ئەو گوشارە کێشە بۆ سیستەمی سیاسی عێراق ئاڵۆزتر دەکات، کێشەی دیپلۆماسی بۆ بەغدا لەگەڵ دوو پایتەختی دیکەدا دروستدەکات کە عێراق ناتوانێ هیچیان پشتگوێبخات، واتە واشنتن و تاران".

ناوەندە ئەمریکییەکە ئەوەش دەخاتەڕوو ئیسرائیل هەمان جۆر فڕۆکە بەکاردەهێنێ کە ئەمریکییەکان بەکاری دەهێنن، جیا لەمە ئاسمانی عێراق بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی پاشماوەکانی داعش قەرەباڵخن، ئەو دوو فاکتەرەش یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی فڕۆکە ئیسرائیلییەکان بەناوی فڕۆکەی دیکەوە بە ئاسمانی عێراقدا بسووڕێنەوە.

جیا لەمە عێراق تەکنەلۆجیای سەربازی پێویستی بۆ لێدانی فڕۆکە ئیسرائیلییەکان نییە، بە پێچەوانەی سووریا کە سیستەمی دژەمووشەکی S300ی ڕووسیا دەتوانێ ڕێگری لە جوڵەی فڕۆکە ئیسرائیلییەکان بکات.

ئەمریکییەکان هەستیان بە مەترسیی ئەو هەنگاوەی ئیسرائیل کردووە. هەفتەی ڕابردوو، ئەبوو مەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "ئەمریکا بە هاوکاریی ئیسرائیل پلانی بۆ بەئامانجکردنی بارەگاکان بەڕێوەدەبات".

هەرچەند فالح فەیاز، سەرۆکی دەستەکە، لێدوانەکەی موهەندیسی بە بۆچوونی شەخسی ناوزەد کرد، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی عێراق دامەزراوەی دیپلۆماسی ئەمریکا لە عێراقی ئاگادارکردووەتەوە کە دەبێ ڕێگری لە دەستێوەردانی دەرەکی بکات.

> ئیسرائیل لە پشت هێرشی سەر جبەخانەکانی حەشدی شەعبییە لە عێراق
> دوو بەرپرسی باڵای ئەمریکی

بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی بە (تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە هەنگاوەکانی ئیسرائیل بۆ تاقیکردنەوەی هێڵی سوور و "هێرشە ئاسمانییەکان دەکرێ ئەمریکا ناچار بکەن عێراق جێبهێڵێ". ئەمریکا 5000 سەربازی لە عێراق هەیە کە بە ڕەزامەندی حکومەتی عێراق و بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لەو وڵاتەن.

هێزە شیعەکان لە پەرلەمانی عێراق، ماوەیەکە گوشار دەکەن بۆ دەرکردنی بڕیارێک لە پەرلەمانەوە بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ڕووداوەکانی ئەم دواییە پێگەی ئەو گروپانە بەهێز دەکات. کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، کازم حائیری، مەرجەعی شیعەی عێراقی دانیشتووی ئێران، فەتوایەکی دەرکرد بۆ دەرکردنی و بەرهەڵستکاری لە دژی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی عێراق، پاش ئەوە ڕێکخراوی بەدر ڕایگەیاند ئەو هەوڵەی حائیری دەبەنەوە نێو پەرلەمانی عێراق.

فازڵ فەتلاوی ئەندامی هاوپەیمانی فەتح لە پەرلەمانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "هاوپەیمانی فەتح لە سەرەتای وەرزی یاسادانانی نوێ لە مانگی ئەیلوو و لە ئەنجوومەنی نوێنەران پشتگیری لە فەتواکەی سەید کازم حائیری دەکات، ئەوەش لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەگەڵ واشنتن و دەنگدان بە بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە وڵاتدا. فەتواکە هەبوونی هێزەکانی ئەمریکای لە وڵاتدا کردووە بە داگیرکاری و پێشێلکردنی سەروەری عێرا".

ناوەندی (ستراتفۆر) پێیوایە بەردەوامیی هێرشەکانی ئیسرائیل "ئاسایشی هێزەکانی ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە، سەقامگیری عێراق تێکدەدات و ڕەنگە ئەمریکا ناچار بکات بە جۆرێک وەڵام بداتەوە کە ناوچەکە پەلکێشی جەنگ بکات" بە تایبەتیش ئەگەر ئێران لەسەر میلیشیاکانی حەشد بێتەدەنگ.

## دیما موسا، جێگری سەرۆکی ئیئتیلافی هێزەکانی سووریا بۆ (ڕووداو):

# عەفرین ناوچەیەکی زۆرینە کوردییە و گۆڕانی بەسەردا نایەت

دیما موسا، جێگری سەرۆکی ئیئتیلافی هێزەکانی سووریا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باس لە بابەتی ناوچەی ئارام، دۆخی ئیدلیب، عەفرین، نووسینی دەستووری نوێی سووریا و چەند پرسێکی دیکە دەکات و دەڵێت وەکو ئیئتیلاف بەدواداچوون بۆ ئەو پێشێلکارییانە دەکەن کە لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە لە عەفرین دژی کورد دەکرێن. ئەو دەڵێت ئەو دۆخە کاتییە و عەفرین دەبێ ببێتەوە بە عەفرینەکەی جاران.

**هەڤپەیڤین: کەمال ئاڤچی**
**ڕووداو - ئەنقەرە**



> ئەگەر لەڕێی ڕاپرسییەوە ئۆتۆنۆمی بدرێتە ناوچە کوردییەکان، قبوڵمانە

### ناوچەی ئارام

**ڕووداو: بەپێی زانیارییەکانی ئێوە، ناوچەی ئارام لەنێوان تورکیا و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریادا دروستدەکرێت؟ ڕێککەوتنی کۆتایی لەنێوان تورکیا و ئەمریکا کراوە؟**

**دیما موسا:** ئێمە لەگەڵ هەردوو لایەنی ئەمریکی و تورکی لەبارەی دامەزراندنی ناوچەی ئارام لە پەیوەندیداین، بێگومان وردەکارییەکانی ئەو بابەتە هێشتا ڕوون نین، ئێمە هەفتەی ڕابردوو دیدارێکمان لەگەڵ مەولوود چاوشئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا هەبوو، ڕۆژێک پێشتریش لەگەڵ لایەنی ئەمریکی. ئەوەی دیارە تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک لەسەر وردەکاری ئەو ناوچەیە.

بە بۆچوونی ئێمە، گرنگ ئەوەیە سەرنج بخرێتە سەر ئەوەی ناوچەکە ببێتە شوێنێکی ئارام بۆ سوورییەکان و پاراستنیان لە هەر لایەنێکی پێشێلکار. ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئەوا پێشوازی لێدەکەین و دڵخۆش دەبین. بەڵام تاوەکو ئێستا لەنێوان خۆیاندا لەسەر وردەکارییەکان ڕێکنەکەوتوون، ئەوان دەڵێن قسە لەسەر قووڵایی ئەو ناوچەیە دەکەن، بەڵام ئێمە پێمانوایە بابەتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە.

**ڕووداو: بۆچی ئێوە پشتیوانی لە دروستکردنی ئەو ناوچە ئارامە دەکەن؟**

**دیما موسا:** ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن پێشوازی لە دامەزراندنی هەر ناوچەیەک دەکەین کە ببێتە ناوچەیەکی ئارام بۆ سوورییەکان. لەگەڵ هەردوو لایەنی ئەمریکی و تورکی لە پەیوەندیداین و جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەوەی گونجاو بێت و خواستی سوورییەکان بهێنێتەدی، هاوکات یەکێتی خاک و گەلی سووریا بپارێزێ، پشتیوانی دەکەین. هەر شتێک پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە بێت، جێی قبووڵ نییە.

**ڕووداو: تورکیا داوا دەکات ئەو ناوچە ئارامە بە قووڵایی 20 کیلۆمەتر بێت، هێزەکانی سووریای دیموکراتیش داوا دەکەن 5 کیلۆمەتر بێت، ئێوە داوا دەکەن چەند بێت و چۆن بێت؟**

**دیما موسا:** ئێمە کاتێک قسە لەسەر قووڵایی ئەو ناوچەیە دەکەین وردەکارییەکەی گرنگ نییە بەقەد ئەوەی لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە چی ڕوودەدات. پێمانوایە ئەو وردەکارییە کاریگەری دەبێت لەسەر گەیشتن بەو ڕێککەوتنە. ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر پێکهاتەی کورد بکەین کە لەو ناوچەیەن، لەو هێڵە سنوورییە بە قووڵایی 1-2 کیلۆمەتر زیاتر لە 80%ی کوردن، بۆیە

> پێشوازی لە دروستکردنی ناوچەی ئارام دەکەین

بابەتەکە پەیوەستە بەو هێزە چەکدارانەی لە ناوچەکەن، ئێمە قسە لەسەر PYD دەکەین. تورکیا دەیەوێت قووڵایی ئەو ناوچەیە زۆر بێت و هێڵە سنوورییەکەی لەگەڵ سووریا بپارێزێت، بەڵام من پێموایە بابەتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە، تەنیا لەسەر قووڵایی ناوچەکە نییە، بەڵکو لەدوای ئەو ناوچەیە چی لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکراتی ڕوودەدات، هاوکات لەگەڵ پەیەدە و باڵە سەربازییەکەی، چی لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە ڕوودەدات، هاوکات ئەو بابەتە گرنگی خۆی بۆ ئێمە هەیە، چونکە چۆڵکردنی ئەو ناوچەیە لە هێزەکان دەبێتە ناوچەیەکی ئارام بۆ سوورییەکان.

**ڕووداو: لە ساڵانی شەستەکاندا پشتێنەیەکی عەرەبی لەسەر سنوور لە ناوچە کوردییەکان دروستکرا، ئێستا ئێوە لەگەڵ ئەوەن ئاوارەکانی ناوچە عەرەبییەکانی سووریا ببردرێنە ئەو ناوچەی ئارامە؟**

**دیما موسا:** بێگومان ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەر دەوڵەتێک هەوڵی ئەوە دەدات چی بکات، یان هەر لایەنێک تەنانەت ئەو هێزانەی لە خاکی سووریان و ئەو هەڵانەی حیزبی بەعس لە بەرامبەر سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی سووریا کردوویەتی، ناکرێت بەهیچ شێوەیەک گۆڕانکاری دیموگرافی لە سووریا بکرێت، کۆچ بە خەڵکێک بکرێت بە ئامانجی گۆڕینی هەر پێکهاتەیەک لە ناوچەکە لە بەرژەوەندی پێکهاتەیەکی دیکە. دەمانەوێت سووریا بۆ هەموو سوورییەکان بێت.

### شەڕی ئیدلب

**ڕووداو: هێزەکانی سووریا دەستیان بەسەر خان شەیخوندا گرت. چارەنووسی ئیدلب بەهەمانشێوە دەبێ؟**

**دیما موسا:** ڕژێمی سووریا هەوڵدەدات ئەوەی لە ئیدلب کردی، لە ناوچەکانی دیکەش بیکات. ئەمەش پاڵ بە خەڵکی سڤیلەوە دەنێت لە ناوچەیەکی تەسک کۆببنەوە، من باس لەو خەڵکە سڤیلە دەکەم کە باوەشیان بۆ ئۆپۆزیسیۆن کردووەتەوە، ڕژێم هەموویانی پێ تیرۆریستە، هەر یەکێک لە دژی بوەستێ و لە دژی دەربچێت و داوای ئازادی بکات، بەلای ئەوانەوە دوژمنە. بەداخەوە ماوەی 100 ڕۆژە هەوڵدەدات بەرەو ئیدلب پێشڕەوی بکات بە پاڵپشتی ڕووسیا، ئێستاش پێش ماوەیەکی کەم میلیشیای شیعەی ئێرانی هاتوون بۆ ئەوەی لەسەر ئەرزەوە پاڵپشتییان بکەن. ڕژێم بەتایبەت بە پاڵپشتی هاوپەیمانەکانی، هەوڵدەدات بە دیاریکراوی کۆنترۆڵی هەردوو ڕێگای سەرەکی M4 و M5 بکات بۆ گەیشتن بە سەرجەم ناوچەکانی سووریا بە یەکدی. دوایین شت بەلایەوە خەڵکی سڤیلە، بەپێچەوانەوە هەرچی پێیکرابێت خەڵکێکی زۆری سڤیلی ناچار بەوە کردووە لە ناوچەکانیان بچنە دەرەوە. ئەوەش ئەو خەونەی دێنێتەدی کە سەرۆکی ئەو ڕژێمە تاوانکارە لە ساڵی 2017 گوتی دەمەوێت کۆمەڵگەیەکی سووری هاوچەشنم هەبێت، تا چەند ژمارەی سوورییەکان کەم ببێتەوە بەلای ئەوەوە باشترە.

**ڕووداو: وەکو ئۆپۆزیسیۆن لەو باوەڕەدان تورکیا ئەو بەرپرسیارێتییەی لەسەر شانیەتی و ئەو بەڵێنانەی داویەتی بۆ ئیدلب بەجێی گەیاندووە؟**

**دیما موسا:** ئێمە لەلایەن خۆمانەوە وای دەبینین کە تورکیا بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لەسەر شانە، چەند هۆکارێک وای لە تورکیا کردووە ڕووبەڕووی ڕووسیا و ئێران ببێتەوە

> ڕووسیا و ئێران و سووریا پابەندی هیچ ڕێککەوتنێک نابن

> دروستکردنی ناوچەی ئارام زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە باس دەکرێ

لەو مەلەفەدا، وای دەبینین هەوڵەکانی تورکیا بۆ ناوچەی داماڵراو لە شەڕ لە بەرژەوەندی شۆڕشگێڕاندا دەبێت و دەبێتە باوەشێک بۆ ئەوان وەکو ئیدلب، بەڵام ڕووسیا و ئێران و ڕژێم بەهیچ شێوەیەک پابەندی هیچ ڕێککەوتنێک نابن، تورکیا بە تەنیا ناتوانێ ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات کە لایەنی جیا لە تورکیای تێدایە، هاوکات ئەوەی لەتوانیدابوو کردی، پاڵپشتیی گرووپەکانی کردووە لە ماوەی 100 ڕۆژی ڕابردوو لە بەرپەرچدانەوەی ڕووسیا و ڕژێم، پاڵپشتییەکی لۆجیستی ئەو گرووپانەی کردووە کە لە مەیداندا شەڕ دەکەن.

**ڕووداو: بۆچی هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام ڕازینەبوون لەو ناوچەیە بکشێنەوە؟**

**دیما موسا:** مانەوەی هەیئەی تەحریری شام پەیوەستە بە وجودی لە ناوچەکە، هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنێکی وەکو هەیئەی تەحریری شام، دەوەستێتە سەر ئاستی توندڕۆیی و ئەو بڕوایەی هەیانە، بۆ لەبەر یەکهەڵوەشاندنەوەشی پێویست بە ژینگەیەکی گونجاو دەکات، بێگومان وازۆکردنی ئەو یاداشتی لێکگەیشتنەی لە سۆچی لە نێوان هەردوو لایەنی تورکی و ڕووسی کرا، دەکرێت بڵێین لەڕووی تیۆرییەوە ژینگەیەکی گونجاوی بۆ ئەو لایەنانە دروستکرد. ئێمە قسە لەسەر تورکیا دەکەین، تورکیا دەتوانێت پاڵپشتی ئەو سوورییانە بکات کە لە ناوچەکەن لە ڕێگەی ئەنجوومەنە خۆجێییەکان و ڕێکخراوەکان و حکومەتی کاتی، دەتوانێت ئەو ڕێکخستنە لەبەریەک هەڵوەشێنێتەوە بە ڕێگەیەکی دروست نەک لە ڕێگەی بۆردومان و کوشتن. بۆیە من پێموایە دەرفەتێک بە لایەنە پەیوەندیدارەکان نەدراوە، بە تایبەت ئەو سوورییانەی لەو ناوچەیەن بۆ ئەوەی هەوڵی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکخستنە بدەن.

### دەستووری سووریا

**ڕووداو: ئێوە وەک ئیئتیلاف لەو بڕوایەدان پرسی نووسینی دەستوورێکی نوێ بۆ سووریا سەربگرێ؟**

**دیما موسا:** لە ڕاستیدا ئێمە ماوەیەکی درێژە قسەمان لەسەر ئەو بابەتە کردووە، دەتوانم بڵێم ئێستا وەکو شتێکی گاڵتەجاڕی لێهاتووە، بەڵام ئەوە ڕاستە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ نووسینی دەستوور، تەنانەت کارەکانی ئەو لیژنەیەش دیار نییە، پێکهێنانی لەسەر 6 کەس هەڵپەسێردراوە بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک دەبێت، ئێمە وایدەبینین لیژنەی دەستووری و پرۆسەی سیاسی شتێکی سڕکراو و هەڵپەسێردراوە و وەکو مردوو وایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاری ئەو میلیشیایانەی لەلایەن ڕووسیا و ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، هیچ گوشارێک لەسەر ڕژێم نەکراوە بۆ ئەوەی بێتە نێو پرۆسە سیاسییەکەوە. هیچ هەوڵێکیش نییە بۆ وەستاندنی کارە سەربازییەکانی و کۆچپێکردن و پێشێلکاری و ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە گیراوەکان دەیکات کە تاوەکو ئێستا مردن لەژێر ئەشکەنجەدان بەردەوامە، هاوکات کۆچپێکردنی زۆرەملێ لە چەندین ناوچە لە ماوەی ساڵی ڕابردوو. هیچ لایەنێک بەجیددی نەهاتووەتە نێو پرۆسە سیاسییەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئۆپەراسیۆنی سەربازی و پێشێلکاری بەردەوامە، بۆیە ناکرێت قسە لەسەر پرۆسەی سیاسی و لیژنەی دەستووری بکەین. ئۆپۆزسیۆن هەموو شتێکی کردووە، ئەوەی لێی خوازراوە لەبارەی لیژنەی دەستووری و بابەتی دیکەی پەیوەست بە پرۆسەی سیاسی، ئێستا ئەو بابەتە لە گۆڕەپانی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

**ڕووداو: بەبڕوای ئێوە کێشەی هەرە گەورە چییە لەبەردەم نووسینەوەی دەستووری نوێ؟**

**دیما موسا:** گرفتی هەرە گەورە، جددینەبوونی ڕژێمە لە بارەی لیژنەی دەستووری و پرۆسەی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی، ڕژێم و هاوپەیمانەکانی ئەگەر بیانەوێت و جیددی بن دەتوان گوشار بخەنە سەر ڕژێم و ناچاری بکەن بچێتە سەر مێزی دانوستاندن، جا بۆ پرسی دەستووربێت یان هەر بابەتێکی دیکە. دەستووریش بەشێکە لە پرۆسەی سیاسی.

**ڕووداو: ئێوە هیچ ناڕەزاییەکتان دەبێت ئەگەر پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD بەشداری لە کۆبوونەوەکانی نووسینی دەستووردا بکات؟**

**دیما موسا:** لەڕاستیدا لیژنەی دەستووری لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن، بەشێک بۆ ڕژێم و بەشێکیش بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێکهاتەکانی دیکە کە نوێنەرایەتیان لە دوو لایەنەکەی دیکەدا نییە. نامەوێت باس لە PYD بکەم وەکو لایەنێک، ئێمە کە باس لە نووسینەوەی دەستوور دەکەین، دەبێت باس لە پێکهاتەکانی گەلی سووریا بکەین، کورد نوێنەرایەتیان لە لیژنەی دەستووری هەیە، لە لایەنی ئۆپۆزسیۆن بە دڵنیاییەوە ژمارەیەک کورد هەن و نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەکەن، پێمانوایە گرنگە نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی سووریای تێدابێت کاتێک بە یەکەوە دادەنیشین بۆ نووسینەوەی دەستوور بۆ سووریای دوارۆژ. جا پەیەدەی تێدابێت یان نا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کێ نوێنەرایەتی دەکات، چۆن بەشدار دەبێت و لە چ لایەنێکەوە دەبێت، بەڵام ئێمە وەکو لایەنی ئۆپۆزسیۆن پێمانوایە زۆر گرنگە هەموو پێکهاتەکانی سووریای تێدابێت.

**ڕووداو: ئێوە ڕازین ئۆتۆنۆمی بدرێتە ناوچە کوردییەکانی وەک حەسەکە، قامشلۆ و عەفرین؟**

**دیما موسا:** دواجار دەستوور لەلایەن هەموو سوورییەکان دەنووسرێتەوە، شتێک پێویستی بە ڕاپرسی گەل هەبێت لەبەردەم هەموو سوورییەکان دەبێت، دەکرێت ئەو بابەتە ببێتە بەشێک لە گفتوگۆی پێش نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور یان دەکرێت ئاماژەی بۆ بکرێت و لەبەردەم سوورییەکان ڕوونبکرێتەوە بۆ دەنگدان لەسەری، ئێمە دەمانەوێت سووریایەکی دیموکراتمان هەبێت، هەر شتێکیشی تێدابێت بۆ ڕاپرسی، ئێمە قبووڵمانە.

### عەفرین

**ڕووداو: کەی گرتن، تاڵانکردن، سەرانەسەندن و کوشتنی خەڵکی مەدەنی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە عەفرین کۆتایی دێت؟**

**دیما موسا:** عەفرین بەشێکە لە سووریا، وەکو هەر ناوچەیەکی دیکەی سووریا بۆ ئێمە گرنگە. ئێمە چاودێری ئەو پێشێلکاریانە دەکەین کە ڕژێم یان هەر لایەنێکی دیکە لە هەر ناوچەیەکی سووریا دەیکات، بە تایبەت عەفرین یەکێکە لەو ناوچانەی کە دژ بەو ڕژێمە وەستایەوە، لەو ماوە درێژەی لەژێر دەستی پەیەدە بوو ستەمی لێکرا، ئێمە دەمانەوێت وەکو هەر ناوچەیەکی دیکەی سووریا خاڵی بێت لە پێشێلکاری، ئێمە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە گوێمان لەوەبوو پێشێلکاری

> ڕێککەوتنی سۆچی ژینگەیەکی لەباری بۆ هەیئەی تەحریری شام دروستکرد

لەو ناوچەیە دەکرێ، چاودێری بارودۆخەکەمان کردووە، هەر ناوچەیەک لە سووریا ناوچەی شەڕە، ناکۆکی سەربازی لە زۆربەی ناوچەکان هەیە، ئەمەش جۆرە ئاژاوەیەکی دروستکردووە، ناکرێت بە تەواوەتی کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام ئێمە لەلایەن خۆمانەوە وەکو ئیئتیلاف بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد و خەڵکی عەفرین ئەوانەی لە عەفرینن، هەر پێشێلکارییەک بکرێت دۆکیۆمێنتی دەکەین و چارەسەری دەکەین ئەوەندەی کە لە تواناماندابێت، بەڵام ناکرێت گەرەنتی ئەوە بدەین هیچ ناوچەکانی سووریا 100% خاڵی بێت لە پێشێلکاری.

**ڕووداو: بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سەدان خانوو دەستیان بەسەرداگیراوە، لە ماوەی 13 مانگی ڕابردوودا 2600 کەسی مەدەنی گیراون، لەوانە 1000 کەس هێشتا لە زیندانەکانی ئەو گرووپانەدان، 384 کەسی مەدەنی کوژراون کە 55 یان منداڵن و 36 یان ژنن، هەروەها دەستدرێژی بۆ سەر ژنان بە ئاشکرا باسدەکرێت. هەست ناکەن ئەو گرووپە چەکدارانەی ئۆپۆزسیۆن لە عەفرین بەوشێوەیە باوەڕی کوردیان بە ئۆپۆزسیۆنی سووریا نەهێشت؟**

**دیما موسا:** ئێمە جیاکاری لەنێوان هاووڵاتیان ناکەین، هەر دەستگیرکردن یان پێشێلکردن و ئەشکەنجەدان و کۆچپێکردن لەبەرامبەر هەر هاووڵاتییەکی سووری بکرێت، جێگەی قبووڵ نییە جا لەلایەن هەر لایەنێکەوە بکرێت.

**ڕووداو: بۆچی سیستەمی خوێندن لە عەفرین لە کوردییەوە کرایە عەرەبی، ئایا تێڕوانینی ئۆپۆزیسیۆن بۆ سووریای ئایندە بەوشێوەیە کە زمانی قسە و خوێندنی منداڵانی هەموو نەتەوەکان عەرەبی دەبێت؟**

**دیما موسا:** پێموایە ئەو بابەتە پێشتر گفتوگۆی لەسەر کراوە، قسە لەسەر وردەکارییەکی نەکراوە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن لەلایەن خۆیەوە شانازی بەسەرجەم پێکهاتەکانی گەلی سووریا دەکات، دەکرێت هەموو پێکهاتەیەک مومارەسەی پیرۆزییەکانی بکات و زمانی خۆی بەکاربهێنێ، بە دڵنیاییەوە ئێمە نامانەوێت هەموو شتێک بگۆڕین کە ڕژێمی ئەسەد کردوویەتی و دەرفەت بە پێکهاتەکان نەدرێت بە زمانی دیکە قسە بکەن و بخوێنن و ڕۆڵەکانیان فێر بکەن، بێگومان ئەمە قبووڵکراو نییە.

**ڕووداو: ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە عەفرین 95%بوو پێش هێرشی هێزەکانی تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئێستا ڕێژەی کورد**

> مەلەسەی نووسینی دەستووری نوێی سووریا بووەتە شتێکی گاڵتەجاڕ

**دابەزیوە بۆ 25% و ڕێژەی عەرەب بەرزبووەتەوە بۆ 75%، ئەوە گۆڕینێکی سیستەماتیکی دیمۆگرافی نییە؟**

**دیما موسا:** وەک دەزانن سووریا پێکهاتەی جۆراجۆری تێدایە، بێگومان ئێمە دەزانین کە عەفرین ناوچەیەکی زۆرینە کوردییە، ئەمە گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵام ئێستا ئێمە لە بارودۆخێکدا دەژین کە بەملیۆنان سووری لە ناوچەکانیان ئاوارەبوونە، بە تایبەت لە ساڵی ڕابردوودا کە شەپۆلێکی گەورەی ئاوارەبوون هەبووە لە دەوروبەری دیمەشق لە ناوچەی غوتەی ڕۆژهەڵات، لە باشووری سووریا لە دەرعا، لە دەوروبەری حومسی باکوور، بەشێکی زۆریان ڕوویان لە باکووری سووریا کرد و بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا دابەشبوون، بەشێکیشیان ڕوویان لە عەفرین کردووە، لەگەڵ ئەوەش بەشێک لە خەڵکی عەفرین ئاوارەبوون کاتێک ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەستیپێکرد، ئێمە خوازیارین لە دوارۆژدا هەموو سوورییەک بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. پێمانوایە ئێستا ئەوەی لە سووریا ڕوودەدات، قۆناغێکی کاتییە. بە داخەوە شەڕ ئەو بارودۆخەی بەسەر سەرجەم ناوچەکانی سووریادا سەپاندووە، بەڵام ئەوە قۆناغێکی کاتییە، بەو هیوایەین عەفرین بگەڕێتەوە بۆ عەفرینی جاران، ڕیفی دیمەشق بۆ ڕیفی دیمەشقی جاران و حومس بۆ حومسی جاران.

**ڕووداو: هەندێک کەسایەتی کورد و حیزبی کوردی داوا لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا دەکەن لە ئیئتیلافی هێزەکانی سووریا بکشێتەوە، لەبەر ئەو پێشێلکاریانەی لە عەفرین و بایەخنەدانی ئێوە بە هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد. کەی ئۆپۆزیسیۆنی سووری دەتوانێت کورد ڕازی بکات؟**

**دیما موسا:** تووڕەبوونی شەقام شتێکە زۆر ئاساییە ڕوووبدات، خەڵک داواکاری هەیە، بەڵام دواجار ئێمە لە ئیئتیلاف نوێنەری سەرەکی سیاسی شۆڕشی سوورییاین، هاوکات لە دەستەی دانوستاندن یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی دەستەی دانوستاندنن، پێمانوایە کاری سیاسیمان پێویستە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی سووریا بێت، ئەمەش بەدی ناهێنرێت ئەگەر هاوکارە کوردەکانمان لە ئیئتیلاف بکشێنەوە، چەندین کێشە ڕوویانداوە، ئێمە پێشتر ڕووبەڕوویان بووینەتەوە، لە ناوچەکانی دیکەش بە ڕێژەیەکی زۆر پێشێلکاری کراوە، چەندین کێشە هەن، لایەن هەبووە کە نوێنەرایەتی ناوچەیەکی کردووە داوای کشانەوەی کردووە، بەڵام ئێمە حەز ناکەین هیچ پێکهاتەیەک لە ئیئتیلافەکە بکشێتەوە.

> ڕژێمی سووریا جددی نییە لە مەسەلەی نووسینی دەستوور

> تورکیا بە تەنیا ناتوانێ ڕێککەوتنی ناوچەی لەچەک داماڵراو جێبەجێ بکات

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# داعشەکان بە بەرخی جوان و کارمامز ناویان دەهێنان



چیرۆکی 28

نەوزاد مەحموود
رووداو - دهۆک

ئۆتۆمبیلەکە سێ چەکداری تێدا بوو. شۆفێرەکە دەنگی سروودێکی ئیسلامی تاوەکو ئاستی بێزارکردن بڵند کردبوو کە زینە تەنیا ئەوەندە لە وشەکانی تێگەیشت "باسی سەرکەوتنی دەکرد بەسەر کوفردا". ئەو چەکدارەی بە قۆڵڕاکێشان ئەوی هاویشتبووە نێو ئۆتۆمبیلەکە، روویکردبووە زینە و پێیگوتبوو: "خودای من بەو شتانە رازی نابێت کە خودای تۆ پێی رازی دەبێت. کچی جوان، ئیدی تۆ گوێڕایەڵی من دەبیت و بەو شێوەیە بەدوور دەبیت لە هەر ئازار و ناخۆشییەک". بەڵام زینە ئەوکات حاڵی ئەوەندە پەرێشان بووە، هیچ قسەیەکی نەبووە بۆ گوتن.

زینە لەبیری ماوە کە ئۆتۆمبیلەکە زۆر لە بازگەی شنگال بە ئاراستەی تەلەعفەر دوورکەوتەوە. بەڵام پێش ئەوەی خۆی بکات بەنێو ئەو شارۆچکە شیعەنشینەدا، لە بارەگایەکی تازەدروستکراوی چەکدارانی داعش لایدا. ژمارەیەک چەکدار کە وشەی "برام"دەبووە پێشگری ناویان لەکاتی ئاخاوتندا، دەستخۆشییان لێکردن بەوەی رێگەیان نەداوە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە شنگالەوە بەرەو هەرێمی کوردستان هەڵبێن: "ئەم بەرخە جوانە دەبێتە خواردنی کێ؟ برام، ئەبوو حەمزە، بۆچی هەندێک کارمامزی ئاواشتان بۆ ئێمە نەهێنا؟".

**بە کۆمەڵ دەستدرێژیان کردە سەرم**

ئەبوو حەمزە، دڵنیای کردەوە زۆر زیاتر لەوەی ئەو لە بیرکردنەوەی خۆیدا مەزەندەی دەکات، ژنانی تاڵانکراو بەڕێگاوەن. کاروان دەکەوێتە رێ، ئەمجارە زینە و دوو کچی ئێزدیی دیکە پێکەوە بوون. ئۆتۆمبیلەکە ملی رێگای گرتەوەبەر بە ئاراستەی تەلەعفەر. لە رێگا یەکێک لە کچەکان بە زینەی گوتبوو "من دەزانم چیمان بەسەر دێنن، ئێمە دەکرێینە کۆیلە و کەنیزەک و هەموو شتێکمان لەگەڵ دەکەن و ناشبینە هاوژینی ئەوان".

## بە کۆمەڵ دەستدرێژیان کردە سەرم

زینە ناوی راستەقینەی خۆی نییە، ئەو دەڵێت تانە و تەشەری رۆژانەی خەڵک وەک تارماییەک بۆ هەمیشە بەدوایەوە دەبێت "چەکدارەکان لە تەلەعفەر یەکەم کاریان ئەوە بوو من لە دوو کچەکەی دیکە جیا بکەنەوە. ئەو چەکدارەی یەکەمجار لە بازگەکە بە منیدا هەڵگوت، منی بردە خانوویەکی چۆڵ، دواتر دوو چەکداری دیکەی بانگکرد و پێکەوە دەستدرێژییان کردە سەرم".

دوای ئەوەی کاری خۆیان کرد، یەکێک لە چەکدارەکان رووی لە زینە کردبوو: "پێویست ناکات هیچ بشاریتەوە"، مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی، ئەوە مۆبایلە و تەلەفۆن بۆ کێ دەکەیت بیکە. بە شێخەکەت بڵێ با ئۆباما تێبگەیێنێ کە چیتان بەسەر هاتووە".

بەڵام نە مۆبایلەکەی بە راستی دایە زینە و نە زینەش هێز و گوڕی ئەوەی تێدا مابوو گوێ بەو ئامێرە بچووکەوە بنێ و سکاڵای درێژی خۆی بگەیەنێتە هیچ کەسێک.

خۆر نیشت و دنیا تاریک داهات. چەکدارەکە دەرکەوتەوە و پێیگوت دوای بکەوێت "بردمییە خانوویەکی دیکە کە چەند ژنێکی دیکەی تێدا بوو، لەوێ تێگەیشتم، من خەو نابینم و هەر بەڕاستی جارێکی دیکە گوندەکەی خۆم و خێزانەکەم نابینمەوە".

**لەمیا: تۆ دەزانی ئێمە لەکوێین؟**
**زینە:** تەنیا دەزانم شوێنێکە پێیدەڵێن تەلەعفەر.
لەمیا: هەموو شنگال و کۆمەڵگەی ئێزدی هێنراونەتە ئێرە. لەوانەیە خێزانەکەشت چەند مەترێک لێتەوە دوور بن.
**زینە: بەڵام بۆچی ئێمە لێرە جیاکراوینەتەوە؟**
**لەمیا:** بۆ ئەوەی کە خۆیان دەیانەوێ، بەڵام بزانن ئەوە لەدەستچوونی حەیا و ئابڕوو نییە. چونکە ئێمە هیچمان لەدەستنایەت.

لەمیا، لەنێو هەموویاندا چاوکراوەتر و ژیرتر دەردەکەوت. دوای کەمێک بێدەنگی هەڵیدایێ و وەک ئەوەی بیەوێ بەرچاوی کچەکان رۆشن بکاتەوە: "دەزانم کەس نایەوێ باسی ئەوە بکات کە دەستدرێژی کراوەتە سەر، بەڵام ئەمانە کۆمەڵێک دڕندەی برسین، ئەوەی بیانەوێ دەیکەن، دەیفرۆشن، زەلیلی دەکەن، تاوەکو زۆرتر داواکارییەکانیشیان رەتبکەیتەوە و رەق مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت، دەتدەنە دەست کەسانی دڕندەتر".

لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەی لەو خانووەدا مابوونەوە، زینە چەند جارێک دەستدرێژی کرابووە سەر، هیچ گرنگییەکی نییە بۆ ئەو، ناوی ئەو دەستدرێژیکارانە ریز بکات کە هیچیان ناوی راستەقینەی خۆیان نەدەگوت، بەڵام چیرۆکی یەکێک لە دەستدرێژییەکان بە ئازارە. ئەو رۆژەی لە ماڵی یەکێک لە ئەمیرەکاندا دایاننا و پێیانگوت بچێتە یەکێک لە ژوورەکان بە جوانترین شێوە خۆی ئامادە بکات و ئارایشت بکات و جلوبەرگی وروژێنەر بپۆشێت: "ئەمیرەکە، یەکێک بوو لەو پیاوە ناشیرینانەی هەرگیز نەمبینیبوو، من رەتمکردەوە خۆم رادەستی بکەم و زۆری لێدام، دواتر دوو لە چەکدارەکانی بانگ کرد و پێیگوتن سەری خۆم لەگەڵ ئەم بەرەڵڵایە نایەشێنم، ئێوە بۆ خۆتان چیتان دەوێ لەگەڵی بکەن، لەوکاتەدا قسەکانی لەمیام بیرکەوتەوە، کاتێک پێیگوتین هەر فەرمانشکێنییەکی ئەوان، خراپتری بەدوادا دێت".

زینە، دواجار کەوتە نێو یەکێک لە کاروانی کەنیزەکەکان کە بردرابوون بۆ رەققە. لەوێ لە نێو باڵەخانەیەکی کۆن و داڕزاو دانرابوون. زینە ئەوێ بە"زیندان"ناو دەبات. ئەوێ وێستگەی یەکەمی هێشتنەوەیان بووە، بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەن بۆ فرۆشتن. رۆژی دواتر، چەکدارێک چووەتە نێویان بۆ ئەوەی هەرچی بە مێشکیدا دێت لەبارەیانەوە بپرسێ و لە دەفتەرەکەی دەستیدا تۆماری بکات: "لەگەڵ

**هەندێک ئافرەت لە رێگەی برینی دەماری دەستیانەوە هەوڵی خۆکوشتنیان دەدا**

کچە جوانەکان زۆرتر دەمایەوە و وردەکاریی زۆرتری لەوان دەپرسی. ئەو هیچ کچێکی لەگەڵ خۆی نەبرد، بەڵام رۆژی دواتر کە لە گۆڕەپانەکە کۆکراینەوە بۆ ئەوەی نیشانی چەکدارانمان بدەن، ئەو جوانترین کچی لەگەڵ خۆی برد".

زینە، مەچەکی خۆیم نیشان دەدات و داوام لێدەکات سەیری ئاسەواری ئەو برینەی سەر دەستی بکەم. هێڵی برینەکە وەک دەستوخەتی نەخوێندەوارێک خواروخێچە "دەبوو ئەو رۆژە من بمردمایە. لە گەرماوی ماڵەکە تەنیا پێمکرا پەرداخێک بشکێنم و بە پارچە شووشەیەک دەماری دەستم ببڕم، بۆ ئەوەی مردنی خۆم پێشبخەم.

**بۆ ئەوەی چیدی دەستدرێژیم نەکرێتە سەر بووە کەنیزەکی پیرە پیاوێک**

دەتوانم سوێندت بۆ بخۆم، نیوەی کچان و ژنانی ئێزدی، ئەو برینە بەسەر مەچەکیانەوە هەیە".

بۆچی زۆربەیان ئەو شێوازەیان بۆ خۆکوشتن هەڵدەبژارد؟ زینە دەڵێت چونکە چەکدارانی داعش هەموو رێگاکانی خۆکوشتنیشیان لەوان داخستبوو: "راستی بڵێم، رەنگە هەندێک لە کچان بە مەبەستی خۆکوشتنی راستەقینە وایان نەکردبێت و تەنیا بۆ ترساندنی چەکداران بووبێت، تاوەکو ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت نەچنە لایان، خەڵکیش هەبوون بەو رێگەیە هەر بەڕاستی خۆیان کوشت، بۆ نموونە کچێکی تەمەن 12 ساڵ ئاوا خۆی کوشت کە دوای ئەوەی چەند کەسێک ئاڵوگۆڕیان کرد، دواتر فرۆشتبوویانەوە بە پاکەتێک جگەرە".

## ئەوەی هەیە تێکیناداەم

برینەکەی دەستی زینە تەنیا ئەوەندە بەکەڵکی هات، چەکدارەکەی تووڕە کرد بۆ ئەوەی بیفرۆشێتەوە بە کەسێکی دیکە: "دەبینی دەتدەم بە کێ. کەمێکی دیکە سەت خۆزگە بە من دەخوازیت". پیاوێکی پیر کە نزیک بووە لە تەمەنی باپیرییەوە، کاتێکی زۆر لە سەودا و مامەڵەی کڕینی ئەودا نەمایەوە و زینەی لەگەڵ خۆی برد: "بەڵام ئەوە بۆ من باشتر بوو. چونکە ئەو پیاوە زۆر پیر بوو، بە ئەبوو ساڵح ناویان دەبرد. تەنانەت زۆر بەکەمی دەیانبرد بۆ شەڕ، ئەو لە ماڵەکەیدا پێیگوتبوو دەبێ گوێڕایەڵی بێ و بیر لە راکردن نەکاتەوە.

"ئەوەی هەیە لە خۆمی تێکنادەم" زینە، وەک ئەوەی هێشتا لە ماڵی چەکدارە تەمەن هەڵکشاوەکە بێت، دەڵێ "باشتر بوو بۆ من بێدەنگ خزمەتی بکەم و لەوێ بمێنمەوە نەک لە بەردەستی کەسانێک بم رۆژانە دەستدرێژی بکەنە سەرم. هەرچۆن بوو ماوەی مانگێک لەگەڵ ئەو رامکێشا".

ئێوارەیەک ئەبوو ساڵح رووی کردە زینە و پێیگوت، بیرۆکەی فرۆشتنی ئەو لەسەری داوە و لەوانەیە کەسێک لەو رۆژانە بێتە ماڵەوە بۆ کڕینی.

**زینە: ئایا هیچ کەمتەرخەمییەکم هەبووە، بیر لە فرۆشتنم دەکەیتەوە؟**
**ئەبوو ساڵح:** مەسەلەکە پەیوەندی بەوە نییە. من دەمەوێ لێرە بڕۆم و دەچمە شارێکی دیکە.
**زینە: دەتوانم لەگەڵت بێم.**
**ئەبوو ساڵح:** ئەگەر ئەوە بۆ من گونجاو بووایە، بۆ خۆم دەمبردی، بەڵام تۆ سەرەتا هەر شەڕت پێدەفرۆشتم، بۆچی ئێستا دەتەوی لەگەڵ من بمێنیتەوە؟
زینە: بێدەنگ دەمێنێتەوە.

زینە، خۆی باش دەیزانی بۆچی هەڵوەدای ئەو پیاوە بووە. دڵنیابوو لەوەی فرۆشتن بە مانای گەڕانەوە دێت بۆ لای کەسانێک کە هیچ دانوستاندنێک لەگەڵ حەزەکانیان ناکرێت.

"من بڕیارم داوە لەگەڵت بمێنمەوە تاوەکو ئەو کاتەی تۆ بتەوێ". زینە وای بە ئەبوو ساڵح گوتبوو.

## قەرزەکەی بە چی دایەوە؟

چەند کاژێرێک بەر لە رۆیشتنی، چەکدارێکی تونسی رەشتاڵەی کەڵەگەت بە ئەبوو ساڵحی گوتبوو: دەیەوێ ئەو کچە ببینێ کە بە وێنە بۆی ناردبوو "ئەوەتا لە ژوورەوە، دەتوانی بێیت و بیبینی". کارلەکار ترازابوو "دەبوو دوای بکەوم و چارەنووسی نوێم قبوڵ بکەم، ئەو بەدرێژایی ئەو رێگایەی پێیدا رۆشتین وشەیەک لە دەمی نەهاتە دەرەوە، بە شێوازی سەیرکردنی وادەرنەدەکەوت من بەدەست کڕیارێکی ئێجگار توند و خراپەوە بم، بەڵام ئەوان هەمیشە کەسانی ناپەسەندبوون و چاوەڕوانی چاکەیان لێنەدەکرا".

لە گوندێکی نزیک تەبقە، نزیکەی دوو هەفتە لەگەڵ ئەو چەکدارە مایەوە. لەوێ هەلی ئەوەی دەستگیر بوو، ژنێکی دیکەی ئێزدی ببینێ لە ماڵی

**ئافرەتێکی ئێزدی لەبری قەرز فرۆشرا**

داعشێکی لیبیدا. ژنەکە بۆی باسکردبوو، چۆن لە تاو ئازاری لەدەستدانی هاوژینەکەی و دواتر کوشتنی باوکی لەبەرچاوی خۆی و دواتریش دانانی کوڕە تەمەن 8 ساڵەکەی، تووشی نەخۆشییەکی قورس بووە و ناو و ژمارەی تەلەفۆنی نزیکترین کەسەکانیشی لەیادکردووە. بۆی باسکردبوو چۆن یەکێک لەو چەکدارانەی بۆ ماوەی دوو مانگ دەستدرێژی کردووەتە سەری و پاش بێزاربوون لێی، بردوویەتییە بازاڕ و لەوێ لە بەرامبەر قەرز، داویەتی بە هاوڕێیەکی خۆی "داعشێک منی بە قەرز کڕی، بەڵام چەندی کرد پارەکەی پێنەدرایەوە و دواتر پێیگوتم کەسێک هەیە بڕێک قازانجم پێدەدات، بۆیە دەتفرۆشمەوە و قەرزەکەی پێدەدەمەوە، هێشتا بڕێک پارەشم بۆ دەمێنێتەوە".

زینە دەڵێ کاتێک گوێی لە خەمەکانی ئەو ئافرەتە بووە، هەموو خەمەکانی خۆی بیرچووەتەوە.

چەند جارێکی دیکە کڕین و فرۆشتن، زینەی هەڵدایە کون و قوژبنی شار و شارۆچکەکانی

**کچێکی ئێزدیان بە پاکەتە جگەرەیەک فرۆشت**

بندەستی داعشەوە. هەر یەکێک لەوانە، بۆ خۆی چیرۆکێکە لە بارەی هەرزانبوونی نرخ و بەهای مرۆڤ.

زینە خوازیاری ئەوەبوو بەنێو پێچ و پەنا تاریکەکانی ئەو وردەکارییەدا نەیگێڕمەوە بۆ دواوە کە رۆحی ئەویان وێران کردووە "لەبەر ئەوەی چەکدارانی داعش هەموویان لە بێویژدانیدا لەیەک دەچوون، چیرۆکی ئێمەی ئێزدیش هەموو لەیەک دەچن، بەسەرهاتەکانمان هەموو دووبارەن، دەڵێی یەک پیاو هەموومانی چەوساندووەتەوە. من کاتێک ئازاد بووم و ژنانی دیکەم بینی و قسەمان لە بارەی رابردووی خۆمان دەکرد، هەموویان هەمان چیرۆکی منیان هەبوو".

## دوایین نزای زینە

وەک خۆی دەڵێ "هەر چۆن بوو رزگارم بوو" رزگاربوون لەدەستی ئەو خەڵکانەی، لە تەنیشت جیهادی رەشەکوژییەوە، وەستایەکی کارامەی بەدەستهێنانی چێژەکانی ژیانیشیان بوون لە جەستەی داگیرکراوی ئەودا. ئێستا خەونی زینە، گەشتێکی بێگەڕانەوەیە. خەونی پەناهەندەیی و رووکردنە یەکێک لەو وڵاتە رۆژئاواییانەی، سۆزی ئەوەیان داوە بڕێک میهرەبانی پێشکەشی لێقەوماوانی ئێزدی بکەن. بەڵام ئایا هێندەی پارە بەدەستەوەیە ئەو خەونە بکڕێت؟ تاوەکو کۆتایی قسەکانی گوێمڕادێرابوو، تێگەیشتم ئەوە تەنیا خۆزگەی وەدینەهاتووە و زۆرجاران نزاش دەکات بۆ ئەوەی خودا یارمەتی بدات گەشتێکی بێگەڕانەوە بکات: "زۆر کچ و ژنی ناسراوم لە دەرەوەن، هەندێکجار لەگەڵیان دەدوێم، دەزانم لە ناخەوە تەواو ئاسوودە نین، بەڵام زۆر لە ئێمە باشترن. تۆ دەزانی ئێمە هێشتاش نازانین دەگەڕێینەوە نێو ماڵە رووخاوەکانمان یان نا؟ نازانین هێشتا داعش چەند لێمانەوە دوورە؟ کێیە ئەوەی گەرەنتی دەدات ئێمە دەگەڕێینەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆمان؟".



## ئەمساڵ 10 ملیۆن گەشتیار سەردانی ئەنتاڵیایان کردووە

**روودا- ئەنتاڵیا**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی رۆشـنبیری و گەشـتوگوزاری ئەنتاڵیا، لەسـەرەتای ئەمساڵ تاوەکو 22ی ئاب، 10 ملیۆن و پێنج هەزار و 323 گەشتیار لە رێگەی هەردوو فرۆکەخانەی ئەنتاڵیا و غازی پاشا سـەردانی ئەنتاڵیایان کردووە. بەم پێیە لە هەمان ماوەی ئاماژە پێکراودا ژمارەی گەشـتیاران بەرێژەی 17% زیادیکردووە.

هەر بەپێی داتاکان، گەشتیارانی رووسی لە ریزبەندی یەکەمی گەشتیاراندان کە سەردانی ئەنتاڵیایان کردووە و گەشتیارانی ئەڵمانیش لە ریزبەندی دووەمدا دێن. لە هەمان ماوەی ساڵی 2017 دا، شەش ملیۆن و 609 هەزار و 636 گەشتیار سەردانی ئەنتاڵیایان کردبوو.

# بەرهەمی برنجی خۆماڵی لە دوو ساڵی رابردوودا 55% زیاد بووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**روودا- هەولێر**

ماوەی چەند سـاڵێکە خواسـت لەسـەر برنجی خۆماڵـی زیـاد بووە، بـەم هۆیەشـەوە جووتیاران جارێکی دیکە روویان لە چاندنی برنج کردووەتەوە. مـاوەی دوو سـاڵە رووبەرێکـی فـراوان لە هەرێمی کوردستان بەگشـتی و پارێزگای دهۆک بەتایبەتی بە برنج دەچێنرێ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشوکاڵ و سەرچاوەکانی ئـاو کە پشـتی بە داتـای کشـتوکاڵی پارێزگاکان بەسـتووە، بەرهەمی دوو سـاڵی رابردووی برنج لە هەرێمی کوردسـتان بەراورد بە دوو سـاڵی پێشتر 55.6% زیاد بووە، بەجۆرێک بڕی بەرهەم لە 4،934 تۆنـەوە لە 2016 بۆ 13.485 تۆن لە 2018 زیادی کردووە.

ئەحمەد کامیـران، بەڕێوەبـەری خزمەتگوزاری کشـتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (روودا)ی گوت: "بەهۆی زیادبوونی خواست لەسـەر برنجی خۆماڵی، جارێکـی دیکە جووتیاران روویان لە چاندنی برنج کردووەتەوە. پێشتر ساڵانە نزیکـەی 6 تاوەکو 8 هەزار دۆنـم زەوییان بە برنج دەچاند، بەڵام ئەم رووبەرە لە دوو سـاڵی رابردوودا بـۆ دوو بەرامبـەر زیاد بووە، بۆ نموونە لە سـاڵی 2016 رووبەری 6،309 دۆنم زەوی بە برنج چێنراوە، بەڵام لە ساڵی 2018 بۆ 16،171 دۆنم زیاد بووە".

بەپێـی توێژینـەوەکان کەشـوهەوا و خاکـی کوردسـتان زۆر گونجـاوە بۆ چاندنـی برنج، بەڵام ئـەم بەرهەمە وەکو پێویسـت گرنگی پێنـەدراوە، ئەمـە لەکاتێکدایە برنج خۆراکی سـەرەکی زۆربەی دانیشتووانەکەیەتی.

وەزارەتـی کشـتوکاڵ 38.5 کیلـۆ برنجـی بـۆ پێویستیی ساڵانەی تاک دیاری کردووە.

بەپێی داتاکانی دەسـتەی ئامار، ساڵی رابردوو ژمارەی دانیشـتووانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 895 هەزار کەس بووە. بەو پێوەرە بێت هەرێمی کوردستان بێ ئاوارە و پەنابەران ساڵانە پێویستی بە نزیکـەی 227 هەزار تۆن برنجە کە بەرهەمی ناوخۆ نزیکەی 6%ی ئەو برە پڕدەکاتەوە.

> **ئەمساڵ جووتیارانی دهۆک 19 هەزار دۆنم برنجیان چاندووە**

سـەرجەم ئـەو جـۆرە برنجانـەی لەناوچـە جیاوازەکانـی هەرێمـی کوردسـتان دەچێنرێـن لە جـۆری برنجی خڕی دەنک کورتن، بەڵام بەگوێرەی ناوچـەکان ناوی جیاوازی لێنـراوە. وەک مەولەوی، بازیان و نەگازە لە سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە. بەرازیلی، شـەش مانگی و سێ مانگی و سەدری لە پارێزگای دهۆک و هەولێر.

لـەڕووی رووبـەری چانـدن و بـڕی بەرهەمەوە، پارێزگای دهۆک لەسـەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە پلەی یەکەمدایە. سـاڵی رابردوو جووتیارانی ئەم پارێزگایە رووبـەری 11.726 دۆنم زەوییان بە برنج چانـد و 9.382 تۆن بەرهەمیـان هەبوو کە دەکاتە نزیکەی 69.5% کۆی بەرهەمی ساڵی رابردووی برنج لە هەرێمی کوردستان.

لەپارێـزگای دهـۆک برنـج زیاتـر لە سـنووری قەزاکانـی ئاکرێ، بـەردەڕەش، شـێخان و ئامێدی دەچێنـرێ. لـەڕووی چاندن و بڕی بەرهەمیشـەوە قەزای ئاکرێ لە پلەی یەکەمدایە.



لە هەرێمی کوردستان ساڵانە 227 هەزار تۆن برنج دەخورێ

خـدر دێوالـی عەبدوڵـڵا، بەڕێوەبـەری پلان و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی دهۆک، بە داتا باسـی زیادبوونـی رووبەری چێنراو و بڕی بەرهەمی برنج لە سـنووری پارێزگای دهۆک دەکات و دەڵێت: "لە ساڵی 2017 جووتیارانی دهۆک رووبـەری 9،764 دۆنم برنجیان چاند و 7،811 تۆن بەرهەمیان هەبوو. سـاڵی 2018 رووبەری 11،726 دۆنم برنجیان چاند و 9،382 تۆن بەرهەمیان هەبوو. بەپێـی ئـەو داتایانەی لەبەردەسـتدان، ئەمسـاڵ جووتیارانـی دهۆک رووبەری 19،764 دۆنم برنجیان چاندووە. بڕشتی برنج بۆ هەر دۆنمێک 800 کیلۆیە، بۆیە پێشبینی دەکەین بەرهەمی ئەمساڵ بەتەنیا لە دهۆک بگاتە زیاتر لە 15،800 تۆن".

خـدر دێوالی دەڵێت: "لەڕێگەی دۆزینەوەی بازاڕ بـۆ برنجـی خۆماڵی لە ناوخـۆ و دەرەوە، هەروەها زیادکردنی پاڵپشـتییەکانمان و هاندانی جووتیاران بـۆ چاندنی برنج، لەهەوڵداین تاوەکو چوار سـاڵی داهاتـوو رووبەری چێنـراو و بڕی بەرهەمی برنج لە دهۆک بۆ دوو هێندەی ئێستا زیاد بکەین".

لـە جیهانـدا دوو خێزانـی بـاوی برنـج هـەن، ئەوانیش خێزانی (جابونیکا و ئیندیکا)یە، کۆمەڵەی جاپۆنیکا زیاتر بۆ کەشوهەوای باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا گونجاوە. بەڵام کۆمەڵەی ئیندیکا لە زەوییە نزمە ئاوییەکانی ئاسیا دەچێنرێ، قەبارەی برنجەکەشـی سـێ جۆرە (درێژ، مامناوەند، خڕ)، برنجی خۆماڵیش لە جۆری ئیندیکای خڕی کورتە.

زانـا محەممـەد، بەڕێوەبـەری توێژینـەوەی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، دەڵێت: "لە ئەنجامی توێژینـەوە دەرکەوتـووە خـاک و ئـاو و هـەوای کوردستان زیاتر بۆ برنجی جۆری خڕی دەنک کورت گونجاوە. بەڵام لە بانکی بۆماوەیی بەغدا سـێ جۆر برنجی کۆنی عێراقیمان دەسـتکەوتووە، یەکێکیان برنجێکـی دەنک درێژی ئۆرگانییـە و توێژینەوەمان لەسەر چاندنیان کردووە زۆر گونجاون لەگەڵ کەشی کوردستان و بڕشتی باشە، ئێستا هەوڵی زیادکردنی تۆوەکەی دەدەین".

> **پێشبینی دەکەین ئەمساڵ بەرهەمی برنجی دهۆک بگاتە 15 هەزار تۆن**
>
> بەرپرسێکی کشتوکاڵی دهۆک

بەهـۆی بەکارهێنانـی بنەتۆی بـاش و ئامێری هاوچـەرخ بۆ چاندن و دروێنە، بەرهەمی یەک دۆنم برنـج لە وڵاتانی پێشـکەوتوو دەگاتە 6 تاوەکو 10 تۆن، بەڵام لە کوردسـتان تائێسـتاش بە شێوازی کلاسـیکی برنـج بەرهەم دێـت، بۆیە لە باشـترین حاڵەتدا بەرهەمی دۆنمێک لە 1.5 تۆن تێناپەڕێ.

زانـا محەممەد دەڵێت: "ئەو هۆکارەی وایکردووە بەرهەمـی وڵاتـان لـە یەکـەی رووبـەر زۆر لە هی کوردسـتان زیاتر بێت ئەوەیە ئـەوان بۆ زیادبوونی بەرهەم دەسـتکاری جیناتی برنجەکانیان کردووە و بەشێوازی شەتڵ برنج دەچێنن. ئامێری پێشکەوتوو بۆ چاندن و دروێنە و پاککردنی بەکاردەهێنن، بەڵام لە کوردستان تا ئێستاش ئامێری کلاسیک بۆ چاندن و دروێنـە و پاککـردن بەکاردێـت. ئـەو برنجانەی جووتیارانی کوردستان دەیچێنن دەستکاری جیناتی نەکراوە و بە تۆو دەیچێنن".

# کەرتی بیناسازی لە کوردستان هێشتا لە شۆکی قەیرانی ئابووریدایە



سالّی رابردوو مۆڵەتی دروستکردنی نزیکەی 10 هەزار باڵەخانە و خانوو دراوە (فۆتۆ: روودا)

**رەوا عەبدوڵڵا**
**روودا- هەولێر**

بەپێـی ئامارێـک، لـە مـاوەی شـەش سـاڵی رابـردوودا، بەهـۆی قەیرانـی دارایـی و راگرتنـی پێشینەکان و شـەڕی داعشـەوە، پاشەکشەیەکی گەورە لە کەرتی بیناسـازی لە هەرێمی کوردستان روویداوە، بەجۆرێک ژمارەی مۆڵەتی دروسـتکردنی خانوو و باڵەخانە بەڕێژەی 64% کەمی کردووە.

بەپێـی داتاکانـی دەسـتەی ئامـاری هەرێمی کوردسـتان کە پشـتی بە ئامـاری شـارەوانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەستووە، لە ماوەی شەش سـاڵی رابردوودا پاشەکشـێیەکی گەورە لە ژمارەی مۆڵەتی دروستکردنی خانوو و باڵەخانە لە هەرێمی کوردسـتان روویداوە، بەجۆرێک لە سـاڵی 2013 شـارەوانییەکان مۆڵەتیان بە دروسـتکردنی 27.269 خانوو و باڵەخانە بە تێچووی زیاتر لە دوو ترلیۆن و 46 ملیار دینار داوە، بەڵام ساڵی رابردوو تەنیـا مۆڵـەت بـە دروسـتکردنی 9.746 خانوو و باڵەخانە بە تێچووی نزیکەی 658 ملیار و 2 ملیۆن دینار دراوە. لەم داتایەدا دەردەکەوێت دروستکردنی خانوو و باڵەخانە لە ساڵی 2018 بەراورد بە ساڵی 2013 بە رێژەی 64.2% کەمی کردووە.

بەپێـی ئامارەکـە، سـاڵ بـە سـاڵ رێـژەی پاشەکشـەکە رووی لە زیادبوون کردووە. لە ساڵی 2013 مۆڵـەت بـە دروسـتکردنی 27.269 خانوو و باڵەخانـە دراوە. لە سـاڵی 2014 بـۆ 20،339 مۆڵەت، لە سـاڵی 2015 بـۆ 15،047 مۆڵەت، لە سـاڵی 2016 بۆ 11.293 مۆڵەت، لە ساڵی 2017 بـۆ 9.110 مۆڵـەت دابەزیوە. ئەگەرچـی ژمارەی مۆڵەتـەکان لە سـاڵی رابـردوو بەراورد بە سـاڵی پێشـتر 6.6% زیادی کردووە، بەڵام هێشتا کەرتی بیناسـازی بەتایبەت دروسـتکردنی خانوو، شۆکی قەیرانی دارایی بەری نەداوە.

مـوراد زەینـەڵ ئەحمـەد، بەڕێوەبەری بەشـی ئامـاری بیناسـازی لە دەسـتەی ئامـاری هەرێمی کوردسـتان، کە سەرپەرشتی کۆکردنەوەی داتاکان و رووپێـوی هۆکارەکانی پاشەکشـێی لـە کەرتی بیناسازی کردووە، دەڵێت: "هۆکاری ئەو پاشەکشێ گەورەیەی لە شـەش سـاڵی رابـردوودا لە کەرتی بیناسازی روویداوە، دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی دارایی، شەڕی داعش، راگرتنی پێشینەی نیشتەجێبوون و پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران".

بەهـۆی کەمبوونـەوەی خواسـت لەسـەر دروسـتکردنی خانوو و باڵەخانە، تێکڕای دەسـتی کار و کەرەسـتەکانی بیناسازیش رووی لە دابەزین کـردووە، بەجۆرێک تێکـڕای تێچووی یـەک مەتر دووجا لە کاری بیناسـازی لە ساڵی 2013 بە 268 هەزار دینار خەملێنراوە، بەڵام لە سـاڵی 2018 بۆ 231 هەزار دینار دابەزیوە، سـاڵی 2016 کەمترین ئاسـتی تۆمار کردووە کە تەنیـا 214 هەزار دینار بووە.

مـوراد زەینەڵ دەڵێـت: "جیاوازییەکـی زۆر لە تێکڕای تێچووی دروسـتکردنی یـەک مەتر دووجا لەکاری بیناسـازی لە نێـوان پارێزگاکانـدا هەیە. بەرزترین تێچوو لە پارێزگای دهۆک بووە لە ساڵی 2013 کە 303 هەزار دینار بووە. لە سـاڵی 2018 بـۆ 288 دابەزیـوە. دوای ئەو پارێزگای سـلێمانی دێت کە پێشـتر تێچـووی دروسـتکردنی مەترێک دووجا لە کاری بیناسـازی 260 هەزار دینار بووە. سـاڵی رابردوو بـۆ 191 هەزار دینـار دابەزیوە. لە پارێـزگای هەولێریش لـە 253 هـەزارەوە بۆ 227 هەزار دابەزیوە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش ئاسـتی بژێوی خەڵک و جیاوازیی دەستی کار بووە".

مـراد زەینەڵ گوتی: "قەیرانی دارایی و راگرتنی پێشـینەکان و پاشـەکەوتی مووچـە، کاریگـەری لەسەر کەمبوونەوەی تێچووی دروستکردنی خانوو و باڵەخانەکانیـش هەبـووە و تێچـووی یەک مەتر دووجا لە دروسـکردنی خانوو بەرێژەی 14% کەمی کردووە".

لـەڕووی زۆریی ژمارەی مۆڵەتی دروسـتکردنی خانوو و باڵەخانە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پارێزگای هەولێر لەپلەی یەکەمدایە. لە ساڵی 2013 مۆڵەت بە دروستکردنی 11،756 خانوو و باڵەخانە دراوە، بـەڵام لە سـاڵی 2018 بـۆ 4،419 مۆڵەت دابەزیـوە. پارێزگای سـلێمانی بـە پێدانی 9،153 مۆڵـەت لـە 2013 لە پلەی دووەم بـووە، بەڵام لە ساڵی 2018 ژمارەی مۆڵەتەکانی بۆ 3،158 مۆڵەت دابەزیوە، پارێزگای دهۆک بەپێدانی 5،346 مۆڵەت لـە 2013 لە پلەی سـێیەم بووە، بەڵام لە سـاڵی رابـردوو ژمـارەی مۆڵەتەکانی بـۆ 1،567 مۆڵەت دابەزیـوە. گەرمیانیـش ژمـارەی مۆڵەتەکانـی لە 1،014 مۆڵەتەوە بۆ 575 مۆڵەت دابەزیوە.

نەبـەز محێدیـن، بەڕێوەبـەری گشـتیی شارەوانییەکانی هەولێر دەڵێت: "جگە لە کاریگەری قەیرانـی دارایـی و شـەڕی داعـش و راگرتنـی پێشـینەکانی خانووبـەرە و پاشـەکەوتی مووچە، کەمکردنـەوەی بودجـەی وەزارەتـی شـارەوانی و شارەوانییەکانیش وایکرد شـارەوانییەکان نەتوانن تەسـویەی زەوی بکـەن، تەنانـەت نەمانتوانـی قەرەبووی خاوەن زەوییەکانەش بکەینەوە کە پێشتر زەوییەکانیان تەسویە کرابوو".

نەبەز محێدیـن پێیوایە زیادکردنی روسـوماتی مۆڵەتی دروسـتکردنی خانوو، قیرانە، رەسـیف و ئاوەڕۆ رسـوماتەکانی دیکەش کاریگەرییان لەسەر کەمکردنـەوەی مۆڵەتـی دروسـتکردنی خانـوو و باڵەخانە هەبووە، بۆیە دەڵێت "پێویسـتە چاو بەو رسوماتانە بخشێنرێتەوە و بەشێکیان کەمبکرێنەوە".

بەهۆی باشبوونی بارودۆخی ئابووریی کوردستان کەمێـک جووڵـە کەوتووەتەوە نێو دروسـتکردنی خانوو و باڵەخانە بە تایبەتی لە شاری هەولێر.

بەشـدار رەزا گـوڵ بەرزنجـی، بەڕێوەبـەری شارەوانیی پێنج کە سەرپەرشتی 14 گەڕەکی شاری هەولێر دەکات، دەڵێت: "ساڵی رابردوو جووڵەیەکی باش لە دروستکردنی خانوو و باڵەخانە لە سنووری سـەرجەم شـارەوانییەکانی هەولێـر بەگشـتی و شـارەوانی پێنـج بەتایبـەت روویدا، ئەمسـاڵیش بارودۆخی ئابووریی کوردسـتان باشتر بووە. بۆیە جووڵەکـە زیاتـرە، ئەگەر بڕیـاری راگرتنی زەویی تەقسیم دوو نەدرابایە کە ماوەیەک سیستی خستە جووڵەی دروسـتکردنی خانوو، گەشەکە زۆر زیاتر دەبـوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا پێشـبینی دەکەین جووڵەی دروسـتکردنی خانوو و باڵەخانە ئەمساڵ لە ساڵی رابردوو زۆر باشتر بێت".

> **لە شەش ساڵی رابردوودا مۆڵەتی دروستکردنی باڵەخانە و خانوو 64% دابەزیوە**

**ژمارەی مۆڵەتی دروستکردنی خانوو و باڵەخانە لە2013 - 2018**

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 11.756 | 9.153 | 5.346 | 1.014 | 27.269 |
| 2014 | 9.657 | 6.457 | 3.396 | 829 | 20.339 |
| 2015 | 5.375 | 5.637 | 2.998 | 1.037 | 15.047 |
| 2016 | 4.513 | 3.205 | 2.886 | 689 | 11.293 |
| 2017 | 4.131 | 2.830 | 1.569 | 580 | 9.110 |
| 2018 | 4.419 | 3.185 | 1.567 | 575 | 9.746 |

# هەرێمی کوردستان و رێکخراوی ئیتی



سعود هاشم*

رێکخراوی دەستپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازییە دەرهاتووەکان (EITI)، بە دەستپێشخەری ژمارەیەک وڵات و کۆمپانیا و دەستەی چاودێری و رێکخراو لە ساڵی 2002 دامەزرا و لەلایەن ژمارەیەک کۆمپانیا و رێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتییەوە پێشوازی لێکرا. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەندین وڵات لەوانەش (ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ژاپۆن) پاڵپشتی دروستبوونی رێکخراوەکە بوون. لەسەر ئاستی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانیش، کۆمپانیای وەک (ئیکسۆن مۆبیل، تۆتاڵ، شێل، ئانگیلۆ و ئێینی) پابەندیی خۆیان بۆ ستاندارد و پێوەرەکانی ئەم رێکخراوە راگەیاندووە.

## ئەرک و ئامانجەکانی

رێکخراوی (EITI) وەک بنەمای کارەکان و لە یەکەمین کۆنفرانسیدا کە لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج لە ساڵی 2006 بەسترا، بڕیاری دروستکردنی ئەنجوومەنی سکرتاریەتی گشتی دا بۆ ماوەی دوو ساڵ 2006 — 2008 و زیاتر لە 20 وڵات و چەندین رێکخراو و کۆمپانیا تێیدا بوونە ئەندام.

ئێستا 52 وڵات پابەندیی خۆیان بۆ پێوەرەکانی رێکخراوەکە راگەیاندووە و ئەندامن تێیدا. رێکخراوەکە ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ مامەڵەی وڵاتە ئەندامەکان لە بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی و جێبەجێکردنی پێوەر و ستانداردەکانی دەکات کە بریتین لە وردبینی لە داهات، باج، هەناردە، ئاشکراکردنی داهاتی کۆمپانیاکان، بەشدارکردنی لایەنی سێیەم بۆ پشتڕاستکردنەوەی داتاکان و هەروەها پێدانی رۆڵی چاودێری بە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

## پرەنسیپ و پێوەر و ئەندامبوون

رێکخراوی دەستپێشخەری لە پیشەسازییە دەرهاتووەکان (EITI) لە کۆنگرەی (لانکاستر هاوس) لە بەریتانیا (2003) و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە وڵاتان و کۆمپانیا گەورەکانی بواری سامانی سروشتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، هاوڕابوون لەسەر دانانی چەند پرەنسیپ و بنەمایەک بەمەبەستی هێنانەکایەی شەفافیەتی زیاتر و ئیدارەدانێکی باشی سامانی سروشتی لە وڵاتانی ئەندام، گرنگترین پێوەر و پرەنسیپ بریتی بوون لە:

1- پێویستە سامانی سروشتی بۆ گەشەی ئابووری بەکاربهێنرێت کە دواجار دەبێتە هۆی گەشەی بەردەوام و سنوورێک بۆ بەرزبوونەوەی هەژاری دادەنێ، بە پێچەوانەوە خراپ بەکارهێنانی سامانی سروشتی رەنگدانەوەی خراپی لەسەر هەردوو بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێ.

2- بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی دەبێ لەپێناو هاووڵاتیان بێ، ئەمەش کاری حکومەتێکی خاوەن سەروەرییە.

3- دەکرێ بۆ سوودی دەرهێنانی سامانی سروشتی کە وەک داهاتێکی ساڵانە دێتە وڵات، نرخەکان لەبەرچاو بگیرێن.

4- پێویستە خەڵک گوش بکرێ بە زانیارییەکان و تێگەیشتنیان بۆ داهاتی حکومەت و خەرجییەکان.

5- بوونی شەفافیەت لای حکومەتەکان و کۆمپانیا کارکەرەکان لە بواری پیشەسازییە دەرهاتووەکان پێویستی بە بەهێزکردنی سیستەمی دارایی گشتی و لێپێچینەوە هەیە.

6- شەفافیەتێکی زۆر و بەهێز دەبێ لە چوارچێوەی رێزگرتن لە یاسا و گرێبەستەکان بێت.

7- شەفافیەت هۆکارێکی بەهێزی راکێشانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێت بەشێوازێکی راستەوخۆ.

8- بڕوای تەواومان هەیە بە ملکەچبوونی حکومەت و کۆمپانیاکان بۆ لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لەلایەن هەموو هاووڵاتییەکەوە و لەپێناو سەرپەرشتی داهات و خەرجییە گشتییەکان.

لە چوارچێوەی ئەو پرەنسیپانەدا، هەر وڵاتێکی خوازیار بۆ ئەندامێتی ئەم رێکخراوە، پابەند دەکرێ بە چەند رێنمایی و پێوەر و مەرجێک کە دەبنە دەروازە بۆ بوونە ئەندام لەم رێکخراوە. عێراق کە ماوەی چەند ساڵێکە لە ئەندامێتی سڕکراوە، لەکۆی 22 رێوشوێن بۆ بوونە ئەندام، تەنیا 10 رێوشوێنی جێبەجێ کردووە و سەرەڕای ئەمەش چاوەڕێ دەکرێ ئەمساڵ متمانەی ئەندامێتی بە عێراق ببەخشرێ.

## EITI و رۆڵی رێکخراوەکان

هەر وڵاتێک بۆ بوونە ئەندام پێویستە کۆمیتەیەک یاخود سکرتاریەتێک بە سەرۆکایەتی گەورە بەرپرسێکی حکومی رابگەیەنێ. ئەو سکرتاریەتە کە بە ئەنجوومەنی خاوەن بەرژەوەندییەکان-Multi stakeholder group(MSG) ناسراوە، پێکدێت لە:

1- نوێنەری حکومی.

2- نوێنەری کۆمپانیاکان.

3- نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

لە عێراق لەلایەنی بەرپرسێکی باڵای حکومییەوە ئەنجوومەنێک پێکدێت بۆ سەرپەرشتی. بەڕێز سامر غەزبان وەزیری نەوتی عێراق و جێگری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری وزە ئەو سەرۆکایەتییە دەکات و کەسێکی دیکەش بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوەبەری جێبەجێکار دەبێ.

لەگەڵ دووبارە خۆڕێکخستنەوە بۆ نووسینەوەی راپۆرتەکان و جێبەجێکردنی راسپاردەکانی کۆمیتەی گشتی رێکخراوی EITI، تا ئێستا تەنیا لەسەر ئاستی پارێزگاکان (جگە لە کوردستان) نوێنەری رێکخراوەکان دەستنیشان کراون.

بەداخەوە چەند کەسێکی بیرتەسکی مەزهەبی و حیزبی لە چوارچێوەی سکرتاریەتی بەغدا رێگرن و نایانەوێ هەرێمی کوردستان نوێنەری هەبێ. دوایین هەوڵەکانیشیان تێکدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی 2018/09/22 بوو. بەو پیلانە سیستەماتیکە و چەند کەسێکی ناو رێکخراوەکانی هەرێمیش کە دڵنیابوون لەوەی نوێنەرە حیزبیەکانیان دەرناچن، پرۆسەکەیان تێکدا.

هەرچەند دوای تێکچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، بەڕێز پارێزگاری هەولێر داوای لێکردن هەڵبژاردنەکە بکەن و هەموو هاوکارییەکیان لە رووی لۆجستیک و سکیوریتییەوە دەکەن، بەڵام چونکە مەبەستەکەیان دیار و روونە کە لایەنێک دژی دانانی نوێنەری رێکخراوەکانی هەرێمە لە بەغدا، ئەوە چەندین جارە شکست بەو هەوڵانە دەهێنرێت.

> چەند کەسێکی بیرتەسکی مەزهەبی و حیزبی لە بەغدا رێگرن لەوەی رێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان نوێنەریان لە ئەنجوومەنی رێکخراوی EITI هەبێ

## گرنگی ئەندامبوون لە رێکخراوی EITI

رێکخراوی EITI لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی متمانەیەکی زۆری هەیە و پێوەر و بنەماکانی ئەو رێکخراوە لە سێکتەری نەوت و گاز و کانزا دەرهاتووەکاندا دەرخەری روونی و شەفافیەتی سامانە سروشتییە دەرهاتووەکانی هەر وڵاتێکە. زۆر لە هاوکاریە نێودەوڵەتییەکان و قەرز و کۆمەکی دارایی و هاوکاریی مرۆیی و هاوکاری لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی قەرزی نێودەوڵەتی پشت بە راپۆرتەکانی ئەم رێکخراوە دەبەستێ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی متمانەیەکی گەورەی هەیە و رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ وڵاتانی پابەند بە بنەماکانی روونی و مافی مرۆڤ.

## کوردستان و وەڵامدانەوەی پێوەرکانی EITI

کابینەی نۆیەم وەک هەنگاوی کردەیی و نیشاندانی نیەتی جێبەجێکردن و ئیدارەدانێکی باش، پێویستە بە فەرمی پاڵپشتی و ئامادەیی خۆی بۆ جێبەجێکردنی پێوەر و ستانداردەکانی ئەم رێکخراوە رابگەیێنێ، ئەمەش لەپێناو بەڕێوەبردنێکی چاکی سامانی سروشتی.

ئەگەرچی لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا بە روونی ئاماژە بە پابەندیی حکومەت بۆ پێوەرەکانی شەفافیەت کراوە، بەڵام تائێستا ئەم هەماهەنگیە نەگەیشتووەتە ئاستی ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نوێنەرێک دەستنیشان بکات لە ئەنجوومەنی رێکخراوی EITI لە بەغدا و بەشدار بێ لە نووسینەوەی راپۆرتەکان. ئەگەرنا وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بواری شەفافیەت لە پێشەوەی حکومەتی عێراقین، تا ئێستا حکومەتی عێراق بەشێوازێکی ناڕوون گەڕەکانی پێدانی مۆڵەتی گەڕان و پشکنین دەدات و گرێبەستەکانی عێراق ناڕوونن و بڵاونەکراونەتەوە، ئەمە وێڕای ئەو داتا و ژمارانەی کە سۆمۆ بڵاوی دەکاتەوە و جێگای تێبینی زۆر لە شارەزایان و وردبینانی بیانی و عێراقین.

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بۆ یەکێک لەو دوو براژەیە ببات کە تایبەتن بە شەفافیەت لە کەرتی وزەدا:

1- پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی EITI تایبەت بە هەرێمی کوردستان کە هاوشێوەی ئەنجوومەنی بەغدا بێت و دواجار راپۆرتە کۆتاییەکان یەکخرێن.

2 - نوێنەرێک بۆ بەغدا دەستنیشان بکات و لە بەغدا دەستبەکاربێ و لە نزیکەوە سەرپەرشتی ئەم کەیسە بکات.

ئەم رێکخراوە دەرفەتێکە بۆ خزمەتی خەڵک لەسەر ئاستی ناوخۆ و خزمەتێکە بە نێوبانگی حکومەتی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردستان بۆ وزە




# ئۆپێک تەنیا 30%ی نەوتی جیهان دابین دەکات

رووداو- هەولێر

داتاکانی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) دەریدەخەن پشکی نەوتی ئۆپێک لە بازاڕەکانی جیهاندا گەیشتووەتە رێژەیەکی ئەوەندە نزم کە لە 10 ساڵی رابردوودا بێوێنەیە. کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و دابەزینی هەناردەی نەوتی ئێران و ڤەنزوێلا دوو هۆکاری سەرەکیی ئەمەن، لە کاتێکدا پێناچێ ئۆپێک بەنیاز بێ واز لە سیاسەتی دابەزاندنی بەرهەم بهێنێ.

رێکخراوی ئۆپێک هەفتەی رابردوو لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە رێکخراوەکە تەنیا 30%ی نەوتی جیهان دابین دەکات، بەو پێیەش لە چاو 10 ساڵی رابردوودا پشکی ئەو رێکخراوە لە بازاڕەکانی جیهان بە رێژەی 4% و بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2012 بە رێژەی 5% دابەزیوە.

ئۆپێک بە سەرکردایەتی سعودیە و 10 وڵاتی هاوپەیمانی بە سەرکردایەتی رووسیا، رێککەوتنێکی دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانیان هەیە کە هەتا ئاداری 2020 کاری پێدەکرێ. سەرەڕای ئەو هەوڵەش نرخەکانی نەوت لە چوار مانگی رابردوودا لە 75 دۆلارەوە بۆ دەوروبەری 60 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دابەزیوە. هۆکاری سەرەکیی شکانی بەهای نەوتیش بۆ نیگەرانییەکانی بازاڕ لە ململانێی بازرگانیی چین و ئەمریکا و نادیاریی چارەنووسی برێگزت دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئەگەر نرخی نەوت بەو خێرایی و رێژەیەی ئەم چەند مانگەی رابردوو دابەزێ و پشکەکانی ئۆپێک لە بازاڕەکانیش بەو رێژە بەرچاوە کەم بکات، ئەوە دیار نییە هەوڵەکانی ئۆپێک بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ نرخەکانی نەوت هەتا چەندە سەرکەوتوو بووە.

هەوڵەکانی ئۆپێک بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە کۆتایی 2016 دەستیپێکرد و لە سەرەتای 2017 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئامانج لە هەوڵەکە کەمکردنەوەی نەوتی ئەمبارەکان و بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت بوو. سەرچاوەکانی نزیک لە بڕیاربەدەستانی ئۆپێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێستا هیچ لایەنێک ئامادە نییە جارێکی دیکە ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بکاتەوە.

سەرچاوەیەکی سعودی بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی بەریتانی راگەیاندووە: "سعودیە پابەندە بەوەی هەموو هەوڵی خۆی بدات بۆ ئەوەی بازارەکان هاوسەنگ بن. بەپێی ئەو پەیوەندییە نزیکەی لەگەڵ ئەندامانی ئۆپێک پڵەسدا هەمانە، بڕوامان وایە ئەوانیش هەمان شت دەکەن". ئۆپێک پڵەس بە گروپی وڵاتانی ئۆپێک و 10 وڵاتە هاوپەیمانەکەی دەگوترێ.

بەگوێرەی داتاکان دابەزینی پشکەکانی ئۆپێک لە دوو ساڵی رابردوودا روویداوە، لە کاتێکدا ئاستی خستنەڕووی جیهان بە رێژەی 2.7% بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 98.7 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بەڵام لە هەمان ماوەدا رێژەی بەرهەمهێنانی ئۆپێک بە 8.4% دابەزیوە و گەیشتووەتە 29.6 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

هەرچەند رێککەوتنەکەی ئۆپێک پڵەس تەنیا بەرهەمهێنان دەگرێتەوە، ئاستی هەناردەی ئەو رێکخراوەش دابەزینی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە. ئێران لە دابەزینەکەدا پشکی شێری بەردەکەوێ. بەگوێرەی داتاکانی ئۆپێک و تۆڕی میدیایی (بلومبێرگ)، ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی ئێران لە نێوان تەمووزی 2018 بۆ تەمووزی 2019 بە بڕی 1.52 ملیۆن بەرمیل کەمی کردووە.

سعودیە لە رووی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانەوە لە پاش ئێران دێ. لە ماوەی ئەو یەکساڵەدا ئاستی بەرهەمی رۆژانەی نەوتی ریاز 670 هەزار بەرمیل کەمیکردووە، لە کاتێکدا شانشین بەشێکی زۆر لە قورسایی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی ئۆپێک پڵەسی خستووەتە سەر شانی خۆی. ڤەنزوێلا کە بەدەست قەیرانی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەوە دەناڵێنێ لە پلەی سێیەم دێ. ئاستی دەرهێنانی نەوتی ئەو وڵاتە لە تەمووزی پارساڵ بۆ تەمووزی ئەمساڵ بە بڕی 530 هەزار بەرمیل کەمیکردووە.

عێراق، ئیمارات، نایجیریا و لیبیا ئاستی بەرهەمهێنانیان بە تێکڕایی بە بڕی 850 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە. داتاکانی ئۆپێک دەریدەخەن بڕی بەرهەمی رۆژانەی نەوتی ئۆپێک لە یەک ساڵی رابردوودا 2 ملیۆن بەرمیل دابەزیوە.

ئێران و ڤەنزوێلا سزای ئابووریی ئەمریکایان لەسەرە، هەر ئەوەش وڵاتانی کڕیاری نەوتی ناچارکردووە بۆ نەوتی خاو بەدوای سەرچاوەی دیکەدا بگەڕێن، بۆیە ئاساییە ئەو دوو وڵاتە زیانمەندی یەکەم بن. ئەمریکا لە مانگی ئایاری 2018ەوە لە رێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و گروپی 5+1 کشاوەتەوە و سزای قورسی بەسەر کەرتی وزە، پیشەسازی و بازرگانیی ئێراندا سەپاندووە.

بڕیارە مانگی داهاتوو، وەزیرانی نەوت و وزەی گروپی ئۆپێک پڵەس لە ئەبوزەبی کۆببنەوە و تاوتوێی ئاکامی رێککەوتنەکەی تەمووز بکەن. ئۆپێک پێشبینی دەکات لە چارەکی چوارەمی ئەمساڵدا، ئاستی نەوتی ئەمبارەکانی جیهان بە بڕی 780 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا کەمبکات، بەڵام فەرمانگەی زانیاریی وزەی ئەمریکا (EIA) پێیوایە نەوتی ئەمبارەکان لە سێ مانگی داهاتوودا بە بڕی رۆژانە 100 هەزار بەرمیل دابەزێ.

فەرمانگە ئەمریکییەکە و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) پێشبینی دەکەن ئاستی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک هەتا کۆتایی ئەمساڵ بەشێوەیەکی بەردەوام لە بەرزبوونەوە دابێ، بەڵام ئۆپێک پێشبینی دەکات ئاستی گەشەی بەرهەمهێنانی ئەو وڵاتانە لە چارەکی کۆتایی ئەمساڵ خاو ببێتەوە.

سعودیە گەورەترین لایەنگری کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانە، هەرچەند ئەو وڵاتە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ ئەندامانی دیکەی رێکخراوی ئۆپێک ململانێی هەبوو بۆ ئەوەی پشکەکانی سعودیە لە بازاڕەکان بەرزبکاتەوە. ئەو ململانێیە و سیاسەتی ئازادی ئۆپێک لە هەمبەر ئاستی بەرهەمهێنانی ئەندامەکانی یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و دابەزینی نرخەکان لە 2014 بوو.

ژمارەیەک لە وڵاتان پێیانوایە هەوڵەکانی ئۆپێک پڵەس چیدی یارمەتیدەر نین و پێشبینیش دەکەن رێککەوتنەکە تەمەنێکی زۆری نەمابێ. سەرچاوەیەکی ئۆپێک بە (رۆیتەرز) "گومانم هەیە هەنگاوی دیکە بهاوێژرێ، ئەگەر شتی وەهاش بکرێ کاریگەرییەکی زۆر کاتی دەبێ، چونکە پاڵنەرەکانی ئێستای نرخەکانی نەوت بازرگانی و ئابوورین".



دابەزینی پشکی نەوتی ئۆپێک لە بازاڕەکانی جیهاندا بە ئەندازەیەکە کە لە 10 ساڵی رابردوودا بێوێنەیە (فۆتۆ: AFP)



## دوای 68 ڕۆژ تەرمی هنداف دۆزرایەوە

**ڕووداو – دهۆک**

هنداف فەرهاد کە بە گوتەی کەسوکارەکەی، باری دەروونی جێگیر نەبووە، ڕۆژی 2019/6/17 لە ناحیەی دیرەلووک خۆی فڕێدایە نێو زێی گەورە و خنکا. ڕۆژی 24ی ئەم مانگە تەرمەکەی بەدووری 50 کیلۆمەتر لەو شوێنەی خۆی فڕێ دابووە نێو ڕووبارەکە، دۆزرایەوە. فەرهاد باقی کە باوکی ئەو کچەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند سەعات چواری ئێوارەی ڕۆژی 2019/8/24 تیمەکانی بەرگری شارستانیی سۆران، تەرمی کچێکیان لە نزیک ناحیەی بلێ لە دەڤەری بارزان دۆزییەوە، بەهۆی تێکچوونی تەرمەکە سەرەتا نەمانناسییەوە، بەڵام دوای ئەوەی بردیان بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی و پشکنینیان بۆ کرد دڵنیا بووینەوە کە ئەوە تەرمی هندافە.

## دۆسیەکەی لە دادگایە

# ئافرەتێکی غانایی لە هەولێر ئەشکەنجە دەدرێ



ئۆلیڤیا لە کۆمپانیایەکی هێنانی کرێکاری بیانی، بەندکرا بوو

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لە هەولێر کۆمپانیایەکی هێنانی کرێکاری بیانی ئەشکەنجەی کرێکارێکی غانایی دەدەن و بەندی دەکەن. بەپێی قسەی بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، وەکو کۆیلە مامەڵە لەگەڵ ئەو ژنە کراوە.

ئۆلیڤیا تەمەنی نزیکەی 30 ساڵە و خەڵکی غانایە، لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی هێنانی کرێکارەوە هاتووەتە هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای ئەوەی دەینێرن بۆ دوو ماڵ و چەند مانگێک لەو ماڵانە کار دەکات، دەگەڕێنرێتەوە بۆ کۆمپانیاکە.

ڕائید سەردار فازڵ، بەرپرسی نووسینگەی هەولێری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە وەزارەتی ناوخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو ئافرەتە لە دوو ماڵ بووە، بەڵام ماڵەکان ناردوویانەتەوە بۆ کۆمپانیاکە، ئەوانیش لەبەر ئەوەی پارەیان لێ خەرج کردووە، ویستوویانە بە زۆر کاری پێبکەن".

ئەو کۆمپانیایەی ئۆلیڤیای هێناوە بۆ هەولێر ئەشکەنجەی ژنە غانابییەکەیان داوە و بە کەلەپچەکراوی بەندیان کردووە. ڕائید سەردار گوتی: "شایەتحاڵێک بە بەڵگە و وێنەوە زانیاری لەبارەی ئۆلیڤیا پێداین. چاودێری کۆمپانیاکەمان کرد، دواتر لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان چووینە کۆمپانیاکە. بینیمان هەموو دەرگاکانی داخرابوون، لەکاتێکدا دوو ئافرەت لە ژوورە بوون. ئافرەتەکە وەکو بەندییەک مامەڵەی لەگەڵ کراوە، چونکە لەنێو کۆمپانیاکە دەرگای لەسەر داخرابوو".

ڕائید سەردار گوتیشی: "ئافرەتەکە شپرزە بووبوو، نەشیوێرابوو سکاڵا تۆمار بکات، چونکە ئەوان وایان تێگەیاندووە لە هەرێمی کوردستان مافی مرۆڤ نییە و ناتوانێت لە هیچ شوێنێک داوای مافی خۆی بکات، بۆیە هێنامانە بەڕێوەبەرایەتییەکەی خۆمان و وەکو لێقەوماوێک وتەمان لێوەرگرت".

نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دۆسیەی ئۆلیڤیا دەنێرنە پێش دادوەر. دادوەریش بڕیاری دا بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیاکە دەستگیر بکرێت، بەڵام بەپێی مادده 240 لە یاسای سزادانی عێراقی کە ماددەیەکی جۆکەرە و هیچ پەیوەندییەکی بە دۆسیەکەوە نییە، هەر هەمان ڕۆژیش تۆمەتبارەکەی ئازاد کرد.

بڕیارەکەی دادوەر پارێزەری ئافرەتەکە و داواکاری گشتیشی نیگەران کردووە. ڕائید سەردار فازڵ دەڵێ: "پارێزەری کرێکارەکە لە ڕێکخراوی سید فاوندەیشن کار دەکات کە تایبەتە بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و هاوکاریی قوربانییەکان دەکات. ئەو بە بڕیارەکەی دادوەر ڕازی نییە و داواکارییەکی پێشکەش کردووە و دەڵێ دۆسیەکە بازرگانیکردن بە مرۆڤە نەک ماددەی 240، بەڵام دادوەرەکە لەسەر داواکارییەکەی نووسیبوو داواکاریی پارێزەرم بینی، نە ڕەتیکردووەتەوە و نە قبوڵیشی کردووە".

ئەندامێکی داواکاری گشتی کە دۆسیەکەی بینیووە، پێیوایە ماددەی 240 بۆ دۆسیەکە گونجاو نییە و داوای لە دادوەرەکە کردووە ماددەکە بگۆڕێت بۆ 421 کە زیاتر پەیوەستە بە بابەتی حیجزکردنی مرۆڤ و ڕفاندنیان و گلدانەوەیان. بۆیە داوای کردووە بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیاکە دووبارە دەستگیر بکرێتەوە.

بەرپرسی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەڵێ: "ئێمەش بڕگەیەکی دیکەمان لە داواکارییەکە بۆ دادوەر زیاد کردووە و داوامان کردووە دۆسیەکە بکرێت بە ماددەی 6ی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، چونکە هەڕەشەیەکی توندی لێکراوە. دەستی بەستراوەتەوە و لە شوێنێکی نەشیاو دانراوە".

> **دۆسیەی 42 کەسم لەلایە کە هێنراون بۆ هەرێمی کوردستان و دواتر فرۆشراون بە خەڵکی تر لە بەغدا**
>
> سەرۆکی ڕێکخراوێک

ڕائید فازڵ هەروەها دەڵێت: "ئەو ئافرەتە وەکو کۆیلەیەک مامەڵەی لەگەڵ کراوە. چەند مانگێکیش کڕییان پێنەداوە و بەزۆر ویستوویانە کاری پێبکەن. ئافرەتەکەمان نارد بۆ بەردەم لیژنەی پزیشکی، ڕاپۆرتی لیژنەکە گەڕایەوە دەڵێ ئەو ئافرەتە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە".

ئۆلیڤیا یەکەم کەس نییە توندوتیژی بەرامبەر بکرێ، ڕائید سەردار فازڵ دەڵێت: "ئافرەتی بیانی بۆ کارکردن هاتووە و هیچ کێشەیەکی نەبووە، لێرە کوێر بووە و دۆسیەکەشی داخراوە و نێردراوەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، بەڵام لەمەودوا ئەو دۆسیانە لەلای ئێمە بەبێ سزا تێناپەڕن".

ئێستا دۆسیەی ئۆلیڤیا و کۆمپانیاکە لە دادگایە. بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەڵێت: "وەزارەتی ناوخۆ کۆمپانیاکەی داخستووە و کارەکانی ڕاگیراوە تاوەکو دۆسیەی ئۆلیڤیا یەکلایی دەبێتەوە".

محەممەد هەزارکە سەرۆکی ڕێکخراوێکی تایبەت بە کرێکارە بیانییەکانە لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "دۆسیەکانی بازرگانیکردن بە کرێکاری بیانی جۆراوجۆرن. بەشێکیان ئەشکەنجە دەدرێن و بەزۆر کاریان پێدەکرێت و ماف و مووچەیان پێنادەن. هەندێکیان کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت. ئێستا دۆسیەی 42 کەسم لەلایە کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە هێنراون بۆ هەرێمی کوردستان و دواتر فرۆشراون بە خەڵکی تر لە بەغدا".

# دایکی پێنج منداڵ خۆی دەخنکێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – قەڵادزێ**

زەریفە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوژینەکەی دەچنە نێو باخەکەیان لە دەرەوەی قەڵادزێ، بەڵام هاوژینەکەی بەهۆی کارێکەوە جێیدەهێڵێت، کاتێک دەگەڕێتەوە نێو باخەکە، دەبینێ زەریفە خۆی هەڵواسیوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

زەریفە عەلی حەسەن، تەمەن 45 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی لە قەزای پشدەر، شەوی 2019/8/21 لە نێو باخەکەیان لە دەرەوەی قەڵادزێ، بە پەتێک خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. لە دوای خۆی پێنج منداڵی جێهێشتن (چوار کچ و کوڕێک).

کوڕە تاقانەکەی زەریفە بە تۆمەتی کوشتنی هاوپۆلێکی لە زیندانە. کەسوکارەکەی وا مەزەندە دەکەن لە داخی ئازادنەکردنی کوڕەکەی، خۆی خنکاندبێ.

حەسەن کە برای زەریفەیە، لەبارەی ژیانی خوشکەکەیەوە دەڵێت: "ماڵی خوشکەکەم باری ئابوورییان باش بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەوان دوورم، نەمدەزانی کێشەیان هەیە یان نا. ئەگەر بمزانیایە کێشەیان هەیە نەمدەهێشت بگاتە ئەوە و بۆم چارەسەر دەکردن".

حەسەن ڕەتیکردەوە کە ئەوان داوایان لەدژی کەس هەبێ و گوتی "مادام بە دەستی خۆی، خۆی خنکاندووە، ئێمە وەکو بنەماڵەکەی سکاڵامان لەدژی کەس نییە".

محەممەد عەباس کە برازای هاوژینی زەریفەیە، ئاماژەی بەوەدا کە کێشە لە نێوان مامی و ئامۆژنیدا هەبووە و دەڵێت "پێشتر چەند جارێک کێشە لە نێوانیاندا دروست بووە، بەڵام چارەسەریان کردووە. کێشەکانیش بچووک بوون و هێندە گەورە نەبوون کە بگەنە ئاستی ئەوەی لە یەکدی جیاببنەوە".

بە گوتەی محەممەد، ئامۆژنی پێشتر هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە. هۆکاری هەڕەشە لەخۆکردنەکەی ئامۆژنی ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "ساڵێک لەمەوبەر کوڕە تاقانەکەی مامم لە ڕووداوێکی کوشتن تێوەگلا. هاوڕێکانی بەشەڕ هاتبوون و یەکێک لە قوتابییە بەشەڕهاتووەکان کوژرا. ئیدی ئەویان تۆمەتبار کرد. بەڵگە هەیە کە ئەو دەستی لە تاوانەکەدا نییە، تاوەکو ئێستاش دووجار بە کەفالەت ئازاد کراوە، بەڵام دواتر دەستگیرکراوەتەوە.

لەسەر ئەوە ئامۆژنم هەڕەشەی خۆکوشتنی کردبوو، تەنانەت دوایین جار چووبووە ماڵی باوکی کوڕە کوژراوەکە و داوای لێکردبوون سکاڵاکەیان لەسەر کوڕەکەی بکێشنەوە، چەند ڕۆژێک دوای ئەوە خۆی خنکاند".

وەک محەممەد دەڵێت، ئەو ڕۆژە ئامۆژنی داوای لە مامی کردووە، بۆ کاتبەسەربردن و نانخواردنی ئێوارە بچنە باخەکەیان کە لە دەرەوەی قەڵادزێیە "سەر لە ئێوارە مامم دەڕوات بۆ دووکانەکەی و گوتبووی سەیارەت لایە بۆ خۆت وەرەوە. کاتێک مامم گەڕابووەوە ماڵەوە، بینیبووی ئامۆژنم هێشتا نەگەڕاوەتەوە. تەلەفۆنی بۆ کردبوو وەڵامی نەدابووەوە، بۆیە مامم بە پەلە خۆی گەیاندبووە باخەکە. لەوێ بینیبووی ئامۆژنم بە پەت خۆی هەڵواسیوە".

محەممەد پێیوایە ئامۆژنی بەرگەی دووریی کوڕەکەی نەگرتووە بۆیە خۆی خنکاندووە.

شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین سەبارەت بەو دۆسیە بە (ڕووداو)ی گوت: "شەوی 20ی ئابی 2019 بە پۆلیس ڕاگەیێندرا کە تەرمی ژنێکی تەمەن 45 ساڵ لە دەرەوەی قەڵادزێ لە نێو باخێکدا بە هەڵواسراوی دۆزراوەتەوە. پۆلیس تەرمەکەی برد بۆ نەخۆشخانە و دۆسیەی بۆ ڕووداوەکەش کردەوە".

بەگوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکانی پۆلیس "ئەو ژنە پێشتر دوو جار لەگەڵ هاوژینەکەی کێشە کەوتووەتە نێوانیان و پەنایان بۆ دادگا بردووە، بەڵام دواتر پێکهاتوونەتەوە و دۆسیەکەیان لە دادگا کشاندووەتەوە".

سەبارەت بەوەی کە دەگوترێ کە ئەو ژنە لەداخی دەستگیرکردنی کوڕەکەی خۆی خنکاندووە، ڕائید شۆڕش دەڵێت: "ڕاستە کوڕە تاقانەکەی بە تۆمەتی کوشتنی کەسێک بەپێی مادده 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە. بەڵام پۆلیس لێکۆڵینەوەی خۆی دەکات تاوەکو بزانێ هۆکاری خۆخنکاندنەکەی چی بووە".

پۆلیس ئیفادەی لە هاوژینی زەریفە وەرگرتووە. لە ئیفادەکەیدا دەڵێت "هاوژینەکەم نەخۆشیی دەروونی هەبووە. لە کاتی ڕووداوەکە بە تەنیا بووە و هەر بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە خۆی خنکاندووە".

## دەڵێت لە ترسی هەڕەشەی ماڵە خەزوورانم ڕۆیشتووم

# شەش منداڵی خۆی جێدەهێڵێ و لە یۆنان شوودەکاتەوە



خەندە و شەش منداڵەکەی

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

هاوژینی پێشووی لەدەستداوە. دوو ساڵیشە شەش منداڵەکەی خۆی نەبینیوە و لە ترسی هەڕەشەی ماڵە خەزوورانی، کوردستانی جێهێشتووە و چووەتە یۆنان.

(خەندە ع.س) ناوی خوازراوی ئافرەتێکی کوردە و دانیشتووی یەکێک لە قەزاکانی کوردستانە. تەمەنی تەنیا یەک ساڵ بووە کە باوکی مردووە. پاشان دایکی شووی کردووەتەوە.

خەندە لە ساڵی 2004 وەک پەرستار لە نەخۆشخانەیەکی ئافرەتان و لەدایکبوون دامەزراوە. تەمەنی 18 ساڵان بووە دراوسێیەکی سێ جار هاتووەتە خوازبێنی، بەڵام ئەو سەرەتا بە پاساوی ئەوەی تەمەنی بچووکە، ڕەتیکردووەتەوە شووی پێ بکات، دواتر ڕازی دەبێ و شوو بەو کوڕە دەکات کە پێنج ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە.

بەگوتەی خەندە، هاوژینەکەی بێ کار بووە، بۆیە ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکە لە ئەستۆی ئەو بووە: "من دوو دەوامم دەکرد، باری دارایم باش بوو. بە پارەی خۆم خانووێکم کڕی و ئۆتۆمبێلێکیشم بۆ هاوژینەکەم کڕی".

خەندە کە ئێستا خاوەنی شەش منداڵە، دەڵێت: "هاوژینەکەم زۆر خراپ بوو لەگەڵمان. لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەمان ئافرەتێک هات و کردی بە شەڕ، نازانم خۆشەویستی پێشووی بووە یان چی. هەڤاڵ لەگەڵ باوک و برای خۆی بوو بە دەمەقاڵێیان و ڕۆیشت، دواتر لەسەر پردێکەوە خۆی فڕێدایە نێو ئاوەوە بەڵام نەمرد، چەند جارێکی دیکەش هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد، هەمووان دەیانزانی کە ئەو نەخۆشیی دەروونی هەبوو".

خەندە دەڵێت ژیانێکی ناخۆشی لەگەڵ هەڤاڵدا هەبووە، چەند جارێک لێیداوە و هەروەها ناپاکیشی لەگەڵ کردووە: "لە نیسانی 2016 دەستدرێژی کردە سەر کچی زڕبراکەم کە تەمەنی 13 ساڵ بوو، دەستگیر کرا و پاشان بە کەفالەت ئازاد کرا". خەندە دەڵێت "تەنیا لەبەر خاتری منداڵەکانم ئەو ناپاکییەم لێ قبوڵ کرد".

بەگوتەی خەندە، پارێزەرێک بە هەڤاڵی گوتبوو لەسەر ئەو کەیسە پێنج ساڵ بەند دەکرێ، بۆیە هەڤاڵ گوشاری بۆ هێنابوو کە کوردستان جێبهێڵن "زێڕ و ئۆتۆمبێل و شتەکانی فرۆشت و چووین بۆ ئیستانبوڵ، 28 ڕۆژ لەوێ ماینەوە، قاچاخچی فێڵی لێکردین و پارەکەی خواردین. بۆیە گەڕاینەوە".

> **کەس هەڕەشەی لێ نەکردووە و خۆی منداڵەکانی بەجێهێشتووە**
>
> خوشکی مێردەکەی

ڕۆژی 2016/7/4 کە دوو ڕۆژی مابوو بۆ جەژنی ڕەمەزان، هەڤاڵ خۆی دەخنکێنێ و خەندەش دەکەوێتە زیندان، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە دەستی لە ڕووداوەکەدا هەبووبێ و دەڵێت: "هەڤاڵ زوو زوو دەیگوت خۆم دەکوژم، بەڵام بڕوام نەدەکرد، من ئەوکات سکم چوار مانگ بوو، منداڵی شەشەمم لە سکدا بوو. بەیانی بە ئاگا هاتم هەڤاڵ لەسەر جێگاکەی نەمابوو، کاتێک چوومە نهۆمی سەرەوە بینیم بە لەچکەکەی من خۆی هەڵواسیوە. هاوارم کرد، دراوسێکان هاتن، پاشان پۆلیس هات و تەرمەکەیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانە".

خەندە لەلایەن ماڵە خەزوورانییەوە بە خنکاندنی هەڤاڵ تۆمەتبار دەکرێ و بە دووگیانی دەکەوێتە زیندان. ماوەی 16 ڕۆژ لە زیندان بووە، بەڵام لەبەرئەوەی سکی هەبوو بە کەفالەت ئازاد کرا.

خەندە دادگایی دەکرێ و بێ تاوان دەردەچێ: "ڕاپۆرتە پزیشکییەکان و لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش دەریانخست کە هەڤاڵ خۆی خنکاندووە، بۆیە لە دووەم دانیشتنی دادگا دادوەر بڕیاری دا من بێ تاوانم".

بەڵام بنەماڵەی هەڤاڵ واز لە خەندە ناهێنن: "دوای بڕیاری ئازادکردم، کەسوکاری هەڤاڵ گوتیان پزیشکەکان هاوڕێی تۆن و بۆ پاراستنت ڕاپۆرتی پزیشکی ساختەیان بۆ کردووی، لەکاتێکدا ئەو پزیشکانەی ڕاپۆرتەکەیان نووسیبوو هیچیانم نەدەناسین. ماڵی خەزوورانم چەند جارێک هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم".

خەندە لەبەر هەڕەشەی ماڵی خەزووری لە ڕۆژی 2017/11/19 کوردستانی جێهێشت و لە 2017/12/8 گەیشتە یۆنان "تەنیا کەسوکاری خۆم ئاگادار بوون لە ڕۆیشتنم، بەڵام دوای سێ ڕۆژ لە ڕۆیشتنم ماڵی خەزوورم زانیبوویان و منداڵەکانمیان لە دایکم سەندبوو".

خەندە لە یۆنان شوو دەکاتەوە. ئەو دەڵێت: "ماڵی خەزوورم تۆمەتیان بۆ دروستدەکردم کە بۆ کاری بەدڕەوشتی کوردستانم جێهێشتووە، لەکاتێکدا خۆشیان دەزانن لەترسی هەڕەشەی ئەوان هەڵاتم، بۆیە بە ئاگاداری کەسوکارم لە 2018/4/4 لەگەڵ کەسێکی زاخۆیی لە یۆنان هاوسەرگیریم کرد".

خەندە نزیکەی دوو ساڵە منداڵەکانی خۆی نەبینیوە و دەڵێ: "ناهێڵن بیانبینم، منداڵە بچووکەکەمیان داوە بە براژنی هەڤاڵ، چونکە منداڵیان نییە، بەوە دڵم زیاتر سووتاوە".

ئێستا خەندە لەڕێگەی (ڕووداو)ـەوە داوا لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە مافی ژنان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەن و بتوانێت بە منداڵەکانی شاد بێتەوە.

بەڵام (م.یوسف) کە خوشکی هەڤاڵە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێستا ئێمە هیچ کەسێک بەو ناوە ناناسین و لەلای ئێمە مردووە، هیچ هەڕەشەیەکمان لەو نەکردووە و کەسیش منداڵەکانی لێنەسەندووە، بەڵکو خۆی بەجێیهێشتوون".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (567) - دووشەممە 2019/8/26

## لە هەولێر پیاوێک خۆی دەسووتێنێ



**ڕووداو- هەولێر**

کاژێر 11:30 خولەکی ڕۆژی 2019/8/24 کەسێک لە گەڕەکی ڕاستی لە هەولێر، لەسەر باڵەخانەیەکی هەشت نهۆمی خۆی دەسووتێنێت و خۆی فڕێدەداتە خوارەوە، شایەتحاڵێکیش دەڵێت: دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. پۆلیسی هەولێر هەواڵەکەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە و ڕایگەیاند: کەسەکە لەسەر باڵەخانەیەک خۆی سووتاندووە و خۆی فڕێداوەتە خوارەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نازانین کێیە و بۆچی خۆی فڕێداوەتە خوارەوە. مازن هاشم، شایەتحاڵێکی نزیک لە ڕووداوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو گەنجە لەسەر باڵەخانەیەکی هەشت نهۆمی تەواونەکراو خۆی سووتاند و دواتر خۆی فڕێدایە خوارەوە، کەوتووەتە نێو ماڵێک لە تەنیشت باڵەخانەکە، بەڵام جگە لە چەند کلیلێک هیچ شتێکی دیکەی پێنەبووە".

## کوشتنی منداڵە هەشت ساڵانەکە لە زاری بکوژەکانییەوە

# دوای ئەوەی دڵنیابووینەوە مردووە، دەستدرێژیمان کردە سەری



ئەحمەد غەدیر

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

مردنی ئەحمەد بەلای خێزانەکەیەوە بە ڕادەیەک سەختە، تەنانەت هێشتا پرسەشیان بۆ دانەناوە، تاکە دڵنەواییەک بۆ خانەوادەکەی ئەوەیە، کەسوکاری بکوژانی ئەحمەد داوا دەکەن کوڕەکانیان لە هەمان شوێنی تاوانەکەیاندا لەسێدارە بدرێن.

شەوی 2019/8/19 منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵ بەناوی ئەحمەد غەدیر، لەلایەن دوو مێرمنداڵەوە بە بەرد و پارچە بلۆک کوژرا، بکوژەکان (ڕەسوڵ تەمەن 16 ساڵ و هاوار تەمەن 14 ساڵ، دوای کوشتنی ئەحمەد، دەستدرێژیشیان کردبووە سەری.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو دوو مێرمنداڵە، ئەحمەدیان بە مەبەستی دەستدرێژی لەگەڵ خۆیان بردووەتە نزیک کۆمەڵگەی هیران سیتی، بەڵام ئەو خۆی بەدەستەوە نەدابوو، بۆیە بە بەرد و بلۆک لە سەریان داوە و کوشتوویانە، دواتریش دەستدرێژییان کردووەتە سەری".

ئەحمەد بەهۆی داوێک کە ڕەسوڵی پوورزای بۆ دانابووەوە، پێوەبوو. ئەو دوای ئەوەی ئامادە نەبووبوو خۆی بەدەستەوە بدات، لەلایەن ڕەسول و هاوارەوە بە بەرد و بلۆک لە بن دیواری مزگەوتی باغی بەهەشت لە کۆمەڵگەی هیران ستی کوژرا.

(ڕەسوڵ. س) کە تەمەنی 16 ساڵە و نەخوێندەوارە بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕقم لە ئەحمەد بوو، چونکە تووڕەی کردبووم، کوڕێکی لاساری نازدار بوو، هەمووان خۆشیاندەویست، بەڵام هیچ کات بیرم لە کوشتنی نەکردبووەوە. ئەو ئێوارەیە بە هاوارم گوت بیهێنێتە دەرەوە لە ماڵ. هاوار هێنای. دوای دەرچوون لە کۆڵانەکەیان، پێمگوت دەچین بۆ پیاسە و ئێستا دەگەڕێینەوە، دەستمان لە تەکسییەک ڕاگرت و گوتمان بمانبە بۆ کۆمەڵگای هیران ستی، لە نیوەی ڕێگا داوای پارەی لێکردین هیچمان پارەمان پێنەبوو، شۆفێرەکە پێیگوتین دابەزن".

بۆچی هیران ستی؟ ڕەسوڵ دەڵێت: "چونکە چۆڵە و کەسی لێ نییە، لە پشت مزگەوتێک لە هیران ستی زللەیەکم لە ئەحمەد دا، هیچی نەگوت. دواتر ویستم دەستدرێژی بکەمە سەری، بەڵام ڕێگەی نەدام، بۆیە بلۆکێکم لە سەری دا و کەوت. هیچ جوڵەی نەما. مۆبایلەکەیم لە گیرفانی دەرهێنا. بە هاوارم گوت پشتم تێ بکە. کاری خۆم لەگەڵ کرد".

(هاوار. ئی) کە وەکو ڕەسوڵ نەخوێندەوارە، خۆی بە هەڵخەڵەتێنراو دەزانێ و دەڵێت: "ئێوارە بوو، ڕەسوڵ پێیگوتم دەبێت ئەحمەد بهێنیتە دەرەوە. منیش هاوڕێمە و چاکەی بەسەرمەوە هەیە و دڵیم نەشکاند. ئەحمەدم بۆ هێنایە دەرەوە. دوای ئەوەی ڕەسوڵ دەستدرێژی کردە سەری، پێیگوتم تۆش ئیشی خۆت بکە. منیش بۆ ئەوەی دڵنیا بم کە ئەحمەد نەماوە، بەردێکم کێشا بەسەریدا، کاتێک دڵنیابووم ناجوڵێ، دەستدرێژیم کردە سەری. بینیمان خوێن لە سەری دەهات، زۆر ترساین، کات بوو بە دەی شەو گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە".

ئەحمەد دوای ئەوەی ناگەڕێتەوە، دایکی تەنگاو دەبێ. بەهۆی ئەوەی باوکی ئەحمەدیش لە ماڵ نەبووە، پەنا بۆ خزم و ناسیاوەکانی دەبات. ڕەسوڵ و هاوار کە کوڕی گەڕەک و کەسی ئەحمەدن، بەبێ شڵەژان لە شەوەوە لەگەڵ خەڵکی دیکە بەدوای ئەحمەددا دەگەڕێن.

بۆ بەیانی کاتێک خەڵک دەچن بۆ مزگەوت، تەرمی مێرمنداڵێک لە بن دیواری مزگەوت دەدۆزنەوە و پۆلیسی لێ ئاگادار دەکەنەوە. دوای تێپەڕبوونی شەش سەعات بەسەر دۆزینەوەی تەرمەکەدا، پۆلیس لە ڕێگەی کامێرای چاودێرییەوە بکوژانی ئەحمەد دەدۆزێتەوە.

غەدیر جەمال ئەو کاتەی کوڕەکەی کوژراوە لە بەغدا بووە. ئەو دەڵێت کوڕەکەی بەشێوازێکی زۆر دڕاندانە کوژراوە، هەر لەبەر ئەوەش پرسەی بۆ دانەناوە. ئەحمەد کوڕە گەورەی غەدیرە کە ئەو بە کوڕێکی "چالاک و سەنگین" وەسفی دەکات و داواش دەکات بکوژانی کوڕەکەی لەو شوێنە لە سێدارە بدرێن کە تاوانەکەیان تێدا کردووە.

کەسوکاری هەردوو بکوژەکە لە ماڵی باوکی مێرمنداڵە کوژراوەکە دانیشتوون، ئەوان کە هەموویان خزمی یەکدین، داوا دەکەن کوڕەکانیان لەسێدارە بدرێن.

پاڵنەری سەرەکیی بکوژەکان سێکس و پارە بووە. جوان فاروق، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: "بەپێی گوتەی بکوژەکان، ئامانجیان تەنیا بەتاڵکردنەوەی غەریزەی سێکس نەبووە، بەڵکو بۆ دەستکەوتنی بڕێک پارەش ئەو کارەیان کردووە چونکە هەردووکیان بێکارن. هۆکاری سەرەکی تاوانەکەش بۆ پەروەردەی خراپی خێزان دەگەڕێتەوە، ئەوانە پێناچێ کاری یەکەمیان بێ".



بکوژەکان (ڕەسوڵ و هاوار)

# بە بەرچاوی دایکییەوە کوشتیان

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

عیزەت لەگەڵ دوو هاوڕێی بۆ بەسەربردنی کات پیاسەیەکی نێو شاری هەولێر دەکەن. دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، لەبەر دەرگای ماڵیان دەستڕێژی گوللەی لێدەکرێ و دەکوژرێ. برای تۆمەتبارەکە دەڵێت عیزەت پەیوەندی لەگەڵ ژنی بکوژەکەدا هەبووە.

سەعات 12ی شەوی 2019/8/18 پیاوێکی تەمەن 34 ساڵ بەناوی عیزەت ڕەشید، دانیشتووی ناحیەی کەڵەکی سەر بە قەزای بەردەڕەش، لەلایەن کەسێکەوە تەقەی لێکرا و کوژرا. ڕۆژی دواتر تۆمەتبارەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

عەقید سەعدی ئەحمەد، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی قەزای بەردەڕەش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی پۆلیسی ناحیەی کەڵەک لە ڕووداوەکە ئاگادار کرانەوە، دەستبەجێ گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان ڕەوانەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری کرد. دوای پشکنین دەرکەوت بە سێ گوللە کوژراوە".

پۆلیس هەر زوو تۆمەتبارەکەی دۆزییەوە کە دانیشتووی سەنتەری شاری هەولێرە. عەقید سەعدی دەڵێت پەیوەندییان بە تۆمەتبارەکەوە کرد و داوایان لێکرد خۆی ڕادەست بکات، چەند سەعاتێک دواتر تۆمەتبارەکە خۆی ڕادەست کرد و ئیعترافی کرد کە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوشتوویەتی.

عەقید سەعدی باسی لەو کێشە کۆمەڵایەتییە کرد کە لە نێوان بکوژ و کوژراودا هەبووە و گوتی: "ساڵ و نیوێک لەمەوبەر، ژنی بکوژەکە لەگەڵ کوژراوەکە لەسەر سکاڵایەکی مێردی ژنەکە بۆ ماوەی سێ مانگ دەستگیرکران، دواتر بکوژەکە سکاڵاکەی کشاندەوە و ئەوانیش ئازاد کران".

ئامۆزایەکی عیزەت زانیاری زیاتری لایە لەبارەی کێشە کۆنەکە. جاسم محەممەد دەڵێت: "لە ساڵ و نیوێک لەمەوبەرەوە هاوژینی (س) بەردەوام نامە بۆ عیزەت دەنێرێ، کێشەکە لەوەوە سەریهەڵدا".

عیزەت دەرچووی کۆلێژی شەریعە بووە. وەک جاسم دەڵێت، لەلای هاوڕێکانی گوتبووی ژنێک وازی لێناهێنێ و بەردەوام نامەی بۆ دەنێرێ. دواتر کەسوکارەکەشی هەستیان بەوە کردبوو کە عیزەت لە کێشەدایە.

جاسم دەڵێت: "هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ دا، تا پێیگوتم کە ئافرەتێک نامەی بۆ دەنێرێ. ئافرەتەکە مێردیشی هەیە و تەلەفۆنی بۆ دەکات و دەڵێت تۆم خۆشدەوێ".

دوای ئەوەی (س) دەزانێت هاوژینەکەی نامە بۆ عیزەت دەنێرێ، سکاڵا لەسەر هەردووکیان تۆمار دەکات و ماوەی سێ مانگ دەستگیر دەکرێن.

جاسم ڕەتیکردەوە ئامۆزاکەی پەیوەندی لەگەڵ هاوژینی (س)دا هەبووبێ و دەڵێت ئەوە پلانی خۆی و مێردەکەی بووە بۆ ئەوەی پارە لە عیزەت وەربگرن. جاسم گوتی: "دوای سێ مانگ مێردی (س) بە عیزەتی گوت بە 4000 دۆلار سکاڵاکەم دەکشێنمەوە و تۆ و ژنەکەم ئازاد دەکەم. عیزەت سەرەتا گوتی من هەڵەیەکم نەکردووە تا لە بەرامبەردا پارە بدەم. بەڵام دواتر بە منی گوت کە 4000 دۆلار بدەمە (س)، تاوەکو سکاڵاکەی بکشێنێتەوە".

جاسم گوتیشی: "من بە دەستی خۆم 4000 دۆلارم دایە ئەو پیاوە، ئەویش سکاڵاکەی کشاندەوە. ئێمە لەو باوەڕەدابووین کە دوای ئەو ڕووداوە (س) ژنەکەی خۆی تەڵاق دەدات، بەڵام تەڵاقی نەدا. ماڵیان لە کەڵەکەوە گواستەوە بۆ هەولێر".

دوای ساڵێک و شەش مانگ دووبارە کێشەکە سەرهەڵدەداتەوە. جاسم دەڵێت " برایەکی (س) بەردەوام نامەی بۆ عیزەت دەنارد و هەڕەشەی لێدەکرد تا ئەو ڕۆژەی کوژرا".

جاسم باسی ئەو شەوە دەکات کە عیزەت کوژرا و گوتی: "ئەو ڕۆژە عیزەت لەگەڵ دوو هاوڕێی چوونە هەولێر. سەعات 12ی شەو گەڕاوەتەوە. لە ئۆتۆمبێلەکەی دادەبەزێ و لە دەرگا دەدات، دایکی دەرگای لێدەکاتەوە. دەگەڕێتەوە لای ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ئەوەی دڵنیا بێت دایخستووە، لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێک لێی نزیک دەبێتەوە و کەسێک لەنێو ئۆتۆمبێلەکەوە تەقەی لێدەکات".

بە گوتەی جاسم، عیزەتی ئامۆزای تاکە کەس نییە کەوتبێتە تەڵەی (س) و هاوژینەکەیەوە. بەڵام (د.ک)، برای (س) قسەکانی جاسم ڕەتدەکاتەوە دەڵێت: "ئەو شتە بە پلان نەبوو، براژنەکەم پەیوەندی لەگەڵ عیزەت هەبووە، لەسەر ئەوەش براکەم سکاڵای لەسەر تۆمارکردن و سێ مانگ لە زیندان بوون".

( د) دەشڵێت: "دوای ئەوەی براکەم لە هاوژینەکەی و عیزەت خۆش بوو، پێمانگوت ژنەکەت تەڵاق بدە، بەڵام تەڵاقی نەدا، بۆیە پەیوەندیمان لەگەڵی پچڕاند و داواشمان کرد ماڵی لە کەڵەک نەمێنێ. لە دوای ئەو ڕووداوە ئێمە ئاگامان لێی نییە تا ئەو ڕۆژەی ئەو تاوانەی کرد. ئەوکات زانیمان کە دووبارە ژنەکەی قسەی لەگەڵ عیزەت کردووەتەوە".



عیزەت پێشتر بە چوار هەزار دۆلار سوڵحی لەگەڵ بکوژەکەیدا کردبوو

# حاجی ئیدریس لە شەڕی نێوان دراوسێکانیدا کوژرا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو — هەولێر**

کاتێک گوێی لە دەنگ و هەرای دراوسێکانی دەبێ، حاجی ئیدریس بە پەلە دەچێتە دەرەوە، زۆر نابات لە نێوبژیوانیی دراوسێکانیدا دەکوژرێ. پۆلیس 19 کەسی بە تۆمەتی کوشتنی حاجی ئیدریس و بەشداری لە شەڕەکەدا دەستگیر کردووە.

حاجی ئیدریس ئەحمەد، تەمەن 75 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی بەختیاریی قەزای سۆران، پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/8/1 لە کاتی نێوبژیوانیی دراوسێکانیدا کوژرا.

موقەدەم شەماڵ دێوالی گوتەبێژی پۆلیسی قەزای سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەر لەبەیانی ڕۆژی 2019/8/1 لە شەڕی نێوان دوو دراوسێ ئاگادارکراینەوە، پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و کۆتایی بە شەڕەکە هێنا، شەش کەسیشی دەستگیر کرد، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە شەڕەکە سەریهەڵدایەوە و پیاوێکی تەمەن 75 ساڵ کە نێوبژیوانی کردبوون، کوژرا، ئەمجارەیان 13 کەسی دیکەمان دەستگیرکرد".

بە گوتەی موقەدەم شەماڵ، شەڕەکە لەسەر مەترێک زەوی بووە لە نێوان دوو دراوسێ بە ناوەکانی سەردار و عەبدول. زەوییەکە هی عەبدول بووە و ویستوویەتی دیواری لەسەر بکات، بەڵام سەردار ڕێگری لێکردووە و لەسەر ئەوە بووەتە شەڕیان. حاجی ئیدریسیش کە چووە نێوبژیوانییان بکات، کوژراوە.

عەبدول و سەردار سکاڵایان لەسەر یەکدی تۆمار کردووە و کەسوکاری حاجی ئیدریسیش لەسەر هەردوولا. پۆلیس 13 کەسی بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کردووە کە لە کاتی کوشتنی حاجی ئیدریسدا لەوێ بوون. شەش کەسیش بەپێی مادەی 413 دەستگیر کراون.

پۆلیس دەڵێت لە شەڕەکەدا چەک بەکارنەهاتووە، شەڕەکە بە دار و بەرد و خاکەناز و تەور و پاچ کراوە.

(ڕووداو) پەیوەندی بە کەسوکاری حاجی ئیدریس و سەردار و عەبدولەوە کرد، بەڵام کەسیان ئامادە نەبوون قسە لەسەر کێشەکە بکەن.

عیمران شەمسەدین کە دراوسێی ماڵی حاجی ئیدریسە و ئاگاداری شەڕەکە بووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕۆژە شەڕ لە نێوان ماڵی عەبدول و سەردار ڕوویدا، شەڕەکە لەسەر مەترە زەوییەک بوو. زەوییەکە هی عەبدول بوو، دەیویست دیواری لەسەر دروست بکات، بەڵام سەردار ڕێگەی نەدابوو، گوتبووی پێش دووکانەکەی من دەگرێت".

بە گوتەی عیمران، ئەو کێشەیە دەمێکە لە نێوان هەردوو دراوسێدا هەیە، هیچ کامیشیان تەنازولی بۆ ئەوەی دیکەیان نەدەکرد. بە تایبەتی سەردار زۆری پێداگری کردووە کە عیمران ئەو دیوارە دروست نەکات، چونکە پێیوابووە کاریگەری لەسەر بازاڕی ئەو دەبێت. عیمران دەڵێت: "ئەوە یەکەم جاریان نەبوو دەمەقاڵێ لەسەر ئەو مەترە زەوییەکە بکەن. پێشتریش چەند جارێک بەشەڕ هاتوون و دراوسێکان نێوبژیوانییان کردوون".

عیمران باسی دوایین شەڕی نێوان ئەو دوو دراوسێیە دەکات و دەڵێت: "نزیکی سەعات 10ی بەیانی بوو. عەبدول خەریک بوو دیوارەکە دروست بکات. من لە نزیک دووکانی سەردار وەستابووم. سەردار گوتی قەت ڕێگەت پێنادەم ئەو دیوارە دروست بکەی و بوو بە شەڕیان، دراوسێکان هەوڵیاندا نێوبژیوانییان بکەن، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە پۆلیسیان ئاگادار کردەوە. پۆلیس هات و کۆتایی بە شەڕەکە هێنا و شەش کەسی دەستگیرکرد".

دوای ئەوەی پۆلیس کۆتایی بە شەڕەکە دێنێ، عیمران دەچێتەوە ژوورەوە، بەڵام پاش سەعاتێک دیسان لە کۆڵان دەبێتەوە بە شەڕ.

عیمران گوتی: "کە چوومە دەرەوە بینیم حاجی ئیدریس بەرەو لای شەڕەکە دەچێ، زۆر هەوڵیدا قسەیان لەگەڵ بکات، بەڵام ئەوان لە شەڕی خۆیان بەردەوام بوون، 13 کەس لە کەسوکاری هەردوولا هاتنە نێو شەڕەکە، هەر یەکەیان شتێکی بەدەستەوە بوو، دار، شیش، بێڵ، تەور و پاچ.. ئاگام لێبوو حاجی ئیدریس کەوتە سەر زەوی، هەموو گیانی خوێن بوو، بەڵام ئەوان لە شەڕی خۆیان هەر بەردەوام بوون، هەتا ئەوکاتەی دووبارە پۆلیس هاتەوە".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو) کەسوکاری سەردار و عەبدول داوایان لە ماڵی ئیدریس کردووە سوڵحیان لەگەڵ بکەن، بەڵام تا ئێستا کەسوکاری ئیدریس وەڵامیان نەداونەتەوە.

پۆلیس 13 کەسی بە تۆمەتی کوشتنی حاجی ئیدریس دەستگیر کردووە، بەڵام تا ئێستا نازانرێ حاجی ئیدریس بە دەستی کامیان کوژراوە.



پۆلیس 13 کەسی بە تۆمەتی کوشتنی حاجی ئیدریس دەستگیرکردووە

## تەندروستیی هەولێر:

# لە سلێمانی بەدەر لە ڕێنمایی گورچیلە بۆ ئوردنی و کوێتی دەچێنن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی بەدەر لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی، ڕێگە بە نەشتەرگەری بەخشین و چاندنی گورچیلە و جگەری چەند کەسێک دەدرێت. بەرپرسێک لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی هەولێر دەڵێت بەشێک لەو مامەڵە و نەشتەرگەریانەی چاندنی گورچیلە کە لە هەولێر ڕەتدەکرێنەوە، لە سلێمانی رایی دەکرێن. بۆ ئەمەش داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کراوە.

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی هەولێر کە لە ڕۆژی 2019/8/4 بۆ وەزیری تەندروستی نێردراوە، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی چەندین حاڵەتی ڕەزامەندی و نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە بۆ خەڵکی بیانی کراوە کە ئەمەش بەدەرە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی. تەنانەت دوو حاڵەتی بەخشینی گورچیلەش بە خەڵکی بیانی هەبوون.

زەینەب محەممەد فەرەج، بەڕێوەبەری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەماوەی حەوت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە پارێزگای دهۆک 128 کەیسی چاندنی گورچیلە هەبووە و چواریان ڕەتکراونەتەوە. لە هەولێریش 195 حاڵەتی چاندنی گورچیلە و 9 کەیسی چاندنی جگەر هەبووە کە هەموویان کورد و عەرەبی عێراقی بوون، هەروەها 23 حاڵەتی ڕەتکراوەشمان هەیە کە دەرکەوتووە بۆ پارە دەیکەن، یان دوای ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی دەرهێنانی گورچیلە لەسەر نەخۆش، کەسەکە پەشیمان بووەتەوە".

> **لە حەوت مانگی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان 520 نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە کراوە**

لەبارەی حاڵەتەکانی نەشتەرگەریی چاندنی گورچیلە لە سلێمانیش، زەینەب محەممەد دەڵێ: "لە سلێمانی لەماوەی 7 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 206 کەیسی چاندنی گورچیلە هەبووە. لەو ژمارەیەش 17 کەسیان بەخشەرەکەیان ئێرانی بوون کە ئەمە بەدەرە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ئێمە لە هەولێر بەهیچ شێوەیەک جگە لە عێراقی گورچیلە لە خەڵکی دیکە وەرناگرین".

> **لە سلێمانی 19 نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە بەدەر لە ڕێنمایی کراون**

گوتیشی: "لە سلێمانی نەخۆشێکی کوێتی و یەک نەخۆشی ئوردنی گورچیلەیان بۆ چێندراوە کە بەخشەری گورچیلەکان هاووڵاتی عێراقی بوون، ئەمە زۆر مەترسیدارە و بەدەرە لە ڕێنمایی، چونکە نابێت هاووڵاتیی عێراقی بەهیچ شێوەیەک ئەندامانی جەستەی بە خەڵکی بیانی ببەخشێ".

بەگوتەی بەڕێوەبەری یاسایی تەندروستیی هەولێر، ئەوان تەنیا لە یەک حاڵەتدا نەشتەرگەرییەکە بۆ کەسی بیانی دەکەن کە نەخۆش و بەخشەرەکە خەڵکی یەک وڵات بن و کونسوڵخانەی ئەو وڵاتەش ڕەزامەندی لەسەر بدات "ئەگەرنا ڕێگە بە هیچ کەسێکی بیانی نادرێت لە هەرێمی کوردستان گورچیلە ببەخشێت یان وەرییبگرێ".

هەر لە نووسراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی هەولێردا هاتووە، بەشێک لەو مامەڵانەی لە هەولێر ڕەتدەکرێنەوە، دەبرێنە سلێمانی و لەوێ رایی دەکرێن. زەینەب محەممەد لەوبارەیەوە دەڵێ: "داوای لیژنەی لێکۆڵینەوەم کردووە لەسەر ئەوەی کە زانیاریمان هەیە هەندێک لەو کەیسانەی لە لیژنەکەی ئێمە لە هەولێر ڕەتدەکرێنەوە، دەبرێنە سلێمانی و لەوێ مامەڵەکانیان بۆ رایی دەکرێت و نەشتەرگەریی چاندنیشیان بۆ دەکرێت".

بەڕێوەبەری یاسایی تەندروستی هەولێر باس لە حاڵەتێکی دیکەش دەکات و دەڵێ: "بەشێک لەوانە مامەڵەکە لە سلێمانی دەکەن و دەیانەوێت لێرە نەشتەرگەریی چاندنەکە بکەن، کاتێک ئێمە داوایان لێدەکەین دووبارە مامەڵە بکەنەوە، نایکەن و دەچنەوە سلێمانی نەشتەرگەرییەکە دەکەن. یان خەڵک هەبووە لێرە مامەڵەی کردووە و ڕەتکراوەتەوە، بیستوومانە هەمان کەس چووە بۆ سلێمانی و لەوێ مامەڵە و نەشتەرگەریی چاندنەکەی بۆ دەکرێت، بۆیە داوام لە وەزیری تەندروستی کردووە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە پێکبهێنرێت".

> **هەندێک مامەڵەی چاندنی گورچیلە کە ئێمە ڕەتیدەکەینەوە لە سلێمانی رایی دەکرێن**
>
> بەرپرسێکی تەندروستیی هەولێر

بە گوتەی زەینەب محەممەد، ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی لەبارەی نەشتەرگەریی چاندنی گورچیلە و جگەر لە پارێزگاکان وەکو یەک جێبەجێ ناکرێت. ئەو گوتی: "لەسەر ئەو حاڵەتانە داوام کردووە بەپەلە کۆبوونەوەی لیژنەی پێدانی ڕەزامەندی بۆ چاندنی گورچیلە و جگەر بکەین، بۆ ئەوەی چیتر ڕێگە نەدرێت بەدەر لە ڕێنمایی کار لەو بوارە مەترسیدارە بکرێت و ڕێنماییەکان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک یەک بخرێن".

بەڵام فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی دەڵێن ئەوان هیچ ڕێنماییەکیان لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بۆ نەچووە تاوەکو کاری پێ بکەن.

فەریح تۆفیق محەممەد، لێپرسراوی بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە تاوەکو ئێستا ڕێنماییمان نییە و بەدەستمان نەگەیشتووە. هەروەها یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامانی لەشی مرۆڤ لە کوردستان کە ساڵی 2018 لە پەرلەمان دەرچووە، ئەوەی دیاری نەکردووە بەخشەر و نەخۆش دەبێت خەڵکی کوێ بن. ئێمە دوو جار داوای ڕوونکردنەوەمان لە لیژنەی باڵا کردووە بۆ ئەوەی بۆمان جیابکەنەوە و بزانین چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی بەپێی ئەو ڕێنماییانە کار بکەین".

> **داوای ڕێنماییمان کرد و وەڵامیان نەدایەوە**
>
> بەرپرسێکی تەندروستیی سلێمانی

بەڵام بەڕێوەبەرە یاساییەکەی تەندروستیی هەولێر دەڵێ "ساڵێک لەمەوبەر لە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا باس لەو بابەتە کراوە و خۆیشم بەشێوەی زارەکی چەند جارێک ئەو ڕێنماییانەم پێداون".

## مانگێکە فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە و باوکی تەسلیمی ناکات

# کوڕی بەرپرسێکی ئەمنی لە هەولێر لە دۆسیەیەکی کوشتن تێوەدەگلێ

**ڕووداو – هەولێر**

کوڕی بەرپرسێکی ئەمنی لە هەولێر لە دۆسیەیەکی کوشتن تێوەدەگلێ و دادوەر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەکات، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە. برای کوژراوەکە دەڵێت پلانی کوشتنی براکەی لەلایەن باندێکی حەوت کەسییەوە داڕێژراوە. ئەو چەکەی تاوانەکەشی پێکراوە هی کوڕی بەرپرسە ئەمنییەکەیە.

ڕۆژی 2018/7/3 کەسێک بەناوی هەژار عەلی کە ئەندامی کۆمەڵەی خوێنبەخشانی کوردستان بوو، لە نزیک گوندی جمکە و بن بێڵنج لەسەر ڕێگەی گوێڕ بە دوو ئۆتۆمبێلی BMWی ڕەنگ نیلی و لاندکرۆزەرێک، زیاتر لە دوو سەعات چاودێری دەکرێت و دواتر لەلایەن کەسێکی دەمامکدارەوە تەقەی لێدەکرێ و دەکوژرێ.

هەژار لەکاتی ڕووداوەکەدا دوو کەسی دیکەشی لەگەڵ بووە کە یەکێکیان کوڕی خاڵیەتی و ئەوەی دیکەیان هاوڕێیەتی، ئەوان شایەتن لەسەر ئەوەی کە بکوژەکە کەسێکی دەمامکدار بووە. کوڕە خاڵەکەی دەڵێت: "مولیدەی مەزرەعەکە تێکچووبوو، لەگەڵ هەژار چووین بۆ دوکانێک بەنزین بێنین، کەسێکی دەمامکدار هات و بە چەکی M4 دەستڕێژی گوللەی لە هەژار کرد و هەڵات".

ڕۆژی دوای ڕووداوەکە، یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانەی تاوانەکەی پێکرابوو دەدۆزرێتەوە. عەبدولقەهار عەلی، سەرۆکی کۆمەڵەی خوێنبەخشان کە برای کوژراوەکەیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژێک دوای کوشتنی براکەم بی ئێمەکە کە تاوانەکەی پێ کرابوو، لەسەر ڕێگەی کەسنەزان دۆزرایەوە و دەستی بەسەرداگیرا، دوای هەشت ڕۆژ لە ڕووداوەکەش (ر.ک) کە شوفێری ئۆتۆمبێلەکە بوو دەستگیر کرا".

(ر.ک) لە ئیفادەیدا بۆ پۆلیس باسی ئەوە دەکات کە بکوژی هەژار کەسێکە بەناوی (س.ی) و برای (ح.ی)ی سەرۆکی ئەو باندەیە کە هەژاریان کوشتووە. لاندکرۆزەرەکەش لەگەڵ ئەوان بووە و چاودێریی هەژاریان کردووە، بەڵام نازانێت کێ لەنێویدا بووە.

عەبدولقەهار دەڵێ: "ئەوانە باندێکن کە سەرۆکەکەیان (ح.ی)ـە، (س.ی)ی برایان لەگەڵ نەبووە. بەپێی زانیارییەکانی ئێمە (س.ی) لەکاتی ڕووداوەکە لە تورکیا بووە و کەسێکی دیکەی باندەکە براکەمی کوشتووە".

> **براکەم بە چەکی کوڕی ئەو بەرپرسە کوژراوە و لەکاتی تاوانەکە لەوێ بووە**
>
> برای کوژراوەکە

بنەماڵەی هەژار عەلی سکاڵایان لەسەر باندەکە تۆمار کردووە. عەبدولقەهار دەڵێ: "ئەو باندە لەلایەن چەند کەسێکی نێو دەزگا ئەمنییەکان هاوکاری و پشتگیری دەکرێن و لەکاتی تیرۆرکردنی براکەشم ئەو کەسانە پاسەوانی باندەکەیان کردووە".

دوای زیاتر لە ساڵێک کەسێکی دیکە کە ئامۆزای سەرۆکی باندەکەیە، دەستگیر دەکرێت و زانیاری لەبارەی کوڕی بەرپرسێک دەدات کە لەکاتی تاوانەکە لەگەڵ باندەکە بووە.

عەبدولقەهار عەلی دەڵێ: "پێش کوشتنی براکەم، کەسێک بەناوی (س.م.ع) 23 ساڵ کە ئامۆزای سەرۆکی باندەکەیە، هەڕەشەی بۆ ناردووە، چونکە پێیوابووە کە هەژار براکەی ئەوی بەناوی (ع.م) کوشتووە، بۆیە پێمانوابوو ئەویش دەستی لە تاوانەکەدا هەیە، ماوەیەکی زۆر چاودێریمان کرد، بەڵام شوێنی خۆی دەگۆڕی، ڕۆژی 2019/7/27 لە تۆبزاوا دۆزیمانەوە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان دەستگیر کرا، ئەو دانی بەوەدا ناوە کە 5 کەس لە تاوانەکەدا بەشدار بوون و بە دوو ئۆتۆمبێل چاودێری هەژاریان کردووە، دواتر لەنێو دوکانێکدا کوشتوویانە".

بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی دەست ڕووداو کەوتوون، (س.م) لە ئیفادەکەیدا گوتوویەتی: "من ئاگاداری کوشتنی هەژار نەبووم، ئەو ڕۆژە لە پرسەی مێری پوورم بووم، بەڵام (س.ی)ی ئامۆزام تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی هەژارم کوشتووە. هەریەکە لە (ح.ی)ی سەرۆک باند و (ب.هەمزە) کە کوڕی بەرپرسە ئەمنییەکەیە، لەگەڵ (ر.ک) کە ئێستا دەستگیرکراوە و (ش)یشیان لەگەڵ بووە کاتێک هەژاریان کوشتووە و هەموویان پێکەوە پلانەکەیان جێبەجێ کردووە، سەرۆک باندەکە و کوڕی بەرپرسە ئەمنیەکە پاسەوانییان کردووە، (ش) چەکەکەی داوەتە من و کوشتوومە".

لەو ئیفادەیەدا کە لە ڕۆژی 2019/7/28 لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لێی وەرگیراوە، (س.م) دەڵێ: "(س.ی) گوتوویەتی کە دوای کوشتنی هەژار لەگەڵ (ح.ی)ی برای و (ر.ک) چوون بۆ ماڵی (ش) لە عەربەت، بەڵام کوڕی بەرپرسەکە لەگەڵیان نەچووە و لە هەولێر ماوەتەوە".


(ح.ی) سەرۆکی باندەکە


هەژار عەلی، قوربانییەکە


کوڕی بەرپرسە ئەمنییەکە

لەبارەی ئەو چەکەش کە تاوانەکەی پێ کراوە، عەبدولقەهار عەلی گوتی: "کوڕە خاڵەکەم دەڵێ بکوژەکە بە چەکی جۆری M4 تەقەی لە هەژار کردووە، لە وێنەیەکیشدا ئەو چەکە بە دەستی کوڕی بەرپرسەکەوەیە، بۆیە ئێمە دڵنیاین ئەو چەکەی براکەمی پێ کوژراوە هی کوڕی بەرپرسە ئەمنییەکەیە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بە بڕیاری ژمارە 1839 لە ڕۆژی 2019/7/29 کە بۆ ئاسایشی گشتی ناردووە، داوا دەکات (ب) کە کوڕی بەرپرسە ئەمنییەکەیە، بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر بکرێت. عەبدولقەهار دەڵێ: "بەڵام تا ئێستا دەستگیرنەکراوە. باوکی ئامادە نییە ڕادەستی بکات".

پێشتر تابلۆی ئەو ئۆتۆمبێلەی تاوانی کوشتنی هەژار عەلی پێکراوە گومانی زۆری لەسەر دروست بووبوو، چونکە دوای چەند ڕۆژێک لە ڕووداوەکە ئۆتۆمبێلێکی دیکە بینراوە کە هەمان تابلۆی لەسەر بووە و دەستی بەسەردا گیراوە. هەروەها ڕۆژی 2018/11/28 کەسێکی دیکە بەناوی سەباح محەممەد کە بۆ سەردان لە ئەورووپا گەڕابووەوە، لە نزیک مەیدانی چەکفرۆشان لە کەسنەزان دەکوژرێت، دواتر دەردەکەوێت بکوژانی سەباحیش تاوانەکەیان بە ئۆتۆمبێلێکی BMWی ڕەنگ ڕەش کردووە کە ئەویش هەمان ژمارەی دوو ئۆتۆمبێلەکەی دیکەی لەسەر بووە. عەبدولقەهار عەلی دەڵێ: "دواتر دەرکەوت سەباحیش بە دەستی هەمان باند کوژراوە و کەسێک بەناوی (ب.س) پیلانی کوشتنەکەی داناوە کە هاوڕێی سەرۆکی باندەکەیە".

بەپێی قسەی عەبدولقەهار عەلی ئەو باندە زیاتر لە 10 ساڵە هەن، پێشتریش تاوانی کوشتنی دیکەیان کردووە: "ئەو باندە گەورەترین مافیان، ژمارەیان زیاتر لە 12 کەسە، سەرۆکی باندەکە (ح.س) کە چەند فەرمانێکی دەستگیرکردنی هەیە لە ساڵی 2009 کەسێکی بەناوی (ع.ک) کوشت، تا ئێستا ئەوەی دەزانرێت تۆمەتبارە بە کوشتنی 7 کەس".

برای هەژار عەلی دەڵێت: "ئەو باندە هەرچی کاری تاوانکارییە دەیکەن، قاچاخچیشن لە تورکیا و یۆنان. چەندین خێزانیان بەناوی بردنە ئەورووپا ڕووتاندووەتەوە و پارەیان لێوەرگرتوون، بێجگە لەوەش کاری دەرمان و هەموو شتێکی قاچاخ دەکەن".

(ڕووداو) پێشتر بەدواداچوونی بۆ دۆسیەی هەژار عەلی کردبوو، سەرچاوەیەکی ئەمنی ئەو زانیاریانەی نێو دۆسیەکەی پشتڕاست کردبووەوە و گوتبووی: "ئەو باندە بەئاشکرا هەژاریان لە ڕێگەی گوێڕ کوشتووە. دوای چەند مانگێکیش سەباح محەممەدیشیان کوشت. دوو ئۆتۆمبێلی BMW لەکاتی هەردوو تاوانەکە بەکارهاتوون، کە هەمان تابلۆیان لەسەر بووە، هەروەها ئۆتۆمبێلێکی دیکەی ڕەساسیش هەمان تابلۆی لەسەر بووە، بەڵام هێشتا دیار نییە ئەو ئۆتۆمبێلەش تاوانی پێکراوە یان نا".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "ئەو چەک و ئۆتۆمبێلەی تاوانی کوشتنی سەباح محەممەدی پێکراوە لە سۆران بە دەستی (ب.س)ـەوە بینراوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەو کەسە لەگەڵ (ح.ی) بەیەکەوە بوون، ئەوانە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەیە، بەڵام لە دەرەوەی عێراقن".

سەبارەت بە چۆنیەتی هاتوچۆکردنی ئەو تۆمەتبارانە بۆ هەرێمی کوردستان و دەربازبوونیان لەدوای تاوانەکان، ئەو سەرچاوە ئەمنییە گوتبووی: "ئەوانە بە نهێنی دەگەڕێنەوە کوردستان و هاوکاری دەکرێن تاوەکو تاوانەکە دەکەن، دواتر بە پاسپۆرتی ساختە دەرباز دەکرێن. زانیاریش هەیە کە سێ ڕۆژ پێش کوشتنی سەباح، (ح.ی) و (ب س) بەیەکەوە بوون و لەنێوان هەولێر و سلێمانی هاتوچۆیان کردووە، دوای تاوانەکەش (ح ی) بە پاسپۆرتێکی ساختەی ئێرانی و بە ناوی (ف.ن) کە وێنەی خۆی لەسەر بووە، هەرێمی کوردستانی بەجێهێشتووە، بیستووشمانە کە پاسپۆرتی ساختەی سووری و تورکی و عێراقیشی هەیە". دەشڵێت: "ئەوانە باندێکی قاچاخچی و قۆڵبڕن، وەکو مافیا کاری قاچاخچیەتی و ڕاوەڕووت دەکەن".



# بەر لە خەوتن ئەم کارانە زۆر گرنگن

**رووداو- برایت ساید**

لەکاتی خەوتندا جەستە نزیکەی 300-400 کالۆری دەسووتێنێ، توێژینەوەکان دەریانخستووە کوالێتی خەو رۆڵێکی گرنگ لە دابەزاندنی کێشدا دەگێڕێت، بۆ ئەوەی سوود لە خەوەکەت ببینی بۆ دابەزاندنی کێش، ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە:

## 1 پلەی گەرمای ژوورەکەت رێکبخە:

هەندێ لە توێژینەوەکان دەریانخستووە پلەی گەرمای 18 پلە لە ژووری نووستندا یارمەتیدەرە لە چالاککردنی زیندەچالاکییەکانی جەستە، بۆیە پزیشکان دەڵێن خەوتن لە کەشوهەوایەکی تاڕادەیەک سارددا بەبێ جل ڕێگەیەکی باشە بۆ سووتاندنی چەوری.

## 2 شەربەتی ترێ بخۆرەوە:

شەربەتی سروشتیی ترێ بەهۆی دەوڵەمەندی بە ماددەی (ڕێسڤێراترۆڵ) دەبێتە هۆی گۆڕینی چەوریی سپی بۆ چەوریی قاوەیی، لەکاتی نووستنیشدا جەستە چەوریی قاوەیی دەسووتێنێ بۆ گەرم هێشتنەوەی جەستە، بۆیە هەوڵبدە پێش خەوتن شەربەتێکی سروشتی بێ شەکری ترێ بخۆیتەوە.

## 3 کاتی خەوتنت رێکبخە:

کات و ماوەی خەوتن زۆر گرنگە لە ڕێکخستنی کێشدا، هەوڵبدە شەوانە لە کاتژێرێکی دیاریکراودا بخەویت و لە کاتژێرێکی دیاریکراویشدا بە ئاگا بێی، چونکە ناڕێکی کاتەکانی نووستن دەبێتە هۆی قەڵەوبوون.

## 4 ژەمی پرۆتین بخۆ:

بەر لە خەوتن سووکە ژەمێکی تەندروستی پرۆتینی بخۆ، ئەو خۆراکانەی بەسوودن بریتین لە ماستی یۆنانی و پارچەیەک پەنیر، ئەو خۆراکانە زیندەچالاکییەکانی جەستە خێرادەکەن و قەبارەی ماسولکەکان زیاد دەکەن.

## 5 لە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان دووربە:

بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان پێش خەوتن دەبێتە هۆی خەوزڕان کە ئەمەش هۆکارە بۆ زیادبوونی کێشی جەستە، بۆیە چەند کاتژێرێک بەر لە خەوتن بەکارهێنانی هەموو ئەو جۆرە ئامێرانە دووربە.



**هونەر ڕێبوار**

# کاکی شۆفێر لەسەرخۆبە

ئێوارەی رۆژی هەینیی لە سلێمانی دەگەڕامەوە، لە دووسایدی نێوان سلێمانی بۆ دووکان، ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا- پیکەب کە بە مەرزییە ناسراوە، پێشمکەوتەوە. پیکەبەکە پڕ لە سەرنشین بوو، تەنانەت لە بۆدیەکەشی دوو منداڵی تەمەن 6-8 ساڵان بەپێوە وەستابوون. پیکەبەکە هێندە بەخێرایی بە تەنیشتمدا رۆیشت! گومانم لە رۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکەی خۆم کرد و هەستم دەکرد من وەستاوم! دەزانن کاتێک ئەو دیمەنەم بینی چی هاتە پێش چاوم؟!

من رۆژانە لە نەخۆشخانە جیاوازەکانی فریاکەوتن قوربانیانی رووداوەکانی هاتوچۆ دەبینم، ئەگەر نەشمردبن، دەبینم کە قاچیان شکاوە و ناتوانن هەنگاوی پەشیمانی بنێن! دەیان منداڵ دەبینم بەهۆی بەرکەوتنی سەریان بە زەوی یان بە جامی ئۆتۆمبێل ئێستا چاوی جوانیان هیچ نابینێ! چەندین شۆفێر دەبینم لەکاتی رووداوی هاتوچۆ هەموو ددانەکانیان لەدەستداوە و ناتوانن پەنجەی پەشیمانی خۆیان بگەزن! یان کاتێ هاووڵاتی دەبینم کە لە رووداوێکدا دەستی دەشکێت و ئیدی ناتوانێ سووکانی ئۆتۆمبێلەکەی بە دروستی بگرێت!

رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەبارەی رووداوەکانی هاتوچۆ دەڵێت ساڵانە یەک ملیۆن و 300 هەزار کەس بەهۆی رووداوی هاتوچۆ دەمرن. نزیکەی 20-30 ملیۆن کەس بەشێوازی جیاواز بریندار دەبن. لەبارەی مەترسیی رووداوەکانیش لە سایتی فەرمیی رێکخراوەکەدا هاتووە: کەمکردنەوەی خێرایی چارەسەرێکی دروستە، چونکە تەنیا 1% زیادکردنی خێرایی، مەترسیی مردن 4% زیاد دەکات، واتە کاتێک کەسێک تووشی رووداوێک دەبێت کە ئۆتۆمبێلەکە خێراییەکەی 65 کیلۆمەتر بێت لە کاتژێرێکدا، مەترسیی مردن لەو رووداوەدا 4 جار زیاترە لە رووداوێک کە ئۆتۆمبێلەکە خێراییەکەی 50 کیلۆمەتر بێت لە کاتژێرێکدا.

رێکخراوی تەندروستی جیهانی داوای بەکارهێنانی کڵاوی سەلامەتی بۆ پاسکیلسوار و ماتۆڕسواران دەکات، چونکە مەترسیی مردن 42% و مەترسیی برینداربوونیش 70% کەمدەکاتەوە، بەڵام ئەو منداڵانەی نێو پیکابەکە ئەوەشیان نەبوو. بۆیە لەگەڵ هەر رووداوێکدا، یەکەم شت کە بەر زەوی دەکەوێ، سەری منداڵەکانە، بەمەش منداڵەکان دەبنە قوربانیی یەکەم، منداڵەکان لەو حاڵەتەدا ئەگەر گیان لەدەستنەدەن، ئەوە وەک پێشتر بینیومانە بێهۆش دەکەون.

## تاوانباری سەرەکی کێیە؟

لە رووداوێکی لەم شێوەیەدا ئەگەر منداڵێک ببێتە قوربانی و بمرێ، هۆکاری زۆر باسدەکرێن، لەوانەش: "خراپیی رێگەکان، ناسەلامەتی و نادروستیی ئۆتۆمبێلەکان، نەبوونی ژمارەی تەواوی تەختی خەواندنی نەخۆش لە بەشی چاودێریی چڕی هەناسەدان و زۆر شتی دیکە". بەڵام ئەوەی تاوانباری سەرەکی رووداوەکەیە، شۆفێرەکە خۆیەتی کە زۆرکات باسی ناکرێت، شۆفێر بۆ پاراستنی گیانی خۆی و سەرنشینەکانی، لەجیاتی ئەوەی لە شەقامێکدا کە سنووری خێرایی 60 کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا دیاریکراوە، 120 دەڕوات. وەک ئەوەی لە زۆرینەی راپۆرتەکانی پۆلیسی هاتوچۆدا دەبینین کە شۆفێرەکە بە خێراییەکی زۆر رۆیشتووە، دەتوانێت بە هێواشی بڕوات و مەترسییەکە نەهێڵێت یان لانیکەم کەمی بکاتەوە.

ئەو کاتەی ئۆتۆمبێلەکە بە تەنیشتمدا رەت بوو، خێراییەکەم 100 کیلۆمەتر بوو لە کاتژێرێکدا. بەڵام پیکابەکە هێندە بەخێرایی پێشمکەوتەوە کە رەنگە لەسەرووی 140 کیلۆمەتر لە کاتژێرێک بووبێت، ئەوکاتە بیرم لە گیانی منداڵەکان و سەرنشینەکان کردەوە. دەبێت ئەو منداڵانە تاوانیان چی بێت کە لە رووداوێکی ئاوادا ببنە قوربانیی خێرا لێخوڕینی شۆفێری نابەرپرس؟



# ئەو خۆراکانەی نابێت منداڵان بیانخۆن

**رووداو- برایت ساید**

ئەکادیمیای پزیشکانی منداڵان لە ئەمریکا رێنمایی دایکان و باوکان دەکات کە مەرج نییە منداڵەکانیان داوای هەر خواردن و خواردنەوەکیان کرد، ئەوان بۆیان بکڕن یان بۆیان ئامادە بکەن، چونکە هەندێک لەو خۆراکانە زیانیان زیاترە لە قازانج بۆ جەستە. ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو خۆراکانەن کە نابێت بدرێن بە منداڵ:

## خواردنەوە خراپەکان:

ئەکادیمیای پزیشکانی منداڵان دەڵێن منداڵان نابێت خواردنەوە گازییەکان، شەربەتە دەستکردەکان و سۆدا بخۆنەوە، چونکە ئەمانە هیچ بەهایەکی خۆراکیی گرنگیان تێدا نییە و تەنیا شەکری دەستکردیان تێدایە کە بەشێوەیەکی خراپ کار دەکاتە سەر تەندروستیی منداڵەکە.

## هەنگوین:

ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە خوار یەک ساڵەوەیە نابێت بەهیچ شێوەیەک هەنگوینیان بدرێتێ، چونکە جۆرێکی بەکتریا لەنێو هەنگویندایە کە دەبێتە هۆی نەخۆشخستنی، ئەمەش لەبەرئەوەی سیستەمی بەرگریی جەستەی منداڵەکە هێشتا پەرەی نەسەندووە، بەڵام دوای تەمەنی یەک ساڵی منداڵان دەتوانن هەنگوین بخۆن.

## خۆراکە لە قوتوونراوەکان:

رێژەیەکی زۆری چەوریی زیانبەخش و ماددەی پارێزەریان تێدایە کە مەترسیی تووشبوونی منداڵەکە بە چەندین نەخۆشی درێژخایەن زیاد دەکەن، لەوانەش شێرپەنجەی کۆڵۆن.

## چپس:

چپسی پەتاتە لەکاتی دروستکردنیدا سووردەکرێتەوە و بڕێکی زۆری خوێی تێدەکرێت، ئەمەش وزەیەکی زۆر بە جەستە دەبەخشێ، خواردنی بەردەوامی چپس، ئەگەری تووشبوونی منداڵەکە بە بەرزەپەستانی خوێن لە داهاتوودا زیاد دەکات.

## شیرینییەکان:

رۆژانە خواردنی بڕێکی زۆری شەکر جگە لەوەی زیان بە ددانەکان دەگەیێنێت و ئەگەری کلۆربوونیان زیاد دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی قەڵەویی منداڵەکەش کە ئەمەش هۆکارە بۆ تووشبوونی بە چەندین نەخۆشی درێژخایەن لە داهاتوودا.

## خۆراکە خێراکان:

بڕێکی زۆر چەوریی زیانبەخشیان تێدایە و هیچ بەهایەکی خۆراکیی ئەوتۆیان نییە، خۆراکە خێراکان وزەیەکی زۆر بە جەستە دەبەخشن، ئەگەری قەڵەوی، نیشتنی چەوری لەنێو لولەکانی خوێن، نەخۆشییەکانی دڵ و چەند جۆرێکی شێرپەنجە زیاد دەکەن.

## ئایسکرێم:

بەهۆی شەکری زۆر، چەوری و رەنگی دەستکرد لەنێویاندا، مەترسی لەسەر تەندروستیی ددانەکان و گورچیلەکان دروستدەکات، لەجیاتی ئەوە دەتوانرێت لە ماڵەوە لە میوەی سروشتی ئایسکرێم بۆ منداڵ دروستبکرێت.



# هەموو شتێک لەبارەی پووکانەوەی ئێسکەکان



**رووداو- مایۆکلینیک**

پووکانەوەی ئێسکەکان یەکێکە لە نەخۆشییەکانی ئێسک کە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن مەترسیی تووشبوون بەم نەخۆشییە زیاد دەکات. هەردوو رەگەز ئەگەری تووشبوونیان هەیە، بەڵام نەخۆشییەکە لەنێو ئەو خانمانەی دەگەنە تەمەنی نائومێدی بەربڵاوترە، بەوپێیەی هۆرمۆنی ئیسترۆجین لە جەستەیاندا کەمدەبێتەوە.

بەشێوەیەکی ئاسایی ئێسکەکان بەردەوام لە پرۆسەی نوێبوونەوەدان، ئێسکەخانە کۆنەکان تێکدەشکێن و ئێسکەخانەی نوێ جێگەیان دەگرنەوە. لە بیستەکانی تەمەندا ئەم پرۆسەیە زۆر بە خێرایی روودەدات، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا هێواش دەبێتەوە و ئێسکەکان چڕیی خۆیان لەدەستدەدەن و مەترسیی شکانیان زیاد دەکات.

فاکتەرە مەترسیدارەکان بۆ تووشبوون بە پووکانەوەی ئێسکەکان بریتین لە: رەگەز (خانمان زیاتر تووش دەبن)، هەڵکشانی تەمەن، ناهاوسەنگیی لە هۆرمۆنەکان (بەتایبەتی کەمبوونەوەی ئیسترۆجین و تێستۆستیرۆن)، گرفت لە رژێنی دەرەقی، کەمیی کالیسیۆم لە جەستەدا، بەکارهێنانی دەرمانەکانی وەک ستیرۆید و هەندێک جۆری دەرمانی شێرپەنجە و شێوازی ژیانی نادروست، لەوانەش وەرزشنەکردن و خواردنی خۆراکە نادروستەکان.

لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکانی بریتین لە پشتئێشەی بەردەوام، بڕبڕەکانی پشت دەچەمێنەوە و ئێسکەکان ئاسانتر دەشکێن.

بۆ دووربوون لەم نەخۆشییە دەبێت ژەمی خۆراکی تەندروست هەڵبژێریت، لەوانەش خواردنی ئەو خۆراکانەی بە پرۆتین و کالیسیۆم دەوڵەمەندن، هەروەها وەرزشکردن و وەرگرتنی ڤیتامین D و رێکخستنی کێشی جەستە لەڕێگە کاریگەرەکانن بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشیی پووکانەوەی ئێسکەکان.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# مادەی 140 دەبێتە مەترسی لەسەر کوردستان

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو قسەیە زیاتر بەسەر کورددا دەچەسپێت کە دەگوترێ کوردەکان ئەوەی لە مەیدانی جەنگ بەدەستی دەهێنن، لەسەر مێزی گفتوگۆ لەدەستی دەدەن. هۆکارەکەش ئەوەیە کە (گفتوگۆ، دانوستاندن) هونەرە، ئەگەر کورد لە هونەری جەنگدا شەرکەری ئازاش بن، لەم هونەرەدا کۆڵەوارن، بۆیە بەردەوام لە جەنگە هونەرییەکەدا شکست دەخۆن.

هەرچەندە هاوکێشەیەکی هاوتەریبە کە ئەگەر هێزێک لەسەر ئەرزی واقیع پێگەی بەهێز بوو، لۆژیک وایە لەسەر مێزی گفتوگۆش بەهێزبێت. بەڵام بۆ کورد زۆرجار ئەمە پێچەوانە بووەتەوە، جاری وابووە لەسەر ئەرزی واقیع باڵانسی هێز بەلای کورددا بووە، یان تا ئەندازەی یەکلابوونەوە کێشەکە لە بەرژەوەندیی کورد کەوتووەتەوە، بەڵام کە چووەتە گفتوگۆوە تووشی پاشەکشەی زۆر هاتووە.

ئەگەر تەماشای مێژووی نزیک بە سەت ساڵی ململانێ و خەباتی گەلی کوردستان بکەین لە عێراق، ئەم خەسڵەتە بەتەواوی بەرجەستە بووە. لە ساڵی 1925ـەوە بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە چوارچێوەی ویلایەتی مووسڵدا باشووری کوردستان بووە بەشێک لە عێراق، دوای کەمتر لە پێنج ساڵ لەوە، خەبات لەپێناوی دانپێدانان بە مافەکانی گەلی کوردستان و دیاریکردنی سنووری نێوان کوردستان و عارەبستان دەستیپێکرد. لەو ساتەوە تا کەوتنی سەدام کە نزیکەی هەشتا ساڵی خایاندووە، کورد بەقۆناغی جۆراوجۆری مەینەتی و چەوساندنەوەدا تێپەڕیوە. لە تەواوی ئەو مێژووەدا هەمیشە تەرازووی هێز بەلای بەغدادا بووە. بەڵام سەرباری لاوازیی پێگەکەی، کورد هیچ ڕێگایەکی پەسەند نەکردووە کە ئەنجامەکەی حەقی داواکردنەوەی ماف لە کورد بسێنێتەوە.

لە دوای کەوتنی سەدام ئەم هاوکێشەیە بەقازانجی کورد دەگۆڕێت، ئەمریکا وەک دۆست و پشتیوانی کورد کۆنترۆڵی عێراق دەکات، هێزی چەکداری عێراق هەڵدەوەشێتەوە، سەرانی ڕژێمەکەی دەستگیردەکرێن، حیزبە عەرەبییە سوننە و شیعەکان و سەرۆک و سەرکردەکانیان لاواز و ناکاریگەر دەبن. لەبەرانبەردا پێشمەرگە وەک هاوپەیمانی ئەمریکا دەردەکەوێ، سەرکردە کوردەکان دەچنە بەغدا و ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن لە سەرکردایەتیکردنی ئەو قۆناغە، کورد دەبێتە هاوبەشێکی سەرەکی بنیاتنانەوەی عێراق، لە کەرکووک و ناوچەکانی تریش، زەمینەی ئەوە خۆش دەکات کورد لەڕووی ئیداری و ئەمنی و ئابوورییەوە هەژموونی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ. بەڵام دەبینی کورد لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی لەگەڵ بەغدای ئەوکات کە هیچکات بەو ئەندازەیە لاواز نەبووە، نەک نەیتوانی ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع بەدەستی هێناوە بیچەسپێنێ، بەپێچەوانەوە بەنەخشەڕێگای چارەسەرێکەوە هاتەوە کە لەمادەی 140ی دەستووردا داڕێژراوە و دوور نییە ئەنجامەکەی بەجۆرێک بێت دواجار حەقی داواکردنەوەی مافیش لە کورد بسێنێتەوە.

دەرکەوت عەرەب لەکاتی نووسینەوەی دەستوور ئەگەر لەڕووی سیاسیشەوە لاواز بووبن، بەڵام لەڕووی یاساییەوە زۆر ورد و بەهێز بوونە. بەپێچەوانەشەوە کورد لە ڕۆڵبینینی سیاسی ئەوکاتی بەغدا چەندە بەهێز بوون، کەچی لەڕووی یاساییەوە نەشارەزا و لاواز بووە. دەرکەوت عەرەب زۆر لە کورد ستراتیژیتر بیریان کردووەتەوە و بە نەخشەڕێیەکی دەستووری بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە عێراق دەستی کوردیان بەستووە لە دەستبردن بۆ هەر چارەسەرێکی تر و پابەندیان کردووە بە مادەی 140ـەوە. لە ناوەڕۆکی مادەکەشدا بەجۆرێک تەڵەیان بۆ کورد ناوەتەوە کە بە هیچ جۆرێک نەتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات.

نەدەبوو بە هیچ جۆرێک کورد بەو چارەسەرەی مادەی 140 ڕازی بێت کە ڕاپرسی لەسەر ناسنامەی خاک بکرێت. چ لۆژیکێک لەپشتی ئەوەوەیە کە بەشێکی نیشتمانەکەت بەدرێژایی دەیان ساڵ کەوتبێتە بەر سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و تەعریب، تۆ ڕازیبیت بڕیاردان لە ناسنامەی ئەو نیشتمانە ببەستریێ بە دڵی دانیشتووانەکەیەوە. با گریمانەی ئەوە بکەین کە باوەڕ وابووە بەجێبەجێکردنی ئەو مادەیە دوای گەڕانەوەی ئاوارە و چوونەوەی عەرەب بۆ زێدی خۆیان و گەڕانەوەی قەزاکانی چەمچەماڵ و کفری و کەلار و خورماتوو بۆ سەر کەرکووک، لەو ڕاپرسییەدا کورد دەتوانێ دڵی ئەو خەڵکەی سەر خاکەکەی بەدەستبهێنێ، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەوە بەسەر وەفدی کوردیدا لەناو لیژنەی نووسینەوەی دەستوور تێپەڕیوە کە چارەنووسی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی تر ببەسترێتەوە بە کێشەی ئیداریی بەغدا و تکریت و ڕومادی و دیالە و نەجەف و کەربەلاوە؟ لەکاتێکدا بۆ کەرکووک ئەم گرفتە پەیوەندی بەناسنامەی نەتەوەیەکەوە هەیە و کێشەکە کێشەی خاکە، بەڵام هەموو گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی تری عێراق کێشەی ئیدارین.

کورد دەیتوانی لە هەندێ قۆناغدا مادەی 140 بۆ چارەسەری کێشەکان بە قازانجی خۆی بەکاربهێنێ، بەڵام دەرفەتەکانی لەدەستچوون و کێشەکان ئاڵۆزتر بوون. چەندە جێبەجێکردنی مادەکەش دوابکەوێ بە قازانجی عەرەبە. بە دەقیقی مادەی 140 وەک چارەسەرێکی پزیشکی وابوو بۆ نەخۆشییەکی درێژخایەن، ئەگەر لەکاتی پێویست بەکارنەبرێت و زۆر بمێنێتەوە، دەبێتە ژەهرێکی کوشندە بۆ نەخۆشییەکە. ئێستا دەبێت کورد لەوە تێبگات کە هێشتا کارکردن بە مادەی 140 کەمێک کاریگەری ماوە بە قازانجی کوردستان، بەڵام زۆر دواکەوتنی دەبێتە ئەو ژەهرە کوشندەیە.

ئێستا لە تەواوی ئەو ناوچە کوردستانیانەی دەرەوەی هەرێم کە مادەی 140 دەیانگرێتەوە، لە دەرئەنجامی خراپ سیاسەتکردن و خراپ ئیدارەدانیان کە 14 ساڵ بەدەستی کوردەوە بوون، هەروەها وەک لێکەوتەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، پێکهاتەکانی تر بەڕەهایی دەسەڵاتی کورد ڕەتدەکەنەوە. بەشێک لە کوردیش تا ئەو ئەندازەیە نیگەرانن کە مەیلی ئەوەیان نەماوە کورد حوکمیان بکاتەوە. جا مەترسییەکە لێرەدایە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو ئاراستەیە باڵا دەکات. بەغدا هەرکات دڵنیابوو لەوەی زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە لە ڕاپرسیدا دەنگ بە مانەوە لەگەڵ بەغدا دەدەن، بەدڵنیاییەوە هێزی جێبەجێکردن و سەپاندنی ئەو مادە دەستوورییەی هەیە و بەزۆریش بێت جێبەجێی دەکات. کە زۆرینەش دەنگیان لە دژی ئەوەدا بخرێنە سەر کوردستان، ئەوکات بۆ هەمیشە کورد مافی داواکردنەوەی ئەو خاکەی نامێنێ.

لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە ئەوکات چەمچەماڵ و کفری و کەلاریش لە ئێمە دەستێننەوە و هەمان سیناریۆ بۆ پارێزگای دهۆک و ئاکرێش پەیڕەو دەکەن، چونکە کورد خۆی ڕازی بووە هەموو ئەو دەستکارییە ئیداریانەی لە دوای ساڵی 1968 بەمەبەستی سیاسی کراون، وەک پێشتریان لێ بکرێتەوە. واتا لەبری ئەوەی بەمادەی 140 خاکی زەوتکراو بخەینەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەشێک لە خاکی هەرێمی کوردستانیش دەخرێتەوە سەر بەغدا و مەترسی دەکەوێتە سەر قەوارەی هەرێمەکەشمان.



هیوا جەماڵ

# هەڵەبجە؛ پارێزگای بە عاتیفە

هەرجارێک لە هەولێرەوە دەچوومە سلێمانی بەڕێی کەرکوکدا، لەسەر پردی ڕەحیماوا، تابلۆیەک دڵخۆشی دەکردم، لەپاڵ ئاماژەکردن بۆ سلێمانی لە تابلۆکە نووسرابوو پارێزگای هەڵەبجە، هەر بۆ یادگاری وێنەی تابلۆکەم گرتووە کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە نەماوە.

چوارشەممەی ڕابردوو لەگەڵ تیمی ڕووداو چووین بۆ هەڵەبجە، لەوێ بەشداریم لە دانیشتنی پێنجەمی بەدادگاگەیاندنی تۆمەتبارانی کیمیاباران کرد، ڕۆژی دادگاییەکە هاوکات بوو لەگەڵ ساڵیادی یەکەم دادگایی سەدام حوسێن لە ساڵی 2006، پێش ئەوەی دادگاییەکە لە هەڵەبجە دەستپێبکات، لەگەڵ تاقانەیەکی هەڵەبجەیی چوومە بازاڕ.

لە چوون و هاتنەوەمان، هەم لەو چایخانەیەش کە چایەکمان لێخواردەوە، چاومان بە چەندین هەڵەبجەیی کەوت، زۆر گفتوگۆمان کرد لەوماوە کورتەدا، بەڵام ڕستەیەک زۆر سەرنجی ڕاکێشام، هاوڕێ تاقانەکەم گوتی: "هەڵەبجە تەنها بە عاتیفە بووە بە پارێزگا"، قسەکانمان زۆر درێژەی نەکێشا، دادگاییەکە دەستیپێکرد، ئەوانەی ئامادەبوون هەندێ لە ساکالآکار و شاهێدحاڵی کیمیابارانی هەڵەبجە، تیمی پارێزەرانی سکالآکاران، (یەک لەوان پارێزەرێکی ئەمریکییە) و هەندێ میدیاکار. ئەوەی لە دادگاییەکە بۆم سەرنجڕاکێش بوو، پرۆسەی دادگاییەکە بە ساردی بەڕێوەچوو، ئەو خەڵکە زۆرە هەڵەبجەییەی لە باڵەخانەی دادگاکە بوون بۆ کاروباری خۆیان، ئەوانەشی لە بازاڕەکەی نزیکی لە چایخانە دانیشتبوون، نەهاتن بۆ ئاگاداربوون لە پرۆسەی دادگاییەکە، (ڕەنگە هەر نەیانزانیبێت کە دادگایی هەیە). لەوە سەرنجڕاکێشتر و جێی پرسیار ئەوە بوو، نوێنەری وەزارەتی شەهیدان و هیچ پەرلەمانتارێکیش لەوێ نەبوون.

با مەسەلەی دادگاییەکە لێگەڕێین و چاوەڕێی وەڵامی وەزارەت و پەرلەمان بین، بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو ڕستەیەی کە هەڵەبجە بەعاتیفە بووە بە پارێزگا. هەندێ پرسیارم کرد، گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئەرگۆمێنتێکی بەهێزە، ئەگەرچی حکومەتی عێراق بە بڕیاری ژمارە (568) لە 2013/12/31 هەڵەبجەی وەک پارێزگا ناساندووە، بەڵام هێشتا وەک پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ ناکات.

هەر لە چوارچێوەی ئەو بڕیارە و هەندێ بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا، حکومەتی عێراق هەندێ فەرمانگەی فیدراڵی ناردووە بۆ هەڵەبجە، هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرێتی گشتی کردووەتەوە، کۆی گشتی 22 بەڕێوەبەرێتییە، بەڵام ئەمانە نەبوونە هۆی بەفەرمی مامەڵەکردن لەگەڵی وەک پارێزگا.

حکومەتی عێراق فەرمانگەی پاسپۆرتی ناردووە بۆ هەڵەبجە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لەبەر بەپارێزگابوونیەتی، چونکە فەرمانگەی پاسپۆرت لە سۆرانیش کراوەتەوە کە قەزایەکی سەر بە هەولێرە، لە فەرمانگەی پاسپۆرتی هەڵەبجە کە کارمەندەکانیشی ڕۆژانە لە سلیمانییەوە دەچن، مامەڵەکان وەردەگیرێن و هەرلەوێ هاونیشتمانی پاسپۆرت وەردەگرێتەوە، بەڵام لەسەر پاسپۆرتەکە پارێزگای سلێمانی نووسراوە نەک پارێزگای هەڵەبجە!!

بۆ ئەوەی بەرنامەکەم لەوهۆڵەدا تۆمار بکەم کە پرۆسەی دادگاییەکەی تێدا ئەنجامدەدرا و تێیدا 20 کەسێتی و کۆمپانیا وەک تۆمەتبار دادگایی دەکران، ویستم مۆڵەت لە سەرۆکی دادگای هەڵەبجە وەربگرم بۆ ئەنجامدانی کارەکەم، سەرۆکی دادگا بەڕێزەوە وەڵامی دامەوە کە دەبێت پرس بەسەرووی خۆی بکات، کاتێ پرسیم سەرووی خۆتان کێن؟ گوتی دەبێت پرس بە سەرۆکی دادگای سلێمانی یان گوتەبێژەکەیان بکەین، ئەوەش جێی سەرنج بوو، ئەی هەڵەبجە پارێزگایەکی سەربەخۆ نییە؟ یانی سەرۆکی دادگای سلێمانی دەبێت پرس بە سەرۆکی دادگای هەولێر یان دهۆک بکات بۆ ئەوەی کارێک بکات؟ پاشان ئەوەم بۆ دەرکەوت، دادگای هەڵەبجە فەرمانگەیەکی سەر بە دادگای پارێزگای سلێمانییە!!

ئیدی لێرەوە نموونەکان زۆر دەبن، هەروەک لە یاسای بودجەی عێراق، هێشتا کە ناوی هەرێمی کوردستان دەهێنرێت، ناوی سێ پارێزگا دێت، جگە لەوەش خۆ هێشتا وەزارەتی ناوخۆی عێراق فەرمانی نەداوە تابلۆ بدات بە ئۆتۆمبیلەکانی هەڵەبجە.

ئەگەرچی لە 2013/12/31 ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق لە دانیشتنی ژمارە 45 دا پڕۆژە یاسای بەپارێزگابوونی هەڵەبجەی خستە دەنگدانەوە و بە وتەی پارێزگاری هەڵەبجە و نوێنەرانی کورد لە بەغدا، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کراوە و هەڵەبجە وەک پارێزگا لە حکومەتی عێراقیدا چوارچێوەیەکی یاسایی وەرگرتووە، ئەوەش پاش ئەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2013/8/7 بە بڕیاری ژمارە 7692 نامەی فەرمی ئاراستەی حکومەتی عێراق کرد، بەڵام هێشتا بە فەرمی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، کەواتە ئەو قسەیە ڕاستە کە هەڵەبجە بە عاتیفە پارێزگایە.



د. زوبێر ڕەسوڵ

# هەنگاوەکانی حکومەتەکەی "برا گەورە"

زاراوەی برا گەورە، لای بەشێکی زۆری پارتیەکان بۆ بەڕێز مەسرور بارزانی بەکاردێت. لە ئەدەبیاتی سیاسی کورد و جیهانیشدا زاراوەکانی برا، کاک، مام، هاوڕێ، هەڤاڵ، هاوبیر و.. تاد، جگە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەی ڕەهەندێکی سیاسیشیان هەیە. بۆ نموونە زاراوەی ڕەفیق، یان هاوڕێ تا ئێستاش لەناو ڕیزی گشت پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهاندا بەکاردێت. زاراوەی "برا گەورە" لە ئەدەبیاتی کوردیدا گوزارشتە لە کەسێک کە ئەرکێکی سەرەکی خانەوادەکەی یان گروپێک لەئەستۆ دەگرێت، لە هەمانکاتدا دەسەڵاتیشی پێدەبەخشێت و دەبێتە جێگای هیوا و ئومێدی کەسەکانی. کەچی بەپێچەوانەوە ئەو چەمکە لە ڕۆمانەکەی جۆرج ئۆروێڵدا (1984) گوزارشتێکی دکتاتۆریانە و نێگەتیڤی هەیە، بەڵام من لێرەدا کارم بە گوزارشتە نێگەتیڤەکەی نییە، ئەوەی کارم پێیەتی گوزارشتە کوردیەکەیەتی کە پڕە لە ئەرک و بەرپرسیارێتی بەو مانایەی دوای نزیکەی سێ دەیە لە چاوەڕوانی، کەسێک یان چەند لایەنێکی سیاسی چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت ئەو وڵاتە بخەنە سەر ڕێگای حوکمڕانیی دروست، واتا گەر هیچ نەبێت بناغەیەکی سیاسی، ئابووری، یاسایی و دەوڵەتداری بۆ دابنێن کە بەداخەوە تائێستا ئەو بناغەیە نەبووە. بۆ نموونە، کوا بناغەی کەرتی کشتوکاڵ، گواستنەوە و گەیاندن، کارەبا، پیشەسازی، تەندروستی، ژینگە و.. تاد. ئەوەی هەیە تا ئێستا تەنیا بناغەی کەرتی وزەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی وزە دەتوانێت پارەیەکی خێرا و کاشی زۆر بخاتە دەست حکومەتەوە. ئابووریی هەرێم تا ئێستاش هیچ بنەمایەکی زانستی ئابووری نییە، بەڵکو لە کورتترین واتادا بریتیە لە بەفیڕۆدانی هەڕەمەکیانەی سامان و داهات.

## هەنگاوەکانی چاکسازی چۆن دەڕۆن؟

سەرەتای هەنگاوەکانی هەر حکومەتێکی تازە بۆ ڕای گشتی زۆر گرنگن، چونکە یەکەم ئینتباعی خەڵک لەسەر حکومەت دروست دەکەن، لەڕووی سایکۆلۆجیشەوە ڕای زۆربەی خەڵک لەسەر حکومەت لە یەکەم هەنگاوەوە دروست دەبێ.

"برا گەورە" سەرەتا بە کارنامەیەکی پوخت و ئومێدبەخش هاتە مەیدانەوە کە لەڕاستیدا هەموو بڕگەکانی کارنامەکەی گوزارشت بوون لە ناخی خەڵک. هەرچەندە هێشتا زۆر زووە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئەم حکومەتە، بەڵام وەک ئەکادیمیستێکی ئەو بوارە دەتوانم بڵێم کە گشت هەنگاوەکان هەتا ئێستا بە ڕێگای دروستدا دەڕۆن. هەوڵی جددی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، تەبەنیکردنی پرۆژەی چاکسازی و بە تایبەتیش دەستکاریکردنی پلەی خانەنشینی و پێداچوونەوە بە پلە تایبەتەکان، گەڕانەوەی سەرجەم داهاتەکانی وەزارەتەکان بۆ خەزێنەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە لەمەودوا هیچ وەزارەتێک بۆی نەبێت بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی ئەو پارەیە خەرج بکات، بەکارنەهێنانی موڵکی گشتی و گەڕاندنەوەی بۆ حکومەت. ڕاستە ئەمانە هەمووی هەنگاوی سەرەتایی ڕاستکردنەوەی بواری حوکمڕانین لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام دەبێت لەبیرمان نەچێت کە هەر بڕیارێکی گەورە بە هەنگاوێکی بچووک دەستپێدەکات. بۆ پاڵپشتیکردن لەو هەوڵانە دەبێت خەڵک لە ورد و درشتی ئەو پرۆسەیە ئاگادار بێت و زوو زوو ئەنجامەکانی بخرێنە ڕوو بۆ ڕای گشتی، هەر لایەنێکیش بەربەستی بۆ دروستبکات حکومەت دەتوانێت پەنا بباتە بەر ڕای گشتی کە پاڵپشتێکی گەورەی پرۆسەی چاکسازیە بۆ ئەو حکومەتە. قسە شکاندنی سەت کۆنە وەزیر و ڕاوێژکار زۆر باشترە لە دۆڕاندنی متمانەی چەند ملیۆنێک هاووڵاتی. لەڕاستیدا دەرفەتێکی زێڕین لەبەردەم ئەو کابینەیەدایە کە مێژوویەک بۆ خۆی تۆمار بکات.

## کێ دەتوانێ نوێنەری بارزانی بێت لە بەغدا؟

گومانی تێدا نییە کە کورد لە بەغدا کاریگەریی جارانی نەماوە بەسەر پرۆسەی سیاسییەوە، بە نەمانی مام جەلال کەلێنێکی گەورەی تێکەوت، لە دوای نوشستیەکەی شانزەی ئۆکتۆبەریش گەیشتە لووتکە. هەندێک پێشنیاز دەکەن ئەو ڕۆڵەی جارانی مام جەلال بە دکتۆر بەرهەم بسپێردرێت. لەڕاستیدا نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا نە بە دکتۆر بەرهەم و نە بەهیچ سەرکردەیەکی تریش دەکرێت. ئەو قۆناغە بەسەرچوو لایەنە کوردیەکان گوێڕایەڵی یەک سەرکردە بن. ئەو قۆناغە سیاسەی ئێستا لە بنەڕەتدا بە ئاراستەی یەکدەنگیی نەتەوەیی و مەزهەبی نییە. دابەشکردنی پێکهاتەکانی عێراق بە پێوەرە کۆنەکانی پێشوو، واتا سێکوچکەی شیعە، سوننە کورد، ئێستا کێشەی تێکەوتووە، چونکە دابەشبوونەکە چیتر تەنیا لەسەر ئەو بنەمایە نییە، خودی سێ پێکهاتەکان چەندین دابەشبوونیان تێکەوتووە. لەلایەکی ترەوە بەشی هەرە زۆری هێزی هەر سەرکردەیەکی سیاسی لە خودی حزبەکەی خۆیەوە دێت، ئاشکرایە دکتۆر بەرهەم ناتوانێ سەرچاوەی یەکخستنی ناو حزبەکەی خۆیشی بێت چجای هی کورد. دواتریش سەرەڕای ئاشتبوونەوەی پارتی لەگەڵ دکتۆر بەرهەم، بەڵام هێشتا بەستەڵەکی نێوان پارتی و دکتۆر بەرهەم نەتواوەتەوە. خودی پارتیش ئامادە نییە ئەو ڕۆڵە بداتە دکتۆر بەرهەم. بۆ دەربازبوون لە بەشەخسەنەکردنی پێگەکانی حوکمڕانی کە لە پێشوودا کورد زۆر زیانی لێ بینیوە، دەکرێت ئەم ڕۆڵە بدرێت بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کە لە بەغدا ڕۆڵی مەرجەع ببینێ بۆ کورد. ئەم پرسە سیاسی و یاساییانە دەبێت بە دامەزراوەیی بکرێن ئەگەرنا کورد هەر لە دەوری یەک بازنەی داخراودا دەسووڕێتەوە. پەرلەمان بە حوکمی ئەوەی نوێنەری هەموو پێکهاتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی تێدایە، دەکرێت ئەو ڕۆڵە ببینێ. لەو چوار ساڵەدا گرنگە کار بۆ ئەو پرسە بکرێت، چونکە پەرلەمانتارەکانی کورد لە بەغدا بە دەنگی خەڵکی هەرێمی کوردستان چوونەتە بەغدا و دەبێت پارێزەری بەرژەوەندییەکانی هەرێمیش بن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



مەجید نیزامەدین گلی*
بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# بۆچی رقیان لێمانە؟

خەتای ئێمەیە. مەبەستم لە "ئێمە" کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و ملیۆنان کورد نییە کە هێشتا رای گشتی عێراقی بەچاوی گومانەوە تەماشایان دەکەن و، گومانم نییە کە لە داهاتوودا بەشێکی کۆمەڵگەی عەرەبی عێراق ئامادەبن ئەنفال و زیاتریش بەرامبەر کورد دووبارە بکەنەوە. مەبەستم لە"ئێمە" نوخبەی سیاسی و ئابووری و بەتایبەتی میدیایی کوردستانە کە بەکۆمەڵ خەتابارین. لە خوارەوە باسی گرنگی وەڵامدانەوە پرسیاری "بۆچی رقیان لێمانە؟" دەکەم کە لە ئەدەبیاتی ژمارەیەکی زۆر وڵاتدا هەیە، بەڵام لە گرنگی وەڵامی ئەو پرسیارە تێناگەین تاوەکو لەم راستییە تێنەگەین.

کورد کەمینەیە. تاوەکو بەشێکی عەرەب و تورک و فارس هاوسۆزیان بۆ ئێمە نەبێت یان لانیکەم مێژووی ئێمە نەزانن لە هەڕەشەی کۆمەڵکوژی و لەنێوچوونداین و پێویستمان بە یارمەتی نێودەوڵەتی دەبێت. تەنیا پشتبەستن بە یارمەتی نێودەوڵەتی دەرئەنجامەکەی 16ی ئۆکتۆبەر و عەفرینە.

بەڵێ دەکرێت زۆرینەی عێراقی و ئێرانی و سووری و تەنانەت تورکیش هاوسۆزیان بۆ کورد هەبێت، یان لانیکەم بە چاوی دووژمن تەماشامان نەکەن. منیش جاران لەوباوەڕە بووم کە رقی ئەوان ناسڕێتەوە. منیش لەو باوەڕەدابووم کە چەک و پارە و سیاسەت تاکە رێگەن بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەوە بکەین کە ئەنفال دووبارە نەبێتەوە. منیش بە چاوی نووسەر و بیرمەندەکانی رۆژئاوایی تەماشای دۆزی کوردم دەکرد و پێموابوو وەک ماکیەڤێلی تەنیا سیاسەت دەخوات، یانیش وەک مارکس بیرم لە کاریگەری ئابووری دەکردەوە لەسەر سیاسەتی وڵاتان بەرامبەر کورد.

منیش لەو باوەڕەبووم کە پێویستە لە نەتەوەکانی دیکە فێربین بۆ ئەوەی ببینە دەوڵەت. یانیش وەک زۆربەی بەناو-رۆشنبیرانی کورد هەندێکجار لەو باوەڕەبووم کە هۆکاری سەرەکی شکستی ئێمە، کورد خۆیەتی. "کورد یەکگرتوو نییە" و "کورد خۆ خۆرە" و قسەی دیکە.

ئەو خەسڵەتانە لە هەموو نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە هەیە. ئینجا کە بەناو-رۆشنبیرێکی خۆمان دێتە ئەمریکا یان وڵاتێکی ئەورووپی دوو شتی جوان دەبینێ و دەڵێ "سەیری ئەمانەکە و کورد هیچ نییە و لەبەرئەوە نەبووینەتە دەوڵەت"، ئەوە رق لە خۆبوونە و دووبارەکردنەوەی قسەی نەیارانی کوردە. لە راستیدا دەستەبژێری کورد کێشەی رق لە خۆبوونی هەیە و زۆربەی نووسەرانی کورد لەو باوەڕەن کە زۆربەی ئەو کارەسات و شکستانەی بەسەر ئێمە هاتوون خەتای تاکی کوردە. وەک بڵێی لە خوێن و ناخی تاکی کوردستانیدا نوقسانییەک هەیە کە لە کابرای عەرەب و تورک و فارس دا نییە. ئەمەش دووبارەکردنەوە پروپاگەندەی بەعس و سیاسەتە شۆڤینیەکانی وڵاتانی دابەشکەری کوردستانە.

هۆکاری سەرەکی شکستی کورد بریتییە لە 1- جوگرافیای خراپ. 2- رێکەوت و شانسی مێژوویی خراپ. 3-رەگەزپەرستی نەتەوەکانی دەوروپشتمان.

ئینجا ئەو هۆکارە لاوەکیانەی دیکە دێن. ئەگەر یەکجار خەتای خۆمان بێت کە سەربەخۆ نین، ئەوە دە جار خەتای ئەوانیدیکە و جوگرافیا و چانسی خراپی مێژووییە.

کاتێک پێش زیاتر لە سەت ساڵ، دوای ئەوەی ئینگلیز رازی دەبێ لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد، لە پڕ ئەفسەرێک لە سوپای عوسمانی شکاو (ئەتاتورک) شۆڕش بەرپا دەکات و تورکیا بەهێزدەکاتەوە و بەهێزەوە دەچێتە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئینگلیز و ناوی کورد لە نەخشەکان دەسڕێتەوە، ئەوە چ خەتای باوباپیرانی ئێمەی تێدایە؟ ئەمە پێش هەموو شتێک رێکەوتێکی نەخوازراو بوو بەسەر کورد هات لە جوگرافیایەکی خراپ.

نە رووداوەکانی پێش نزیکەی سەد ساڵ و نە جوگرافیامان پێ دەگۆڕدرێت، بەڵام دەکرێ کار لەسەر دڵ و عەقڵی بەرامبەرمان بکەین. سەدان شەڕ و دەیان هەڵبژاردن و هەڵوێستی سیاسییەکان ئەوەندەی وێنەی عومەری خاوەر و ئالان کوردی کاریگەری نەبووە. من ناڵێم سیاسەت و چەک گرنگ نین، دەڵێم بەس نین.

ئێمە کەمینەین. تەنیا بە چەک و پشتگیری نێودەوڵەتی و دەنگی زۆر لە هەڵبژاردنەکان نایبەینەوە. پێویستمان بە گۆڕینی دڵ و عەقڵی بەرامبەرە. ئەرکی ئێمە لە نەتەوەکانی دیکە زۆر زەحمەتترە، لەبەر ئەو سێ هۆکارەی لەسەرەوە باسمکردن، نەک لەبەرئەوەی گرفتێک لە دی ئێن ئەی تاکی کورد دا هەیە.

## هۆکاری رقی ئەوان:

ئەوەی زۆرینەی تورک و فارس و عەرەب لەسەر کورد دەیزانێت، لەسەر زاری حکومەتەکانیانەوە فێربیوون.

بیهێنە پێش چاوت، ژمارەیەکی زۆری عەرەبی عێراقی لە ئازارەکانت تێبگەن. بزانن کە تۆ نە مشەخۆری نەوتی بەسرەی و نە بەکرێگیراوی ئیسرائیل و ئەمریکا. بەڵکو تۆ خاوەن ماڵیت و چەوسێندراویتەوە. لە هەشتاکان باوک و کەسوکاری ئەو هاتوون دایک و برای تۆیان لە گوندەکانی گەرمیان و بارزان کۆمەڵکوژ کردووە. تێبگەن کە کۆمەڵکوژی کورد یەکسان نییە بە لەسێدارەدانی ئەندامانی حیزبی دەعوە و سەددام حوسێن و رژێمەکەی تاکە بەرپرسیار نین لە ئەنفال. بەڵکو لە هەفتاکان سەدان هەزار رۆڵەی بەغدا و بەسرە بەشداربوون لە بە زیندەبەچاڵکردنی هەزاران کورد و، ملیۆنان عێراقی بێدەنگیان هەڵبژارد. بیهێنە پێش چاوت بەشێک لە رای گشتی عێراقی بتوانێ خۆی بێنێتە جێگەی تۆ و بڵێت "ئەگەر من کورد بوومایە، چۆن بیرم دەکردەوە".

ئەوکات زۆر شت ئاسانتر دەبن. لەجیاتی ئەوەی سووکایەتی بە کەسوکاری ئەنفالکراو و میدیای عێراقی هەڵدانەوەی گۆڕی کەسوکارمان پشتگوێ بخات، بەشێک لە شەقامی عێراقی لەوانەیە لەگەڵت بگرین یانیش لانیکەم نەفرەت لەو کوڕانەی نەجەف بکەن کە بە ئەیرامز لە کەرکووک لاشەی پێشمەرگەیان شێلا. بیهێنە پێش چاوت کە عەبادی و مالیکی و سیاسییە چاوچنۆکەکانی دیکە لە رێگەی دووژمنایەتی کورد دەنگ کۆنەکەنەوە.

دەزانم باوەڕناکەیت و لەوانەیە بڵێی ئەمە خەونە. تۆ بەڵگەی زیاتر لە سەت ساڵ رق و کۆمەڵکوژیت هەیە لە عەرەب و فارس و تورکەوە، بەڵام من باسی داهاتوو دەکەم. من باسی سەردەمێکی نوێی میدیا و تەکنەلۆجیا دەکەم. ئەگەر برادەری عەرەبت هەیە، لێیان بپرسە بزانە چ لەسەر ئەنفال دەزانن. زۆر زۆر بزانن ئەوەیە کە دەیان هەزار کورد کوژراوە. بەڵام دەیان هەزار یان 182 هەزاریش هەر ژمارەن. نە سۆز دەجوڵێنێت و نە وا دەکات کەس هەڵوێست دەربڕێت. هەر لەوانەیە زۆربەی کوردیش تاوەکو وێنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و جلوبەرگی ئەنفالکراوانی بارزان و کورپەکانی گەرمیانیان نەبینێ نەگریابن بۆ ئەنفال.

"وێنەیەک هەزار وشە دەهێنێت" زۆر راستە. لە فەرهەنگی زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە زوڵمیان لێکراوە یان تووشی هەڕەشەیەکی دەرەکی بوون، ئەم پرسیارە هەیە: "بۆچی رقیان لێمانە؟". تەنانەت لەم ئەمریکا زلهێزە دوای 11ی سێپتەمبەر، نووسەری بەنێوبانگی ئەمریکی فەرید زەکەریا ئەو پرسیارەی لە وتارێکدا کرد و پاشان کتێبێکی لەسەر نووسی کە یەکێکە لە پڕ خوێنەرترین بەرهەمەکان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. لە ئەدەبیاتی زۆر نەتەوەی دیکەش کاری زۆر لەسەر ئەو پرسیارە کراوە. گرنگە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، چونکە رق هەستە و هەستیش دەگۆڕێت. ئەم بۆچوونەم لە ئەزموونەوەیە. من رۆژنامەڤانم و هەروەها بەشێکی زۆری ژیانم لە شارێک بەسەر بردووە و کارم تێیدا کردووە کە ترلیۆنەها دۆلار تێیدا وەبەرهێنراوە لە پیشەسازیەک کە ئامانجی سەرەکی گۆڕینی عەقڵ و دڵە. نیویۆرک چەقی پیشەسازی میدیا و ریکلامە. لەهەمانکاتدا من لە کوردستان گەورە بووم. ئەوە نییە لەم دوورەم و ئاگام لە حالی خۆمان نەبێت.

بەشێکی وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ کورد ئەوەیە کە ئەوان مێژووی تۆ لە حکومەتەکانیانەوە فێربوون. ئەوان لە ئازاری تۆ تێناگەن و زۆر جار تەنیا هەڕەشە دەبینن. کورد وەک نەتەوەیەکی دیکەی رکابەر دەبینن نەک ملیۆنان مرۆڤ کە ئازادی و ژیانیان سنووردارکراوە، تەنیا لەبەرئەوەی لە کەرکوک، ئامەد، عەفرین و مەهاباد لەدایکبوون.

دوای زیاتر لە 15 ساڵ لە رووخانی بەعس و کرانەوە دەرگای بەغدا بۆ کورد، دەستەبژێری سیاسی و ئابووری و رۆژنامەڤانی کوردی خەتابارە کە تائێستا ئەفسەرێکی سامەڕایی وا دەزانێت ئاڵای کوردستان ئاڵای دووژمنە (وەک مانگی رابردوو بینیمان). ئەو رووداوە رەنگدانەوەی دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارترە کە داهاتووی سیاسی و ئابووری و میدیایی دەستەبژێری کوردیش دەخاتە مەترسییەوە.

## چارەسەر چییە؟

زۆر رێگە هەن کە دەتوانی وابکەیت کار لەسەر سۆز و هزری نەتەوەکانی دەوروپشتمان و وڵاتان بکەین و پردی پەیوەندی میدیایی و هونەری بکەینەوە.

دەکرێت هەوڵی ئەوە بدرێت کە دەنگی کورد لە میدیای چوار وڵاتە دابەشکەرەکەی کوردستان هەبێت، بەتایبەتی لە میدیای عێراقی و عەرەبی کە ئەو دەرفەت و ئازادیەیان تێدایە. هاندانی وەبەرهێنانی کوردی لە میدیای عێراقی و عەرەبی و نێودەوڵەتی یەکێکە لە چارەسەرەکان. حیزبەکانمان ژمارەیەک دەزگای میدیایی زمانی عەرەبیان هەیە کە دە کەس لە بەغدا بینەر و خوێنەری نییە، پارە بەفیرۆدانە. لەجیاتی ئەوە دەکرێت دەستبکرێت بە کڕینی بەش و وەبەرهێنان لە میدیای عێراقی و پاشانیش نێودەوڵەتی لەلایەن وەبەرهێنەر و دەستەبژێری کوردەوە.

رێگەیەکی دیکە ئەوەیە کە هەولێر بکرێتە سەنتەرێکی سەرەکی بۆ کاری میدیایی بیانی و عەرەبی. رێگەخۆشکردن بۆ ئەوەی میدیای عێراقی و عەرەبی و رۆژئاوایی بنکەی سەرەکی و نووسینگەیان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکەنەوە. و لەم سەردەمی سۆشیالمیدیا و هەرزانی دروستکردنی بەرهەمی میدیایی، دڵنیام رێگەی دیکەی زۆر هەیە بۆ ئەوەی چیرۆک و مێژووی راستەقینەی کورد بگەیێنیتە هاوڵاتیانی بەرامبەرمان. گرنگ ئەوەیە لەو راستییە تێبگەین کە دۆزی کورد تەنیا پرسێکی سیاسی نییە، بەڵکو گەورەترین بەربەست تێیدا رەگەزپەرستی و رقی بەرامبەرەکانمان و پێویستە کاری لەسەر بکەین و بە هەزار رێگەی جیاواز وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە "بۆچی رقیان لێمانە؟".



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سەردەمی سەرکردەی دەمڕووتە

جاران لەنێو کورددا وشەی دەمڕووت جوێن بوو. بەو کەسەیان دەگوت کە هێشتا سمێڵی نەهاتبێ و منداڵ بێ و ئەزموونی نەبێت. کەچی ئەم هەفتەیە رۆژنامەی (ئێن ئێر سێی هاندڵسبلاد)ی هۆڵەندی بە بایەخەوە لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردبووەوە و ئەنجامگیرییەکەی ئەوەبوو کە لە هەموو جیهاندا سەردەم سەردەمی سەرکردە دەمڕووتەکانە. ئەمە بۆ کوردستانیش راستە، بەڵام بە دیوێکی تایبەتدا.

سەرکردە نوێیە دڵخوازەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە: زۆر گەنجن و زۆرتر کچن و ئینگلیزیش دەزانن. بیر لە نادیە مورا بکەنەوە. لەوە گەڕێ کە خۆی پێ کورد نییە، بەڵام جیهان لەجیاتی هەموو ژن و پیاو و منداڵێکی قوربانیی دەستی توندئاژۆیی ئیسلامی، نادیە دەناسێت و وەک سەرکردەیەکی رێزلێنراو لە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی رێگەی دەدرێ قسە بکات. یان بیر لە مەلالە یوسف بکەنەوە، ئەویش دیسان کچە و گەنجە و ئینگلیزی دەزانێ و لەدنیادا بووەتە نوێنەری ئەوانەی لەپێناوی چوونە قوتابخانەدا زوڵمیان لێکراوە و داوای مافی خۆیان دەکەن.

یەکێک لەو نموونانەی دیکە کە دنیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و بە ملیۆنان کەس پێی کاریگەرن، گرێتا تونبێرگی سوێدییە. ئەو کچێکە تەمەنی حەڤدە ساڵە و لە سوێدەوە رێبەرایەتی تەڤگەرێکی جیهانی دەکات بۆ پاراستنی ژینگە. هەر لەژێر کاریگەریی ئەودا رۆژانی هەینی قوتابیان لە زۆر شوێنی جیهان نارۆنە قوتابخانە و چالاکیی ژینگەدۆستانە دەکەن.

راستییەکەی ئەوەی لە دنیادا هەیە بە رێکەوت روونەداوە و بەرهەمی دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێیە کە بەقەولی جاران سەرکردە دەمڕووتەکان نوێنەرایەتی دەکەن. ئەو سەردەمە وادەکات کە چیدیکە بۆ دڵدانەوە و هاندان گەنج نەیەنە پێشەوە، بەڵکو واقیعەکە ئەو هاتنەپێشەوەیەیان بچەسپێنێ. بۆیەش ئەوەی کە سەرکردەیەکی سەرسپی بڕوای بە توانای گەنج هەبێ و پشتیان بگرێ، چیدیکە لە جوامێری و باشیی سەرکردەکە نییە، بەڵکو لە ناچاری و خۆگونجاندنە لەگەڵ دۆخێک کە وردە وردە جێگەی ئەوی تێدا نامێنێتەوە.

نەوەی نوێ بە تەمەن هەڵناسەنگێنرێ. چونکە چیدیکە دایک و باوک تەنانەت لە پەنجا لەسەتی پەروەردەکردنیشیاندا رۆڵ و دەسەڵاتی نییە و نازانێ ئەوەی لە دنیای دیجیتاڵییەوە فێری دەبێ چییە و چۆن فێری بووە. من کوڕە سێ ساڵییەکەم هەندێک دەستەواژە و دەربڕینی ئینگلیزی بەکاردەهێنێ لەگەڵمان کە هەرگیز چاوەڕوان ناکەم بیزانێ. ئەو لەئێستاشەوە رای هەیە لەسەر هەموو شتێک و زۆرجار تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە ئێمە پێیدەڵێین و لێی چاوەڕوان دەکەین. بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە ئەو سەر بە نەوەیەکە خۆی زۆرتر لە دایکوباوکی خەریکی پەروەردەی خۆیەتی و کە گەورەش بوو، مەرج نییە بڕوای بە هیچ بەهایەک هەبێ لەوانەی بۆ نەوەی ئێمە پیرۆز و نەگۆڕن.

لە کوردستان لەبەرئەوەی ئەهلی خوێندنەوە کەمن و سۆشیالمیدیاش حیزبەکان مۆنۆپۆلیان کردووە، سەرکردەی گەنجی دیجیتاڵی بە کەمی دەردەکەون. بەڵام لەبەرئەوەی گۆرانی و میوزیک مۆنۆپۆل و بەحیزبیکردنیان سەختە، بۆیە دەبینیت سەرکردە گەنجەکان لەو بوارەدا دەردەکەون. ئەوەی نەڤید زەردی لە نوێترین گۆرانییدا باسیدەکات و دەڵێ کوردیش لەگەڵی رادێ و شەڕە دۆڕاوەکەی مەلاکەش لە دژی ماریا هەورامی نیشانەی ئەوەن کە فیگەری گەنج و یاخی و دەمڕووت لە کوردستان دێنە پێشەوە و "کوردیش لەگەڵیان رادێ".



ئازاد وەلەدبەگی

# عەبدولمەهدی وەکو دەرفەت

عادل عەبدولمەهدی لە 2018/10/25 لە ئەنجامی ناکۆکی و ململانێی نێوان هەردوو بەرەی ئەمەریکا و ئێران و لایەنە شیعییە ناکۆکەکان، وەک کاندیدی ناچاری، بازی بەخت لەسەر شانی نیشتەوە و بووە پێنجەمین سەرۆکوەزیرانی عێراق دوای ڕووخانی رژێمی بەعس. بە حوکمی پەیوەندیی دێرین و ئەرێنیی عەبدولمەهدی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان و تێڕوانین و تێگەیشتنی ئەرێنیی ئەو بۆ کێشەی کورد، هەڵبژاردنی ناوبراو هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە گەشبینی و خۆشحاڵی لەناو لایەنە کوردییەکان و خەڵکی کوردستاندا دروستکرد.

پاش 10 مانگ لە حوکمڕانی، عەبدولمەهدی بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا+ هەولێر و ناردنی بەشێکی بەرچاو لە مووچەی فەرمانبەران، بە شێوەیەکی ڕێژەیی هاوکار بووە لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەردوولا و جۆرێک لە متمانەی بۆ ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزانە گەڕاندەوە. هەرچەند ئەمە بە واتای چارەسەری هەموو کێشەکان نییە، چونکە هەڵوێست و هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستانیش وەک لایەنێکی دیکەی کێشەکە رۆڵی هەیە لە چارەسەری کێشەکان و نابێ ئەو ڕاستییەش لەیاد بکەین لە دۆخی ئەمڕۆی عێراق و ناوچەکەدا ڕەنگە چارەسەری یەکجارەکیی کێشەکان ئەستەم بێت، یاخود پێویستی بە کاتی زیاتر بێت.

هەڵبژاردنی عەبدولمەهدی بەو واتایە نایەت کە هەنگاو و سیاسەتەکانی بە تەواوی جێی ڕەزامەندیی لایەنە شیعییەکان و هێزە هەرێمییەکان بێت. بە سەرنجدان لەوەی عەبدولمەهدی بۆ خۆی خاوەنی هیچ فراکسیۆنێکی پەرلەمانی نییە، لایەنە عێراقییەکان و بەتایبەت شیعییەکان بەردەوام بۆ سەپاندنی داواکارییەکانی خۆیان لەسەری، هەڕەشەی لێسەندنەوەی متمانە و ڕووخاندنی حکومەتەکەی دەکەن. هەرچەند لەوانەیە بەشێکی ئەم هەڕەشانە کارتی گوشار بن، بەڵام ئەو ئەگەرەش بەدوور نازانرێت کە هاوپەیمانییەک لەنێوان لایەنە نەیارەکانی عەبدولمەهدی دروست ببێت و کۆتایی بە حوکمی ئەو بهێنن. یەکێک لە بیانووەکانی نەیارانی عەبدولمەهدیش بۆ دژایەتیکردنی، نەرمی نواندنی ئەوە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و ناردنی بەشێک لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمە بەبێ ڕادەستکردنی نەوت.

بەوپێیەی لە مانگی نیسانی 2020 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەڕێوەدەچێ، لایەنە عێراقییەکان هەر لە ئێستاوە کەوتوونەتە خۆیان و بە شێوازی جۆراوجۆر سەرنجی شەقامی عێراقی بۆ خۆیان ڕادەکێشن و بانگەشەی نافەرمیی هەڵبژاردن دەکەن. یەکێک لەو کارتە گرنگانەش کە لەم بانگەشەیەدا بەکاردێت، دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بڕینی ئەو بەشە مووچەیەیە کە بۆ هەرێم دێت.

لەم سۆنگەیەوە، هەرێمی کوردستان نابێت لە بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی غافڵ بێت و پێویستە عەبدولمەهدی وەک دەرفەتێک سەیر بکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و چارەسەرکردنی دۆسیە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. لە ئەگەری لێسەندنەوەی متمانە لە ناوبراو، ئەوا زۆر ئەستەمە جێگرەوەکەی کەسێک بێت لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان کار بکات. هەربۆیە پێویستە هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق هەوڵ بدەن بە یەکگرتوویی لە پشت عەبدولمەهدی بوەستن، چونکە وا چاوەڕوان دەکرێت کە مانەوەی عەبدولمەهدی لە حوکم دەرفەتێکی باشتر بڕەخسێنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا وەک مووچە و بودجە، چارەنووسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، دۆسیەی نەوت، هێزی پێشمەرگە و هتد.

لەلایەکی ترەوە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو بێت کە کات لە قازانجی ئەو نییە، چونکە ئێستا کار لەسەر پرۆژەیاسای بودجەی 2020 دەکرێت و لە ئەگەری نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر دۆسیەی نەوت، ئەوا دوور نییە کێشە داراییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا سەرلەنوێ سەرهەڵبدەنەوە، هەربۆیە دەبێ حکومەتی هەرێم زۆر بە جدی و خێرایی کار بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان. ئەوەی کە تا ئێستا بینراوە لە سەردان و لیژنە و لیژنەکاری تێنەپەڕیوە و چارەسەرێکی بنەڕەتی بەدی نەهاتووە. هەرێمی کوردستان لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی عادل عەبدولمەهدی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم و چارەسەرکردنی خێراتری کێشەکان، وا باشە هەتا ئەوپەڕی مومکین نەرمی بنوێنێ بۆ ئەوەی بەرە لەبن پێی ئەو کەس و لایەنە شۆڤینیانە دەربهێنێ کە شەو و ڕۆژ خەو بەوەوە دەبینن هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشە بسڕنەوە و زیان بە بەرژەوەندییەکانی بگەیەنن.

هەروا نابێت ئەو ڕاستییەش لەیاد بکەین، هەوڵدان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوولا بەو مانایە نایەت کە هەرێمی کوردستان هەموو هێلکەکانی بخاتە سەوەتەی بەغداوە، بەڵکوو گرتنەبەری سیاسەتێکی هاوسەنگ لەگەڵ لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بە میحوەرێتی بەغدا، دەتوانێ سیاسەت و ستراتیژێکی دروست بێت بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



## شەبنەم بارانی
# نۆڕینگەیەک لە کوردستان دەکاتەوە
10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12
rudaw@rudaw.net









